گوتتان ئاپۆین!.. جەودەت سەفی

من هەندێ جار پرسیارێک لێ ناخم سەر هەلدەدا. ئایا ئەو کوردەی کە بەوای بە خەی یان بە کورد نەماوە و هەندێک جاریش جوێن بە کورد یاخود بە نیشتمان دەدات لە ناخی خۆیدا مەبەستی چیە و دەیەوێت چیمان پێ بڵێ؟ چونکە ئەو کەسانە زۆرن و بەواش ناکەم هەر هەموویان خۆیان دەئاندبێ یان خائین بن یان هەڵخەڵەتاو بن. بۆگومان ئەو دیاردەیە بە هەموو کوردێك ناخۆش و دڵتەزێن و جێگەی نیگەرانیە. چونکە ئەو کەسانە کوردن و خوشک و برای ئێمەن.

من پرسیارێکم لا دروست بووە کە ئایا ئەو گەئانکارییانەی کە بەسەر هەست و بۆچوون و بەکار هێنانی وشەدا هاتووە لە لایەن زۆر تاکی کوردی کوردستانی خواروودا کە جۆرێك لە هەشبینی و ناباوەی پێیوە دیارە، ئایا بریتی نیە لە سەرەتای پرسەی ئاپۆینێکی ئاشتیانەی کەمایەتی بەرامبەر بە وزەیەک کە هەر هەموومان لێی نیگەرانین؟

بەڵام هەروەکو هەموو لایەک دەزانن کە زۆربەی تاکی کورد زیاتر لە ژێر کاریگەری ئەندێشە دا هەڵسوکەوت دەکات نەوەک بە بیر کردنەوە و هەڵسەنگاندن. چونکە هەروەك و پسیکەناڵیزی کورد کاك پۆڵا سەعید لە قیدیەکانی دا لە یووتوب لە ژێر ناوو نیشانی (ئایا تاکی کورد نەخۆشە؟) دا شی کردەتەوە، کورد بە دەربرینی تووەیی خۆیان لە سیستەمەکە هەندێکیان جوێن دەدەن نەك تەنها بە حیزبەکان و سەرکردەکان و حکومەتی هەرێم، بەکو جوێن بە کورد و بە کوردایاتی و بە کوردستانیش دەدەن. بۆگومان ئەو جوێندانە هەنگە بە شێوەیەکی کاتی پاڵەپەستۆی کەفوکۆی تووەییان هەور بکاتەوە، بەڵام ئایا من بڕم هەیە کە حوکمی ئەوە بدەم کە ئەو جۆرە کاسانە ئیتر کورد نین و خائینن؟

یاخود ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە دەربڕی جووڵەیەکی پڕ لە ژانی کەمەایەتین کە لە کوردستانی خواروو دا تاك پێوەی دەناڵێنێ؟

کام جووڵە؟
لە ڕوانگەی سەسیۆلۆژیەوە هەموو پرسیەکی گەئانکاریی تاقە کەسی یان کەمەیی بەسەر سێ قۆناغ دا تێدەپەڕێ کە بریتین لە: 1- قۆناغی بنیات نان، ٢- قۆناغی ڕووخاندن، ٣- قۆناغی دووبارە بنیاتنانەوە.

لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو دا کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بە تاک و حیزب و حکومەت و دەزگاو دامەزراوەکانی ناحکومیەوە، بگومان لە ژێر کاریگەری دەوروبەر و جیهان دا جۆرێك لە سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیمان بنیات نا، کە کێشەو سەرەای دەستکەوتەکان، کەم کێس لێی ڕازیە. بۆیە ڕەنگە خەڵکی کوردستان ئێستا بەبێ ئەوەی هەستیان پێکردبێ بە قەناغی دوەمی پرسەی گۆڕانکاری دا تێبپەڕن کە بریتیە لە ڕووخاندنی ئەو سیستەمە فیکریە کە هەموو خەڵک لێی ناڕازین، بەبێ ئەوەی بیانەوێ یان هەوڵ بدەن بۆ ڕووخاندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. چونکە من پێم وایە کە خەڵکی لە ناخی دڵی خۆیانەوە نایانەوێ قەوارەکە نەمێنێت. بەڵکو دەیانەوێ بگۆڕێت.

هەڵبەتە قەناغی ڕووخاندنس کۆمەڵایەتی قەناخێکی یەکجار سەخت و دژوار ولە ڕووی دەروونیەوە پڕ لە دژایەتیە. بەڵام قەناغێکە کە پێویستە و بە ناچاری هەر دەبێ پێیدا تێپەڕین پێش دووبارە بنیات نانەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا قەناغێکە کە پڕ لە موجازەفەیە بە تایبەتی بۆ کورد. چونکە لەو قەناغەدا خەڵکی ئاسایی ناڕازایەتی دەردەبڕن بۆ بۆ ئەوەی هەست بکەن کە خەریکی ڕووخاندنی شتێکن کە خۆیان و بۆ خۆیان بنیاتیان ناوەو هیواس دەیان ساڵەیان بووە.
لە لایەکی تریشەوە ئاگاداری ئەوەیان هەر نیە کە دووژمنان و ئەو لایەنانەی کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە دەتوانن و دەیانەوێ ئەو هەڵە بقۆزنەوە و پێش ئەوەی بڕەو قەناغی سێیەم بڕن کە دووبارە بنیاتنانەوەیە، ئەوا بڕەو ڕووخانی یەکجارەکی دەبڕن بە بڕاو کردنەوەی چەندین قایرەسی کوشندە وەکوو بڕەکەی گۆڕانەوە سەر بۆغدا و هتد.

بۆیە من پرسیارێک لە ناخم دا سەرهەڵدەدا ئەویش ئەویە کە ئایا حیزب و حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و خەڵکانی ڕۆشنبیری کورد لەو قەناغە هەستیارەدا دەبێ چۆن بیر بکەینەوە و چۆن خەمان یەک بخەین و چ هەنگاوێکی حەکیمانە بنێین بۆ ئەوەی ئەو قەناغە ناسک و ئاڵۆزە بە ئارامی بەسەر ببەین و بەرەو قەناغی دووبارە بنیات نانەوە بڕۆین؟ چۆن هەر هەموو لایەکان بۆیەکەوە ئاگاداری چۆنیەتی بەسەر بردن و بەڕێوەبردنی ئەو قەناغە ببین بە بۆ ئەوەی پێنجەی خائین درێژ بکەین بۆ هەر تاکێک کە تووڕەیی و ناڕەحەتی خەڵکی دەربڕی؟

لە بیرمان نەچێ کە ئەمە ئێستا بە قەناخی ڕووخاندن دا تێدەپەڕین بۆ ئەوەی بگەینە قەناغی دووبارە بنیاتنانەوەی سیستەمی

بیرکردنەوە، ئەوا دەبێ زۆر بە هۆشیاری و نەرمی و حەکیمانە بەرامبەر بە وی تر معامەلە بکەین و بە تایبەتی زۆر زۆر هۆشیار بین لە دووژمنانی کورد کە وەك و گورگ خۆیان ئامادە کردوە و چنگ و کەبەکانیان لە جاران تیژ تر کردووە بۆ هەخسانی هەر فرسەتێك بۆ لەناو بردنی ئەو قەوارە کوردستانیەی کە هیوای هە موو گەلی کوردستانە بە هەر چوار پارچەکەیەوە. چونکە ئەگەر زۆر هۆشیار نەبین لەوەی کە ئێمە لەبەردەم ترسناکیەکی زۆر گەورە داین لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری داو لە لایەکی دیکەشەوە دووژمنانی کورد لە هەموو لایەکەوە خەریکی بەلادا بردنی ئەو پرسیارەن کە دەماوەت دووبارە بنیاتی بنێنەوە، ئەوا دووژمنان هەموو تواناکانی خۆیان خستۆتە کار بۆ بکار هێنانی پسپۆری بواری جیاجیاکانی دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری!

ئیتر کاتی ئەوەهاتووە یان نا کە ئیتر هەر هەموومان ئەو پسپۆرە لە ناخمان و لەناومان دا وەلا بنێین کە چەندەها ساڵە بکاری دەهێنین بۆ شکاندنی یەکتر، کە بریتیە لە پسپۆری چاندنی تۆوی نەبوونی متمانە و ترس و ڕق و کینە لە یەکتر؟

من لەو باوەڕەدام، کورد کە خاوەنی گەورە ترین شارستانیەکانی وەکو هوری و گۆتی و لولوبی وکاشی و سۆمەری ومیتانی و ئیمپراتۆری میدیەکان و دەیان میر نشینەکان و فەرهەنگ و سەروەری و مێژوو و ئەفسانە و بەسەرهات و سەدان تەجروبەیین و خاوەنی هەزاران کەسی بە ئەمەکی ئەو خاکەن، هەم توانای یەکبوونمان هەیە و هەم دەمانەوێ. کەواتە ئیترئایا چۆن کاری لەسەر بکەین؟

جەودەت سۆفی

پەیوەندی نێوان نەمری و داهێنان لە شیعری (غەزەلێك

بەشی تێ ناکات)ی کەریم دەشتی دا.. نووسینی/ عەتا قەرەداخی

(١)

(غەزەلێك بەشی تێ ناکات) شیعرێکی نوێ شاعیر کەریم دەشتییە کە لە ژمارە 127ی گۆڤاری رامان دا بڵاوی کردۆتەوە . لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی ئەم شیعرە بکەین . سەرەتاش دەبێ ئاماژە بێ ئەوە یکەین کە کەریم دەشتی یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی نەوەکەی خۆی کە لە دوو ئاستدا تایبەتمەندی خۆیی هەیە کە یەکەمیان ئەوەیە ئەم شاعیرە خاوەنی جیهانبینی تایبەتی خۆیەتی و لەو بوارەشدا لە ئاستێکی قوڵدا کار دەکات و بە گشتی شیعری ئەم شاعیرە هەڵگری کێشەی پرسیاری گرنکن کە بواری جۆراو جۆری پەیوەست بە مەسەلەکانی بوون و ژیان و مردن و نهێنییەکانی ناخی مرۆڤ و پەیوەندی مرۆڤ و سرووشت و سەرجەم رەگەزو پێکهاتەکانی سرووشت دەگرنەوە و پرسیار لە گەوهەرو ماهیەتی مۆژوو کاریگەری و ڕۆڵی مۆژوو و ڕابردووەش لە سەر ئێستاو دەووری لە ئامادەکردنی ئێستاو بەدەستهێنانی داهاتوودا لە خاسێتە دیارەکانی پرسیاری شیعری ئەم شاعیرەن .هەروەك خاسێتێکی دیاری تری ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە ئەوەیە کە لە ڕووی فۆرمی شیعرییەوە بە یەك شێواز نانووسێت و هەست بەوە دەکرێت کە پەیوەندییەکی دیالکتیکانە هەیە لە نێوان جیهانبینی شیعری و شێوازی نووسیندا بە جۆرێکی ئەوتۆ هەست بەوە دەکرێت کە پرسیارو جیهانبینی دەقەکانی شێواز یان فۆرمی تایبەت بە خۆیان بەرهەم دەهێنن یان بە شێوەیەکی تر گونجاندنێك لە نێوان جیهانبینی شیعری و شێوازی نووسیندا پێکدێت و ئەوەش وای لێدەکات کە وەکو شاعیرێکی ئەزموونگەر بناسرێت .
یەکێك لە خاسێتە دیارەکانی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە ئەوەیە کە لە گەڵ هەڵکشانی کاتدا روانینی ئاشکراتر دەبێت و ئەم حاڵەتەش تەنیا لەسنووری روانین و جیهانبینی شیعریدا نامێنێتەوە بەڵکو دەپەرِیَتەوە بۆ ئاستی بنیادی شیعری و بە گشتی زمانی نووسین و وێنەی شیعری و فەزای شیعریش دەگرێتەوە کە دەتوانین بڵێین سەرجەمی ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنانی شیعر دەخاتە خزمەتی بەرهەم هێنانی شیعریەتەوە لە ئاستێکی باڵادا . هەروەك جێگای خۆیەتی ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە کەریم دەشتی سەرباری ئەوەی یەکێکە لەو چەند شاعیرە بە ژمارە کەمەی کە دەزانن چەمکی شیعر چییە دیسان لە ڕووی

بەرهەمهێنانی شیعریەت و دەقی زیندووەوە تاکو ئێستاش پێ بەرهەمترین شاعیری نەوەکەی خۆیەتی .ئەم شاعیرە لەو شیعرانەی کە لەم چەند ساڵەی دوایدا لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا باڵاویان دەکاتەوەو لە کۆمەڵە شیعری (سیفری ئاگر)یشدا تەواو بە زمانێکی سفت و مۆسیقایەکی دەوڵەمەندو هەندێ جار گەرانەوەش بۆ کێش و سەروایەکی سرووشتی دوور لە هەوڵ یان ویستی زۆرەملێ دەنووسێت .هەموو ئەم خاسیەتانەی کە لێرەدا ئاماژەمان بۆ کردن هەریەکە بە جۆرێك دەبینێ لە دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا . ئێستا دەتوانین بڵێین کەریم دەشتی ئەو شاعیرەیە کە تایبەتمەندی خۆیی هەیەو لە هەندێ ئاستی شێوازی نووسین و هەندێ چرکەساتی بەرهەمهێنانی شیعریەت و هەندێ مامەڵە کردنیدا نەبێت لەگەڵ هەماو ئەفسانە و ڕەگەزی مۆژوویدا کە جۆرە نزیکیەکی لەگەڵ ئەزموونی شیعری ئەنوەر قادردا هەیە ئیتر کاریگەری ئەزموونی شیعری کوردی پێش خۆیی پێوە دیار نییە ئەو کەمە نزیکیەش کە لە ئاستێکی لاوازدا لەگەڵ ئەزموونی شیعری زریانی ئەنوەر قادردا هەیەتی ناگاتە ئەو ئاستەی کە بەکاریگەری دابنرێت . هەر ئەم جۆرە سەربەخۆییەش وای کردووە کە کەریم دەشتی وەکو شاعیرێکی خاوەن دەنگ و ئەزموونی تایبەتی بە خۆی دەربکەوێت .

ناونیشان کە وەکو کلیلی کردنەوەی دەق سەیر دەکرێت و هەندێ جار دەبێتە ئەو ڕستە سەرەکییەی کە دەقێکی ئەدەبی یان هونەری لێی دەدوێت , ناونیشانی ئەم شیعرە (غەزەڵێك) دەمانگێتەوە بۆ ڕابردوو کە وشەی غەزەل لە شیعری کلاسیکدا بەکارهاتووە , دەشێ ئەوەش وەها لێك بدەینەوە کە کەریم دەشتی وەکو شاعیرێك توانیوێتی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان کەلتووری ڕابردووی ئێمەو گیانی سەردەم و نوێخوازیدا دروست بکات و بەکارهێنانی ئەم وشەیەش لەو تێوانینەوە سەرچاوە دەگرێت . بەڵام لێرەدا ناونیشان کە بریتییە لە (غەزەڵێك بەشی تۆ ناکات) شتێکی گشتییەو پێش شیکردنەوەی دەقەکە نە دەزانرێت ئەو کێیەو نە ئامانج لە گوتنی ئەو غەزەلەش ئاشکرایە , بەکۆچ (تۆ) و چ غەزەلیش دوو دەربڕین یان دوو ڕەگەزی گشتین کە دەشێ مەبەست لە (تۆ) هەر کەسێك بێت و مەبەست لە غەزەلیش دەشێ هەر جۆرە غەزەڵێك بێت تەنیا ئەوە هەیە لێرەدا کە وەهای لێك بدەینەوە کە مەبەست لەو (تۆ) خۆشەویست یان دڵدار بێت و مەبەست لە غەزەلیش پێشکەشکردنی یان نووسینی غەزەڵێك بێت بەو , بە تایبەتیش لە ناونیشانەکەدا جۆرە ئاراستە کردنێکی ڕاستەوخۆ هەیە بۆ کەسی دووەمی تاك هەرچەندە دەشێت ئەو ئاراستە کردنە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ واتە دەشێ سەرباری ئەوەی کە (تۆ) کەسی دووەمە بەڵام لە ڕووی فیزیکییەوە ئامادەبوونی نەبێت لە

بەرامبەر ئەوی شاعیردا بەکو لەسەر بنەمای ئامادەبوونی دەروونی یان مەعنەوەی لە هۆش و زیهن و خەیاڵی ئەمدا بەو جۆرە راستەوخۆیە بیدوەنێت.
سەرباری ئەم لێکدانەوەیەی سەرەوە بۆ ناونیشانی ئەم شیعرەیە, ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەو کەسەی کە غەزەلەکەی پێشکەش دەکرێت یان کەسێکی لەوە گەورەترە کە تەنیا بە پێشکەش کردنی غەزەلێك بگاتە ئاستی قایل بوون بەوەی کە حەقی خۆیی پێدراوە یان دەشێ ئەو کەسە خۆشەویستەکەی بێت کە بۆگومان ناشێت تەنیا غەزەلێك بەس بێت بۆ گوزارشت کردن لە خۆشەیستی ئەوو لە هەست و سۆزی ئەمی شاعیر بەرامبەری یان بە شێوەیەکی تر دەشێ وەهای لێکبدەینەوە کە ئەو واتە کەسی غەزەل پێشکەش کراو زۆر لەوە جوانترو مەزنترە لەلای ئەمی شاعیر کە بتوانێت بە تەنیا غەزەلێك گوزارشتی لێبکات ,یان خۆشەویستی خۆیی بۆ دەربڕێت .
(2)
تا دێ شەوم درۆژ دەبێ و رۆَژانم کورت
تا دێ خەونم گەورە دەبێ و پشتیشم کوڕ
تا دێ دەم کز دەبێت و زەینم فراوان
دەمەوێ بەرەو چیا بچم لە گۆڕ نزیك دەبمەوە
شاعیر لە دەستپێکی ئەم دەقە شیعریەدا کۆمەڵێك دووانە بنیاد دەنێت هەتا بیانکات بە بنەما بۆ دروست کردنی جۆرێك لە بەراود لە نێوان بارە تایبەتیەکانی خۆیدا و لەوێشەوە هەوڵدەدات دوو مۆژوو لە پاڵ یەکتردا دابنێت و لە هەمان کاتیشدا جیاوازی نێوان ئەو دوو مۆژووە بکات پەیوەست بە کەسێتی خۆی . مۆژویەکیان لە رابردووەوە یان لە تافی منداڵیەوە دەست پێدەکات تاکو ساتەوەختی بەرهەمهێنانی دەقەکە . مۆژووی دووەمیش لە ساتەوەختی بەرهەمهێنانی دەقەکەوە دەست پێدەکات بەرەو ئایندە . لە میانەی ئاماژە کردنەوە بۆ داهاتوو رووناکی دەخاتە سەر رابردووی خۆیی کەرابردوو بە گوێرەی ئەوو لە میانەی ئەوەی لە دەقەکەدا بەرجەستە کراوە قۆناغی لاوێتی و چالاکی جەستەیی و هەڵچوونی فیزیکی و سەردەمی پشت بەستن بەهێزو بەکارهێنانی هێزە . بەڵام ئایندە قۆناغی داماڵینی توانی جەستەیی و فیزیکی و چالاکی بەدەنی و هێزە , لە بەرامبەردا قۆناغی گەشەکردن و پەرەسەندنی عەقڵ و هۆش و زیهن و توانای لێکدانەوەیە .
وەك پێشتر گوتمان شاعیر لێرەدا کۆمەڵێك دووانە بنیاد دەنێت لەوانەش دووانەی (شەو/ رۆژ) ,(د/ زەین) , (چیا/ گۆڕ) یان (هەڵچوون/مردن) کە ئەمەی دواییان لە ئامێزی دووانەی (چیا/ گۆڕ)ەوە بەرهەم دێت .لە تەنیشت یەکتر دانانی ئەم دووانانە بۆ ئەوەیە کە وێنەی کەسێتکمان بۆ بەرجەستە بکات کە چۆن لە قۆناغێکی دیاری

کراوی ژیاندا دەگاتە ئەو ئاستەی کە بە شێوەیەکی واقیعانە بیر بکاتەوەو سەیری ژیان و دنیا بکات بە جۆرێك کە لە سەردەمی لاوێتیدا هەڵگری کۆمەڵێك حەزوو ئارەزوو ویستی دنیاییەو هێزو چالاکی و جۆشی فیزیکیش هەکارو جووڵنەری مرۆڤن بۆ ئەوەی لەو قۆناغەی تەمەندا بەو جۆرە رەفتار بکات . بەڵام کاتێ تەمەن دەچێتە سەرەوە و سەرچاوەی ئەو هێزوو جۆشە بەرەو لاوازی دەڕوات ئیتر قۆناغی گەڵانەوە بۆ لێکدانەوەو بیرکردنەوەو تێڕامان دەست پێدەکات . لێرەدا سەردەمی لاوێتی وەکو رۆژ نیشان دەدرێت و لەگەڵ هەڵچوونی تەمەندا ئەو رۆژە کورت دەبێتەوەو دیارە جەمسەری بەرامبەر بە رۆژ کە شەوە درێژ دەبێتەوە .کەواتە لێرەدا سەردەمی چالاکی جەستەیی و فیزیکی وەکو رۆژ نیشان دەدرێن و سەردەمی پیرێتیش کە سەردەمی کارکردنی عەقڵ و هۆش و بیرکردنەوەو لێکدانەوەیە بە شەو دەشوبهێنرێت .ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە لە گەڵ چوونە سەروەی تەمەندا رووبەری بیرکردنەوەو کارکردنی عەقڵ و هۆش فراوانتر دەبێت کە ئەمەش حاڵەتێکە لەگەڵ لێژیکی بوونی مرۆڤ لەگەردووندا دەگونجێت کە تەمەنی عەقڵ و لێکدانەوە لە ئاستێکی دیاری کراوی تەمەنی بایەلۆژیانەدا دەست پێدەکات .هەرچەندە لەو تەمەنەدا مرۆڤ بیەوێت وەکو سەردەمی گەنجێتی خۆی نیشان بدات ناتوانێت چونکە چەندێ تەمەن هەبکشێت مردن نزیکتر دەبێتەوە , ئەمەش دیسان ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە مرۆڤیش هەمان شێوەی سەجەم زیندەوەرانی تر مل کەچی یاساکانی سرووشتەو دوور لە ویست و ئیرادەی خۆی پیر دەبێت و دەشمرێت . بەڵام ئەوەی کە لەم دەقەدا بەرجەستە دەکرێت کە مرۆڤ لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا بەو ئەندازەی کە لە رووی فیزیکی و جەستەییەوە لاواز دەبێت لە رووی بیرو هۆش و لێکدانەوەو تێڕامانەوە بەهێزتر دەبێت ئەوەش بارێکی سرووشتییە .

تۆ وەك گیا وەك گەڵای پونگ
لە خەرەندی سەختی دڵی مندا شین بووی
بەڵام ئاخ وەکو تاوێر
بە دڵپی فرمێسکانم توایتەوە

لێرەدا (تۆ) دەشوبهێنرێت بە گیا و بە گەڵای پونگ کە هەردووکیان دوو رەگەزی نێو سرووشتن و هەڵگری خاسێتی جوانین و لە هەمان کاتیشدا کورت تەمەنن .لێرەدا تیشکێك دەخرێتە سەر شووناسی (تۆ) بە تایبەتیش کاتێ ئەمی شاعیر لەوە دەدوێت کە ئەو لە ناو دڵی ئەمدا کە بە شوێنێکی سەخت وەسفی دەکات , شین بووە , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە دڵی ئەمدا جێگایەکی گرتووە واتە ئەمی خۆشی دەوێت , کەواتە ئێستا کەسێتی (تۆ) کە لە ناونیشانی شیعرەکەدا غەزەڵك بەشی ناکات , بریتییە لە ئەوی خۆشەویست , بەڵام ئەم خۆشویستە

هەرچەندە وەکو تاوڕ وەسف دەکرێت کە دیارە تاوڕ مادەیەکی رەقەو هەروا بە ئاسانی ناتوێتەوە کەچی ئەو بە فرمێسکەکانی ئەم دەتوێتەوە . هەبەت ئەوە ئاشکرایە کە تاوڕ مادەیەکی ئەوتۆ نییە کە زوو بتوێتەوە بەڵام سەرباری ئەوەش ناتوانێت لەبەر فرمێسکەکانی ئەمدا خۆی رابگرێت , ئەمەش ئەو دەلالەتە هەدەگرێت کە فرمێسکەکانی ئەم فرمێسکی ئاسایی نین . دیسان ئەمەش ئەو دەلالەتە هەدەگرێت کە ئەم کەسێتیە کە دەنگی شاعیرە کەسێتیەکی ئاسایی نییە و دەشێ هەگری کێمەنی ئازارو ژانی سەختی ئەوتۆ بێت کە کاریگەری فرمێسکەکانی لە تواندنەوەی تاوڕدا بەجۆرێك سەختی و دژواری ژیانی خاوەنی فرمێسکەکە نیشان بدات .هەروەك لە هەمان کاتدا ئەوی دێدار هەرچەندە دەشوبهێنرێت بە تاوڕ بەڵام لە راستیدا دەشێ گەوهەرو ماهیەتێکی ناسکی هەبێت.

کە دەتڕێی هێندە بەرز دەبیتەوە
بە ئاستەم لەو ئاسمانە دیاری
کە ئاشتیشت دەکەمەوە هێندە نەوی دەبیتەوە
بە ئاستەم لە ژڕ زەمینەوە دەتبینم
چۆن بتگەمێ کە هەموو ژیانم
لە نێوان ئەو بەرز و نزمییە ئاوا دەبێ

شاعیر لە نێوان خۆی و ئەوی خۆشەویستدا وێنەی چەق و خولگە دەکێشێت کە خۆی دەبێتە چەق و ئەویش بە هێزێك پێوەی بەستراوە کە لە مەداری ئەمدا دەخولێتەوە . هەندێ جار ئەو لەو خولگەیە دەردەچێت ئەوەش کاتێك روو دەدات کە ئەو هێزەی کە بە چەقییەوە دەبەستێت لاواز بێت . لێرەدا شاعیر ئەم پەیوەندیە لە شێوازی یاسایەکی فیزیکیدا نیشان دەدات کە لە گەردووندا جگە لە هێزی راکێشانی زەوی هەریەکە لە هەسارەو ئەستێرەکانیش مەداری خولانەوەی خۆیان هەیە کە بەپێی یاسایەك رێکخراوە , دەرچوونی ئەو هەسارەو ئەستێرانەش لە مەداری خۆیان دەبێتە هۆی کارەساتی گەورەو ترسناك لە گەردووندا . بەڵام دەرچوونی ئەو لە مەداری ئەمی خۆشەویستی تا ئەندازەیەك دەشێ ببێتە هۆی ونبوونی . دیارە دەرچوونی هەسارەو ئەستێرەکان لە مەداری خولانەوەی خۆیان شتێکی مەحاڵ و چاوەڕوان نەکراوە , بەڵام دەرچوونی خۆشەویست لە مەداری خۆشەویستەکەی روو دەدات و لە خراپترین حاڵەتدا دەشێ ببێتە هۆی شکست هێنانی ئەو پەیوەندی خۆشەویستییەو ئاسەواری ئەو کارەساتەش رەنگە روویەرێکی تەسك داگیر بکات بەڵام ئەگەر لەسەر ئاستی هەموو کێمەگا و ژیان خۆشەویستی هەرەس بهێنێت ئەوا دەشێ خودی کێمەگاش بەرەو هەرەس و کارەسات بڕوات چونکە یەکێك لەو هۆکارانەی کە بەردەوامی دەدات بە ژیان خۆشەویستییە . ئەو کاتانەی کە ئەوی خۆشەویست لە مەداری خۆشەویستی دەردەچێت

نزیکه لەوەی که ون ببێت بەڵام هەر چۆن چەقی زەوی هەموو ششتێك بە هێزێك بەلای خۆیدا رادەکێشێت ئەمیش بە هێزی خۆشەویستی ئەو بەلای خۆیدا رادەکێشَت و دەیهێنێتەوە ژێر سنووری دەسەڵاتی خۆی .لێرەشدا ئەوی خۆشەویست وەها وەسف دەکرێت کەهەمیشە لە بارێکی ناسایدایە لە روانگەی ئەو شوێنەوە کە تیایدایە کە ئەویش بارێکی مامناوەندی نییە بەکو یان ئەوەتا هێندە بەرزە کە ناتوانێت بیبینێت یان ئەوندە نزم دەبێتەوە دیسان لە مەودای بینین دەردەچێت واتە دەکەوێتە خوار ئاستی بینینەوە , ئەمەش وادەکات کە ئەم نەتوانێت پێی بگات لە کاتێکدا ئەو لە نێوان دوو جەمسەری دوور لەیەکتردا دێت و دەچێت .لێرەدا لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەدا ئەو دەڵالەتە بەرهەم دێت کە وەستان لەسەر ئەم جەمسەر یان ئەو جەمسەر کارێکی گونجاوو لە بار نییە بەکو باری پەسەندو گونجاو لە ناوەنددا بوونە . ئەگەر ئەمە بگوازینەوە بۆ سەر ئاستی فیکر یان هەڵوێست وەرگرتن ئەوا هەریەکە لەو دوو جەمسەرە کە دەکەونە ئەمسەرو ئەو سەرەوە هەردووکیان دەڵالەتی جۆرێك لە تووندڕەوی هەڵدەگرن و لە بارێکی وەهاشدا بوار بۆ بەیەکتر گەیشتن لەگەڵ ئەوانی دی یان ئەوانی جیاوازدا نامێنێتەوە .تەنانەت ئەم وەکو کەسێك کە دەیەوێت بەو بگات و رامی بکات لە نێوانی ئەو دوو جەمسەرە لەیەکتر دوورەدا ناتونێت بە هیچ لایەکیان بگات , هەرئەوەش وای لێدەکات کە هەست بە ونبوون بکات , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ هەر ئاراستەیەکی ئەو پەیندا کارێکی زەحمەت و گرانە چونکە لە روانگەی فیکرو روانینەوە ئاستی ئەو پەین دەڵالەتی جۆرێك لە رەهایی بوون هەدەگرێت کە لە بارێکی وەهاشدا هیچ بوارێك بۆ گفتوگۆو پێکەوە ژیان نامێنێتەوە , هەرئەوەشە کە وادەکات ئەم نەتوانێت ئەو ببینێت کە دەشێ مەست پێَك نەگەیشتن و نەتوانینی پێکەوە ژیان بێت .

دەنگێ لە ژێر ئەو دار کاژەوە دێ
دەیناسمەوە رابردووم بیر دێنێتەوە
کە بێی دەچم کپ دەبێ
کە دوور دەکەومەوە دێ
ئاخ چۆن ئەو رابردووە بدزمەوە

شاعیر باسی دەنگێ دەکات کە لە ژێر دارکاژێکەوە دێت , هەرچەندە ئەو شوێنەی کە دەنگەکەی لێوە دێت لە رووکەشدا وەها نیشان دەدرێت کە شوێنکی دیار یان ناسراوە بەڵام لە راستیدا ئەو دەنگە لە شوێنکی نادیارەوە دێت چونکە دارکاژەکە شتێکی نەناسراوە , بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەم ئەو دەنگە دەناسێتەوە ئەویش لەو روانگەیەوە کە رابردووی بیر دەخاتەوە , کەواتە لێرەدا تێدەگەین کە ئەو دەنگە

پەیوەندی بە رابردووەوە هەیە یان لە راستیدا دەنگی رابردووە واتە دەنگێک لە مێژووەوە دێت , بەڵام دیسان ئەو دەنگەش لە ئاستێکدایە کە بە ئاسانی رام ناکرێت ,بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات : ئایا لە راستیدا ئەو دەنگە چییەو لە کوێوە دێت و دنگی کێیەو چ پەیامێکی هەڵگرتووە ؟

کاتێ دەنگێ لە شوێنکی نادیارەوە بێت ئەوا دەشێ وای بۆ بچین گوزارشت کردنە لە سەرچاوەی نادیار یان نەزانراوی ئەو دەنگە کە دەشێ لەوەشدا جۆرێك لە گەڵانەوە بێ توانای سنووردارێ مرۆڤ بێتە ئاراوە کە نەك هەتا ئێستا هەموو نهێنییەکانی گەردوونی ئاشکرا نەکردووە بەڵکو خۆی بە سرووشتی سەرچاوەی زۆرێك لە رووداو و دیاردەکانی نێو سرووشت دەسپێرێت بە نەزانراو و پێی وایە هێزێکی باڵا لە دەرەوەی تواناو دەسەڵاتی ئەم بەڵێوەیان دەبات .ئەو دەنگەی کە شاعیر وەکو قسەکەری شیعرەکە دەیبیستێ گوایە دەیناسێتەوە کە دەنگی رابردووە , بەڵام ئەم ناتوانێت رابردوو رکەف بکات یان دەستی بەسەردا بگرێت ئەمەش وادەکات کە نەتوانێت ئەو رابردووە کەشف بکات یان تەنانەت بیدزێتەوە . دەشێ لێرەدا لە سنووری دەقەکەوە بە ئاراستەی زەمینەی واقیعی مێژوویی خۆمان هەنگاو بنێین و بیر لە بوون و ئامادەبوونی خۆشمان لەو مێژووەدا بکەینەوە . دیارە ئاشکرایە کە رابردووی ئێمە وەکو کورد رابردوویەکی بێ شووناسە لەو روانگەیەوە کە نەمانتوانیووە هیچ ئامادەبوونێکی لە رووی بەرهەمهێنانی شارستانی و خەسڵماندنەوە تیا فەراهەم بکەین یان شووناسی رابردوویەکی ئامادەمان پێشکەش بکات , بەواتا ئێمە رابردوومان نییە ئەو دەنگەش تەنیا شتێکمان بەناوی رابردوو بیر دەخاتەوە نەك شووناسی رابردوویەکی ئامادە بێت , هەر ئەوەش وادەکات کە ئەم نەتوانێت بگات بەو رابردووە یان ئەو رابردووەی کە پێی وایە لێی ون بووە یان لێی زەوت کراوە بدزێتەوە .لێرەوە تێدەگەین کە ئەم کەسێتیە بە جۆرێك لە هوشیاریییەوە دەزانێت شتێك هەیە بە ناوی مێژوو یان بەناوی رابردوو , هەروەك لە هەمان کاتیشدا ناراستەوخۆ پێمان دەڵێت ئەو رابردووەی ئێمە رابردوویەکی تەموو مژاوویەو تەنانەت لە ئێستادا ناتوانین لەسەر بنەمای عەقڵ و لێکدانەوە ئەو رابردووە ئاشکرا بکەین خۆ ئەگەر هەوڵێکی لەو جۆرەش بدرێت ئەوا کەمتر دەتوانێت بە بەڵگەو بە لێکدانەوەی ورد بسەلمێنرێت .کەواتە ئێستا ئەم کەسێتیە کە بەپێی لێکدانەوەی ئەرستێیانە قسەکەری شیعرەکەیە بە گومانەوە دەڵوانێتە سەرچاوەی ئەو دەنگەی کە دەیبیستێ و بۆی رام ناکرێت .

هەموو یەکتر بە رێ دەکەین

هەموو دەچینەوە ئەوێ

ئەو نیشتمانی ئەبەدییە
شاعیر لەرەدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن نەوە بە نەوە مرۆڤ یەکتر بەرێ دەکەن و بەرو دوا هەموو بەرەو یەك جۆگا دەڕۆن بۆ جۆگایەك کە دوا نیشتمانی هەمووانە . هۆبەت ئەم کێشەیە ئەوە بەرجەستە دەکات کە هەموو زیندەوەران مل کەچی یەك یاسان ئەویش ئەو یاسایەیە کە هارمۆنیای سرووشتی ڕێکخستووەو خاستی گرێچنی ئەرستێیی هەیە هەرچەندە گرێچنی ئەرستێیی لەسەر بنەمای ئەوەی لە سەرزەمینەی واقیع پەیوەست بە ژیانی زیندەوەران هەیە بەرجەستە کراوە کە هەموو بوونەوەرێك سەرەتاو هۆکشان و لوتکەو دابەزین و کۆتایی هەیە , کۆتایش ئەو خاڵەیە کە تیایدا نەوە بە دوای نەوەدا یەکتر بەڕێ دەکەن هەتا دەگەنە دوا مەنزڵ کە ئەویش بریتیە لە خاك واتە لەرەدا مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی ئەسڵی خۆی .دیارە لەرەدا شاعیر پێمان دەڵێت ژیان لەسەر ئەم زەمینە شتێکی کاتییەو زەویش نیشتمانێکی کاتییە نیشتمانی هەتاهەتایی لە دوای مردنەوە دەست پێدەکات کە دەشێ لە ئاستی ئاسایدا وەکو خاك سەیری بکەین و لە ئاستی قوڵتری دەقەکەشدا مەبەست ئەو دنیای تەمەن درێژ و بێ کۆتایی بێت .لەرەوەو لەسەر بنەمای پشت بەستن بەم لێکدانەوەی سەرەوە رووبەکی ئایینی جیهانبینی دەقەکە دەردەکەوێت کە لای کەریم دەشتی ئەو ئاراستەیە لە سنووری دەقەکەدا سیمایەکی تەسەوفیانە وەردەگرێت .

شتێ هەمیشە بێ لای خۆی رامدەکێشێ
منیش بێ ویست و ئارەزوو بێ لای دەچم
نازانم چییە
بەڵام دەزانم گیانم پێ خۆش دەکا

ئەم یەکەم جار خۆی دەبووە چەق و ئەوی خۆشەویستی بە لای خۆیدا رادەکێشاو هەوێیدەدا لە مەداری ئەو نەچێتە دەرەوە , بەڵام ئێستا جۆ گۆکێ رووە دەدات و لە بری ئەوەی کە ئەم ئەوی دی بەلای خۆیدا رابکێشێت هێزێکی تر ئەم رادەکێشێت بەلای خۆیداو ئەمیش بێ ویستی خۆی بەرەو ئەو هێزە کێش دەکرێت و ئەمەش ئەو دەلالەتە هەدەگرێت کە ئەم وەکو کەسێك خاوەنی بڕیاری خۆی نییە لە جوڵەو کردارداو دەشێ لە دەرەوەی ویست و ئارەزووی خۆی بڕیاری بێ بدرێت و بجوڵێنرێت یان ئاراستە بکرێت , ئەمەش لە ئاستێکی قوڵتردا یان باشتر بڵێین لە ئاستی نەبینراوی دەقەکەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت ئەمە وەکو مرۆڤ کە لەم دەقە شیعرییەدا کە کەسێتی قسەکەری شیعرەکە نوێنەرایەتیمان دەکات تاکو ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە توانای بڕیار دانمان هەبێت و بتوانین بڕیاری چارەنووسی خۆمان بدەین چ وەکو تاکە کەس یان وەکو کۆمەڵگا , بەڵکو هەموو بڕیارێکی

پەیوەست بە چارەنووس و داهاتووی ئەمە وەکو مرۆڤ لە دەرەوەی ویست و دەسەڵاتی خۆمان دەدرێت و ئێمە مەگەر زۆر بە دەگمەن ئەگینا توانای گۆڕینی هیچ شتێکی ئەوتۆمان نییە لەو بوارەدا .
ئەمە نازانین ئەو شتەی کە ئەم بەلای خۆیدا رادەکێشێت چییەو چ جۆرە هێزێکەو ئەو توانای کێش کردنەی ئەمی لە کوێوە بەدەست هێناوە , بەڵام بە جۆرێك کاریگەری لەسەر ئەم داناوە کە بۆ هیچ بەربەستێك بەرەو ئەو هێزە کێش دەکرێت , بۆیە دەشێ وەهای لێك بدەینەوە کە ئەو هێزە هێزی خۆشەویستییە کە دەشێ بەجۆرێك کار لە مرۆڤ بکات کە هەموو ئیرادەیەکی لە بەستەوەو بیکاتە بوونەوەرێك یان پێکهاتەیەکی قەدەری کێش کراو بە دوای رووداوەکاندا .لە راستیشدا ئەم هیچ شتێك لەبارەی ئەو سەرچاوەوە نازانێت کە بەو جۆرە بەلای خۆیدا کێشی دەکات , بەڵام ئەوەی کە تێی دەگات ئەوەیە کە ئەو هێزە گیانی ئەم دەوروژێنێت واتە سەرگەرم و مەستی دەکات بۆ کەوتنە جۆرە بەو ئاراستەیەی کە دەیگەیەنێت بەو ناوەندە یان بەو چەقە . هێزێك ئەم بەلای خۆیدا کێش دەکات و کار لە هەست و سۆزی دەکات وەدەیروژێنێت ئەمەش دەری دەخات کە زیاتر پاڵنەرێکی دنیایی لە پشتی ئەو هێزەوەیە کە ئەم بەلای خۆیدا رادەکێشێت کە دەشێ ئەو هێزەش هەر ئەوی دڵدار یان خۆشەویست بێت کە ئەم هەوێیدەدا لە سنووری مەداری خۆیدا بیهێنێتەوە . هەروەك خرۆشان بۆ خۆی دەڵالەتێکی سێکسی هەیەو لەو روانگەیەشەوە دەتوانین بڵێین ئەو هێزەی کە ئەم بەلای خۆیدا کێش دەکات دەشێ هێزێکی دنیایی بێت کە تەنیا لە ئەوی رەگەزی بەرامبەردا هەیە .کەواتە لێرەدا ئەوە زیاتر ئاشکرا دەبێت کە ئەو کەسەی شاعیر وەکو قسەکەری شیعرەکە دەیدوێنێت ئەوی خۆشەویست یان ئەوی ئافرەتە ئەگەر لە ئاستێکی گشتیدا سەیری بکەین .

هەموو ئەوانەی گەورەیان دەکەین
رۆژێ دێ جڵمان دەهێنن
هەموو ئەوانەی جڵمان دەهێنن
رۆژێ بچووك بوویتە لای ئەمە

یاساکانی سرووشت بەو شێوەیە کە هەموو ئەو زیندەوەرانەی کە نەوە دەخەنەوە , نەوەکانی خۆیان گەورە بکەن تا ئەو کاتەی کە نەوەکان وایان لێ دێت پێویستیان بە باوانیان نەمێنێت . ئیتر ئەو کاتە باوانیان بە جێدەهێڵن و سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرن . شکسپیر لە شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیادا دەڵێت : هەموو بڕچووە باڵندەیەك کەگەورە بوو ئارەزوو دەکات کە دایك و باوکی بەجێبهێڵێت . ئەمەش لەسەر زمانی یەکێك لە کەسێتیە دووەمیەکانی ئەو شانۆگەرییەوە بە شایلکێك دەگوترێت لە کاتێکدا کە جەسیکای کچی شایلێك لەگەڵ

لەرینزەی خۆشەویستیدا بە دزی شایلۆکەوە هەڵدەن . کەریم لەرەدا هەمان بۆچوون بەرجەستە دەکاتەوە و پەیمان دەبێت ئەوە بە سروشتی وەربگرین کە یاسای سرووشت وەهایە کە هەموو زیندەوەرێك لە پێناوی سەریەخۆیی و سەلماندنی خۆیدا باوك و دایکی بەجێدەهێڵێت . شاعیر لەرەدا قسە بۆ کەسێك یان بۆ کەسانێك دەکات بەناو لە هەمان کاتدا وادەردەکەوێت کە بۆ ئێمە هەموومان دەدوێت .هەروەك لە هەمان کاتدا ئەوەشمان پێدەڵێت کە هەموو ئەوانەی کە ئێستا ئێمە بەجێدەهێڵن رۆژانێك لەلای ئێمە بچووك بوون . هەبەت لەرەدا قسە لەسەر مانای بەجێهێشتن دێتە ئاراوە کە ئەم وشەیە تەنیا کاتێك مانای تەواوەتی خۆی دەبەخشێت کە ئەوەی بە جێمان دەهێڵێ لە راستیدا دەبێ پەیوەستبوونێکی ڕەچەڵەکی یان مەعنەوی بەهێزی هەبێت پەیمانەوە . دیارە ئەوانەی کە ئێستا ئێمە بەجێدەهێڵن یان نەوەکانی خۆمانن یان خۆشەویستمانن یان کەسانێکن کە پەیوەندی بەهێز لە نێوانماندا هەیە .واتە لەرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئەوانەی ڕێشتنیان دەبێتە مایەی خەم بۆمان ئەو کەسانەن نزیکن لێمان و جێمان دەهێڵن کە لە راستیشدا خۆمان گەورەمان کردوون و دەشێ بەشێك بن لە خۆمان .

بۆگومان ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە یاساکانی سرووشت بەو جۆرە ڕێکخراون کە دەبێ هەر نەوەیەك بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت نەوەی نوێ بخاتەوەو پەروەردەشی بکات . نەوەی نوێش لەگەڵ پێگەیشتنیدا بەسرووشتی هەوڵی سەلماندنی بوونی خۆی دەدات, بە بۆچوونێکی فرەیدیانەش بۆ ئەوەی کە بوونی خۆی بسەلمێنێت دەبێ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تاوانی کوشتنی باوك ئەنجام بدات کە دەشێ کرداری بەجێهێشتن لەرەدا وەکو ئەو تاوانی کوشتنە سەیر بکرێت .کە نەوەکان لە پێناوی سەلماندنی بوونی خۆیاندا ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن . هەبەت لەم تاوانەشدا هیچ سزایەك بوونی نییە چونکە ئەم کارە بووەتە پێداویستیەکی ڕێکخستنی هارمۆنیای سرووشت و پێداویستیەکانی ژیانی بایۆلۆجی و مەعنەویش پێویستیان بەوەیە کە نەوەکان بۆ تەواوکردنی ئەرکی سرووشتی بایۆلۆجیانەی خۆیان و بۆ درێژە دان بە ژیان دەبێ ئەو ڕێگایە لەبەربگرن کە یاساکانی سرووشت سەپاندوێتی .دیسان دەشێ لە ڕوویەکی تریشەوە وەهای لێکبدەینەوە کە هەموو بوونەوەران و لە سەرووی هەموشیانەوە مرۆڤ بە خۆسکی ویست و ئارەزووی بە دەستهێنانی شووناسیان هەیە . بەدەستهێنانی شووناسیش تەنیا لە لە سەربەخۆیدا بەدی دێت , کەواتە هەوڵدانی ئەو بچووکانەی کە گەورە دەبن بۆ بەجێهێشتنی باوانیان یان گەورەکانیان لە پێناوی گەیشتن بە ئازادیدایە کە ئەوەش لەگەڵ خۆیدا ئامانجی بەدەستهێنانی شووناسی هەڵگرتووە .بە واتایەکی تر ناتوانین

تەسەوری بە دەستهێنانی شووناس لە دەرەوەی ئازادی یان بە بێ ئازادی بکەین ئەگەر مەبەست لە شووناس و بە دەستهێنانی خۆسەلماندن بێت . بە چەمکی هیگڵی بە دەستهێنانی شووناس تەنیا لە گەیشتن بە ڕۆحی ڕەهادا بەدەست دێت دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە بەبێ گەیشتن بە ڕۆحی ڕەها قسەکردن لەسەر ئازادی هیچ مانایەکی نییە . لێرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کاتێ نەوەکان باوانیان بەجێ دەهێڵن مانای وایە لە پێناوی ئازادی تاکە کەسی خۆیاندا ئەوە دەکەن و لەو کارەشیاندا ڕۆحی تایبەتیان دەگاتە ئاستی بێندبوون بێ ئاستی ڕەها .

ئەمە بە خاتری تۆ بوو پەنجەرەکانمان واڵا کرد
بەڕام تۆ هەموو دەرگاکانت لێ داخستین .
ئەمە دوو دنیای جیاوازین
یەکمان دڵی پێ ئاگرە
ئەوی تر یەك پارچە بەفر
ئاگر بەفر دەتوێنێتەوە
بەفر ئاگر دەکوژێنێتەوە

شاعیر پێشتر بە ناوی کەسی یەکەمی تاکەوە دەدوێت , بەڕام لێرەدا بەناوی کەسی یەکەمی کۆوە خۆی پێشکەش دەکات , دیسان ئەوی بەرامبەر هەر بریتییە لە کەسی دووەمی تاك واتە (تۆ). ئەمان لەبەر خاتری ئەو هەموو پەنجەرەکان واڵا دەکەن بەڕام ئەو نەك هەر پەنجەرە ناکاتەوە تەنانەت دەرگاکانیش بە ڕوویاندا دادەخات .لێرەدا قسەکەری شیعرەکە دەیەوێت وای نیشان بدات کە ئەمان کەسانێکی بەخشندەن و بێ پێك گەیشتن لەگەڵ ئەودا هیچ بەربەستێکیان نەهێشتۆتەوە کەواتە ئەمان هەڵگری پڕۆژەی گۆڕ لەیەکتر گرتن و لێکتر تێگەیشتن و یەکتر قبووڵ کردنن , بەڕام ئەو هیچ ئامادەگیەکی نییە بێ ئەو مەسەلانە , بڵگومان لە بارێکی لەو جۆرەشدا ڕووبەڕوبێ پێکەوە ژیان نامێنێتەوە .لە ڕاستیشدا ئەگەر لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی بێ هاوشێوەی ئەو بێچوونە بگەڕێین ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم بێچوونە یان ئەم حاڵەتە کۆنترۆڵی واقیعی کەلتووری و عەقڵی ئەم کۆمەڵگایەی کردووە .ڕاستە لێرەدا قسەکەر لە شیعرەکەدا بەناوی کەسی یەکەمی کۆوە دەدوێت بەڕام زیاتر پێ دەچێت کە هەر خۆی بێت بەتەنیا بەڕام بەمەبەستی بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆی بەناوی کەسی یەکەمی کۆوە دەدوێت .

قسەکەری شیعرەکە ڕایدەگەیەنێت ئەم و ئەو کەسەی کە دەیدوێنێت دوو کەسی جیاوازن و تەنانەت لە بڕی ئەوەی وەکو تەواوکەری یەکتری سەیریان بکات وەکو دوو دژ لێیان دەڕوانێت کە هەریەکەیان وەکو لەناوبەری ئەویتریان دەردەکەوێت .لە سنووری دەقەکەدا ئەم و ئەو

وەکو (ئاگر و بەفر) پێشکەش دەکرێن بەڵام ئەوە دیاری نەکراوە کە کامیان بەفرەو کامیان ئاگرە , بەڵکو ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە ئەم دوو رەگەزە وەکو دوو دژ لەبەرامبەر یەکتردا دادەنرێن و هەریەکەش دەتوانێت ئەویتریان لەناو ببات .هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە کە دژەکانیش تەواوکەری یەکترین .دیسان لە بەرجەستەکردنی ئەم دوو کەسێتیەدا لە شێوەیەکی دژ بەیەکی ئەوتێدا شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت هارمۆنیای سووشت لەسەر بنەمای بوون و بەرامبەر یەکتر وەستانی دژەکان بنیاد نراوە , بەواتا لەبەرامبەر یەکتر وەستانی دژەکاندا جۆرێك لە هاوسەنگی پێك دێت کە ئەوەش لە دوای ململانێ و ناکۆکی دەگاتە ئەنجام . دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو ململانێ و ناکۆکیانە رۆڵی گرنگ دەگێڕن لە درووست کردنی گۆڕانکاریدا و بە جۆرێکی ئەوتێ کە دەتوانین بڵێین بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگاو بنیادنانی شارستانێتیەکان بەرهەمی ئەو ماملانێ و پێکدادانانەن کە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە وێرانکاری درووست بکەن . ئاگرو بەفر ئەگەر بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەریەکتر بکەون ئەوا دەشێ هەردووکیان دووچاری لەناوچوون ببن واتە وەکو ئەوەی لە دەقەکەدا هاتووە ئاگر بکوژێتەوەو بەفریش بتوێتەوە . بەڵام ئەگەر ئەم دوو رەگەزە لەگەڵ یەکتر ناکۆکە بە شێوەیەکی هێمن و گونجاو بەریەك بکەون یان لەیەکتر نزیك ببنەوە دەشێ ئاگر هەندێ سارد ببێتەوەو بەفریش ببێت بە ئاو بەڵام هیچیان لە ناو نەچن .ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە بە ئاستی ناوەند ناودەبرێت کە ئەگەر لەسەر ئاستی کۆمەڵگاو ژیانی کۆمەڵایەتی سەیری هاوشێوە یان وێنای ئەم حاڵەتە بکەین ئەوا دەبێ چاوەڕوانی درووستبوونی بارێکی ئەوتێ بکەین کە تیایدا گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن و یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە ژیان دێتە ئاراوە .

هەموو شتێ وەختی خۆی هەیە و بەسەر دەچێ
بەڵام کە وەختی هاتەوە سەردەردێنێ
مرۆڤ نەبێ کە وەختی هات
بێ ئەبەد بەسەردەچێ و ناگەڕێتەوە

ژیانی بوونەوەران سەرەتاو بەرزبوونەوەو لوتکەو هاتنە خوارەوەو کۆتایی هەیە . زۆرێك لە توخم و رەگەزەکانی نێو سرووشت بە رووەك و ئاژەڵەوە ساڵانە سووڕی خۆیان دووبارە دەکەنەوەو ئەوەی پایزی ئەمساڵ پیر دەبێت و دەمرێت , ساڵی ئایندە لە بەهاردا سەرلەنوێ سوێکی تر دەست پێدەکاتەوەو ئەمەش بەردەوامی ژیان درووست دەکات . شاعیر, مرۆڤ لە هەموو توخم و رەگەزەکانی تری سرووشت جیا دەکاتەوە بەوەی کە مرۆڤ تەنیا یەك سووڕی ژیانی هەیەو کە دەمرێت جارێکی دی ناگەڕێتەوە . دەشێ لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات :ئایا زیندەوەرانیش نامرن و لە ناو ناچن هەمان شێوەی مرۆڤ ئیتر بێ دەبێ

تەنیا بەسەرچوونی مرۆڤ یان مردنی مرۆڤ ئەبەدی بێت ؟ بۆگومان ئەگەر بەشێوەیەکی سادە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە ئەوا دەتوانین بڵێین کە زیندەوەرانیش هەمان شێوەی مرۆڤ دەمرن . کەواتە بۆچی شاعیر دەڵێت تەنیا مردنی مرۆڤ ئەبەدیە ؟ لە راستیدا لێرەدا ئەوە بەرجەستە دەبێت کە مرۆڤ لە هەموو زیندەوەران و بوونەوەرانی تر جیاوەزە ئەویش لە رووی هۆش و عەقڵەوە کە ئەمەش وادەکات کە هەر مرۆڤێك خاوەنی شوونا سی تاکە کەسی خۆی بێت کە بەو پێیەش خاوەنی تایبەتمەندی خۆی دەبێت چ لە رووی بیرکردنەوەو بەرهەمهێنان و ئامادەبوونەوە چ لە رووی ژیانی بایۆلۆجی و فیزیکیەوە, کاتێکیش کە مرۆڤێك دەمرێت بە خۆیی و تواناکانییەوە دەڤات دەشێ بە ملیۆنەها مرۆڤی تر هەبن بەڵام ناشێت تەسەوری ئەوە بکەین کە هیچ کەس ببێتە هاوشێوەی هیچ کەسێکی تر بێیە ئەو کەسەی کە دەمرێت لە هەر ئاستێکدا بێت بێ هاوشێوە دەمێنێتەوە , بەڵام بەگوێرەی بوونەوەرانی تر لەبەر ئەوەی خاوەنی هۆش وعەقڵ و تواناکانی مرۆڤ نین و تایبەتمەندی خۆیانیان نییە لە سنووری پۆلەکەی خۆیاندا بێیە بە ئاسانی جێگایان پڕ دەبێتەوەو ئەو بڕچووەی کە لە دوای دایك و باوکەکەی دێت دەشێ هەموو ئەو ئەرکانە جێبجێ بکات کە ئەوان پێش ئەم ئەنجامیان داون .یان دەشێ ئەو رووەکە نوێیەی لە شوێنی رووەکێکی پیردا دەوێنرێت یان سەوز دەبێت هیچ جیاوازییەکی نەبێت لەگەڵ ئەوی پێشوودا .

دیسان لێرەدا قسەکردن لەسەر چارەنووسی مرۆڤ دێتە ئاراوە کە چۆن پێکهاتەیەکە یەك مۆژووی هەیە ئەویش ئەو مۆژووەیە کە تیایدا دەژی , ئەگەر نەیتوانی لەو مۆژووەدا بوونی خۆی بسلمێنێت , ئەوا پڕ ناچێت هەڵکی تری دەست بکەوێت بێ خۆ سەلماندن . لێرەدا لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەدا ئاماژە بۆ چارەنووسی ونی مرۆڤ دەکرێت کە یەك جار دەژی و دەمرێت و لە ناو دەچێت .. نە ئومێدی گەیانەوەی هەیە نە لە دەقەکەشدا ئاماژەش بۆ ئەوە دەکرێت کە بە پێی بنەماکانی ئایین ژیانێکی تر هەیە کەژیانی ئەبەدییە و مرۆڤ کە زیندوو دەبێتەوە ئیتر بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە . لە راستیدا لێرەدا ئەو بۆ ئومێدییەی کە بەرامبەر بە چارەنووسی مرۆڤ دەردەکەوێت ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە کەسی قسەکەری شیعرەکە بە گومانەوە بڕوانێتە ژیانی دووەم یان ئەو دنیا بێیە پێی وایە نەمری لە ژیانی سەرزەویدا بەدەست دەهێنرێت و ئەوی نەتوانێت لێرە بوونی خۆی بسەلمێنێت مانای ئەوەیە ئیتر لە ناو دەچێت و دەسڕێتەوە چونکە بەپێی ئەو بڕچوونەی کە لێرەدا بەرجەستە دەبێت مرۆڤ یەك زەمەنی مۆژوویی هەیە کە تیایدا بژی .

ئەمشەو کەسێك مرد

تەواوی شارەکەم خەمگین بوو
تەنها ئاو لە هیچ شتێ ناچێ
تەنها ئاو وەك ئاو وایە
شاعیر لە رستەیەکی راگەیاندندا هەواڵێك دەگەیەنێت کە ئەویش هەواڵی مردنی کەسێکە بەناوبانگ و ناسراو بووەو ئامادەبوونی هەبووە هەر بۆیە مردنی دەبێتە هۆی خەمباربوونی هەموو شار . راستە پێشتر لەم دەقەدا باسی ئەوە کراوە هەموو ئەوانەی دەمرن لە وەرزێکی تردا نوێ دەبنەوە تەنیا مرۆڤ نەبێت کە تەنیا جارێك لە دایك دەبێت و تەنیا جارێکیش دەمرێت و گەانەوەی نییە , بۆیە ئاساییە کە مردنی مرۆڤ زیاتری خەم لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بە تایبەتیش ئەگەر ئەو کەسە خاوەنی شووناس و ئامادەبوون بێت ئەوا خەمی لە دەستچوونی گەورەترە .
شاعیر شتێکمان پێ دەڵێت کە رۆژانە چەندین جار دەیبینین و رەنگە هیچ بیریشی لێنەکەینەوە کە ئەویش ئاوە . ئەو پێمان دەڵێت تەنها ئاو لە هیچ شتێك ناچێت , یان ئاو تەنها وەك ئاو وایە .بە مانایەکی تر شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت جگە لە ئاو شتەکانی تر لێچوون و هاوشێوەیان هەیە بەڵام بە گوێرەی ئاو هیچ هاوشێوەیەکی نییە . ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئاو تاکە رەگەزێکە کە خاوەنی شووناسی دیارو تایبەتی خۆیەتی و بەبێ هاوشێوەکردن یان بەراوردکردن لەگەڵ توخم و رەگەزەکانی تردا دەناسرێتەوە . ئەگەر لە ئاستێکی قوڵتریشدا سەیری ئاو بکەین ئەوا دەزانین کە ئاو سەرچاوەی بوونە ئەویش تەنیا لەو روانگەیەوە نا کە رەگەزێکی سەرەکیە بۆ ژیان , نەخێر بەڵکو هەموو زیندەوەران سەرچاوەی بوونیان ئاوە .سپێرم و هێلکە پێش پیتاندن لەناو ئاودان و لە ناو ئاویشدا کرداری پیتاندن روودەدات و کرپەلەش لە منداڵدانی دایکیدا لە ناو ئاو یان شلەمەنیدا دەژی و لە دوای لە دیکبوونیش دیسان ئاو سەرچاوەی ژیانێتی . هەروەك لە گەردوونیشدا تەسەوری ئەوە ناکرێت کە بەبێ ئاو ژیان هەبێت . ئەمە سەرباری ئەوەی کە بەپێ تیۆری کلاسیکی دروست بوون و پێکهاتنی گەردوون ئاو یەکێکە لەو چوار رەگەزە سەرەکیەی کە گەردوونیان لێپێکهاتووەو جگە لە

مرۆڤ و وشکاوەکیەکان و بەشێك لە رووەکەکان , بوونەوەرانی ترو زۆرێك لە رووەکەکانیش لە نێو ئاودا دەژین کەواتە ئاو سەرباری ئەوەی کە سەرچاوەی ژیانە ناوەندێکیشە بۆ ژیان . هەروەك بەپێی سەرچاوە ئایینیەکانیش هەموو شتێك بە ئاو خاوێن دەکرێتەوە .کەواتە ئەو تایبەتمەندیانەی کە ئاو هەیەتی وای لێکردووە کە ئاو تەنها لە خۆی بچێت و لە هیچ شتێکی تر نەچێت و هیچ شتێکیش نەبێت کە لە ئاو بچێت .

تێ ئەی تێ
کەی جریووەیەك دەخەیتە ناو نامەیەك
دێ ئاوەدان دەکەیتەوە
کە شەونمێ لە روخسارت دەدەی بە با
جارێ بێ لای من بێتەوە
کەی لە نێو کتێبەکانم دێیتە دەرو
تێزێ سەیری سیمام دەکەی ؟

شاعیر جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ دواندنی ئەو کەسەی کە پێشتر وەکو خۆشەویست راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەیدواند , بەڵام لێرەدا شوورناسی کەسی بەرامبەر زیاتر ئاشکرا دەبێت و قسەکەری شیعرەکە وای نیشان دەدات کە بوون و ژیانی ئەم بەستراوە بەوی بەرامبەر یان رەگەزی بەرامبەرەوە , هەروەك لە ئاخاوتنیدا لەگەڵ ئەودا وێنای عاشقێکی رۆمانسیمان بۆ دەکات کە لە پشتی وشەکانەوە ئەو بڕچوونە راوەستاوە کە عاشق بوون سەرچاوەی ژیانە یان بە دەربڕینێکی تر ژیان لە دەرەوەی عیشق هیچ مانایەکی نییە .ئەم وەها خۆی پێشکەش دەکات کە لەدەرەوەی عیشق و خۆشەویستی دێ بریتیە لە وێرانەیەك.هەربۆیە لەو دەپرسێت کەی بە دەنگێك کە ئەو بە جریووەیەك بەرجەستەی دەکات دێی ئەم ئاوەدان دەکاتەوە , واتە تەنیا دەنگێك کە هەڵگری پەیامی عیشق بێت دەتوانێت دێی ئەم ئاوەدان بکاتەوە . ئەم چاوەڕوان دەکات کە شەونمی رووخساری ئەو لەگەڵ بادا بێت و بگاتە لای ئەم . هەروەك لێشی دەپرسێت داخۆ کەی لە کتێبەکان دێتە دەرەوەو سەیری سیمای ئەم دەکات .

کەسی قسەکەری شیعرەکە چاوەڕوانی دروستبوونی دەنگ دەکات لە لایەن کەسی بەرامبەرەوە کە بە (تۆ) ناوی دەبات واتە وەکو گۆگر دەیدوێنێت .لێرەدا مەسەلەی دروستبوونی دەنگ دێتە ئاراوە کە چۆن دەنگ وەکو بەرهەمی بوویەکی ئامادە یان خاوەن شوورناس لێکدەدرێتەوە , واتە کاتێ دەنگ دروست دەبێت مانای وایە ئەو سەرچاوەیەی کە دەتوانێت دەنگ بەرهەم بهێنێت بوون و ئامادەبوونی هەیە . کاتێ زەمینەیەك لەو ئاستەدا نەبێت کە دەنگ دروست بکات مانای وایە نەگەیشتێتە ئاستێك کە بوونی هەبێت کە ئەوەش لەگەڵ وێرانەدا

هاوشێوەیە کە لە سنووری دەقەکەدا بە چڕەوانی ناودەبرێت , کاتێ کە باس لەوە دەکات کە چۆن جریووەیەك دێ ئاوەدان دەکاتەوە .کەواتە هەرچۆن عیشق سەرچاوەی ژیانەو بەبێ عیشق , بوون هیچ مانایەکی نییە , بەهەمان شێوە ناتوانرێت تەسەوری بوون بکرێت بەبێ بوونی دەنگێك کە هەڵگری توخم و رەگەزەکانی بوون و خۆسەلماندن بێت.
شاعیر دنیایەك درووست دەکات کە دەتوانین پێی بڵێین دنیای کتێب کە وای نیشان دەدات ئەو کەسەی کە دەیدۆزێت لە نێو ئەو دنیایەدا زیندانی کراوە یان بە ویستی خۆی لەوێدا خۆی حەشار داوە , ئێستا ئەم داوای ئەوە دەکات کە دیوارەکانی دنیای داخراوی کتێبەکانی بڕوخێنێت و بێتە دەرەوە , کە دەشێ لێرەدا مەبەست ئەوە بێت کە بە بڕوای شاعیر ئەو کەسەی کە ئەم لە دەقەکەدا دەیدۆزێت کەسێکی ناواقیعی بێت و زیاتر لە وەهمدا بژی و بێئاگا بێت لە ژیانی راستەقینەی نێو واقیع .بە واتایەکی تر مەبەست لە نێو کتێبەکان زەمینەیەکی دوور لە واقیع بێت کە ئەوەش وای لەم کەسێتە کردبێت نەتوانێت واقیع وەکو ئەوەی کە هەیە ببینێت یان لێی تێ بگات .
کاتێکیش کە داوای لێ دەکات کە لە نێو کتێب بێتە دەرەوەو سەیری سیمای ئەم بکات , مەبەستی ئەوەیە کە ئەوی بەرامبەر لە وەهمدا دەژی و ئەم دەیەوێت لە ئەنجامی سەرنج دانی ئەمەوە ئەو پرسیارەی لا دروست ببێت کە ئایا ئەم لە کوێدایەو چۆن دەژی و چی پێ دەکرێت .
هەروەك دەشێ سیمای ئەم وای لێبکات بە ناخی خۆیدا شۆڕبێتەوەو لە هەمان کاتیشدا ئەو سیمایە دەشێ پاڵنەری مرۆڤ بێت بێ تۆاامان و خوردبوونەوە وهەڵسەنگاندن .
تێ لە مێژە لە ناو کتێبەکانم خەوتووی
جارێ واگا نایتەوە
درووددێ بەخشی بە ڕۆحم
ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات : ئایا شاعیر مەبەستی کێیە یان مەبەستی لە چییە کاتێ بە نووستووی ناو کتێبەکانی خۆی دادەنێت ؟دەشێ لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا وای لێك بدەینەوە کە مەبەست لەو کەسە خۆشەویستەکەیەتی و مەبەست لە کتێبەکانیش ئەو دنیایە کە ئەوی تیادا دەژی و دەشێ لە بارێکی خامۆشدا بێت بە جۆرێك کە ئاگای لەم نەبێت .ئەم دەخوازێت کە جارێ ئەو بە ئاگا بێتەوەو لە عیشق و خۆشەویستی ئەم تێ بگات , بەواتایەکی تر ئەم وای دەردەبڕێت کە سەرباری ئەوەی کە ئەم خۆشی دەوێت , پێ دەچێت ئەو لەم بێ ئاگا بێت و دەخوازێت لە هەست و سۆزو خۆشەویستی ئەم تێ بگات و هەست بە بوونی ئەم بکات , ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە ئەم تیایدا ئاسوودە دەبێت و ڕۆحی پەشۆی ئارام دەگرێت. بەگومان دەشێ لە ئاستی قوڵیان نەبینراوی دەقەکەدا جۆرە لێکدانەوەیەکی تر بێتە ئاراوە ئەویش

ئەوەیە کە شاعیر باسی ئەزموونی شیعری خۆی بکات و پێی وابێت کە ئەو ئەزموونەی ئەم لە جوگرافیای شیعری کوردیدا تاکو ئێستا لە سنووری داخراوی کتێبەکانیدا ماوەتەوە و نەبێتە ئەزموونێکی باوو باڵا دەست کە بتوانێت کۆنترۆڵی ناوەندی ڕەشنبیری یان ناوەندی شیعری کوردی بکات , کە دیارە ئەگەر ئەوە ڕووی بدایە ئەوا لە سەر جوگرافیای شیعری کوردی پێگەو دەسەڵاتێکی بەرفراوانی بە دەست دەهێنا و ئەوەش ئاسودیی بە ڕۆحی دەبەخشی چونکە ئەوسا دەگەیشت بەو یەقینەی کە ناوەندی ڕەشنبیری کوردی دان بە بوونیدا بنێت . ئەمە سەرباری ئەوەی کە دەزانین داهێنان خاسێتێکی زۆر تایبەتمەندەو مەرجیش نییە ئەو داهێنانە لە سەردەمەکەی خۆیدا ئەو ناوبانگە بەدەست بهێنێت , بەڵام ئەوەی بەگە نەویستە ئەوەیە کە داهێنەر کەسێگی خاوەن شوورناسە هەرچەندە لەوانەیە لە سەروەختی خۆیدا دان بەو شوورناسەیدا نەنرێت .کەریم دەشتیش یەکێکە لەو دەنگە دیارانەی کە لە شیعری کوردی نەوەی دوای حەفتاکاندا جێگەو پێگەی خۆیی هەیەو ڕەنگە بە هەڵەشدا نەچووبین کە بڵێن کەریم دەشتی ئەو شاعیرەیە کە خاونی ئەزموونی دیاری خۆیەتی , بەڵام وەکو زۆرێك لە شاعیرانی پێش خۆیی و دوای خۆیشی شوێنی ئەم شاعیرە دەست نیاشان نەکراوە .واتە ئەوەی کە کەریم بە ئەزموونی خۆیی دەزانێت تاکو ئێستا لە سنووری دەقەکانیدا ماوەتەوەو وەکو پێویست و بەراورد بە ئاستی داهێنانی مافی خۆیی نەدراوەتێ وەکوپێویست قسەی لەبارەوە نەکراوەو ڕەهەندەکانی ئەزموونی شیعری ئەو بە شێوەیەکی تایبەت و بە جۆرێك کە توانای دەشتنیشان کردنی هەبێت دیاری نەکراوە تابەو پێیەش ئاخاوتنی پرسیاری سەرەکی دەقەکانی کرابێت و جیهانبینی شیعری ئەو دیاری کرابێت ئەگەر قەسەیەکیش لەسەر ئەزموونی شیعری ئەو کرابێت ئەوە زیاتر بە شێوەیەکی گشتی و لە چوارچێوەی ئەو قسانەدا بووە کە لە سەر ئەزموونی شیعری نەوەکەی ئەو کراوە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەو کرابێت . دەشێ ئەوەی کەریم باسی دەکات و داوادەکات لە سنووری کتێبەکانی بێتە دەرەوە ئەزموونی شیعری ئەو بێت بە جۆرێك کە بدوێنرێت و لە سنووری داخراوی دەقەکانییەوە بگوازرێتەوە نێو نێوەندی ڕەشنبیری و لایەن و ئاستە شاراوەکانی ئەو ئەزموونە بە جۆرێك دەربخرێت کە چیتر وەکو نهێنی یان بابەتێکی پەردە لەسەرنراو نەمێنێتەوە . دیارە ئەوەش مایەی نیگەرانی و جۆرێك لە ئازاریشە کە ئەو وەکو شاعیر هەست بکات ئەوەی ئەو کردویەتی وەکو پێویست دەنگدانەوەی نەبووە ئەویش لەبەر ئەوەنا کە جێگای بایەخ نییە , نەخێر بەکو لەبەر ئەوەی ئاستی تێگەیشتنی ناوەندی ڕەشنبیری کوردی لە داهێنان و لە ئەفراندن ئەوەندە لاوازە ناتوانێت دەقی زیندوو لە دەقی مردوو جیا بکاتەوە , ناتوانێت

داهێنان لە هەر شتێك یان نووسینێکی تر جیابکاتەوە کە بە ناوی داهێنانەوە فێ دەدرێتە نێو پانتایی ڕۆشنبیری کوردییەوە . کەریم هەست بەو ئازارە دەکات کە وەکو پێویست و بەپێی ئاستی ئەوەی پێشکەشی کردووە پێگەو جێگەی لە سەر جوگرافیای شیعری کوردی پێ نەدراوە , ئەوەش لە بری خۆشی و ئاسوودەیی بەخشین بە ڕۆحی ئەو نیگەرانی و خەم و پەشۆیی پێبەخشیووە . ئیستا دەخوازێت دەسەڵاتی ئەزموونی ئەو بە جۆرێ بەهێز بێت کە سنووری دەقەکانی بەجێ بهێڵێت و بەلایەنی کەمەوە دەسەڵات بەسەر بەشێك لە پانتایی و ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا بکات , بەگومان ئەوەش ئاسوودەیی ڕۆحی و دەروونی پێ دەبەخشێت .

من هەمیشە گەیدەم و نازانم بۆچی دەگەم

من هەمیشە هەر ڕادەکەم نازانم بۆچی ڕادەکەم

من هەمیشە خەیاڵ دوور دوورم دەبات و

نازانم بۆ کوێم هەدەگرێ

ئەوە نەبێ کە سەر بە کتێبێ دەکەم

خەون بە تۆوە دەبینم

شاعیر لە وەسف کردنی خۆیدا وێنەی مرۆڤێکی هەستیارمان بۆ بەرجەستە دەکات کە دەشێ بە مرۆڤی ئەم قۆناغە جەنجاڵەی ئێستای ناو ببەین کە هەمیشە لە جۆگەدایەو لە هیچ شوێنێك ئاقرە ناگرێت و بەپێی ئەو وەسفەی کە لەدەقەکەدا هاتووە ئەم مرۆڤە ناشزانێت بۆچی دەگەڕێت و بە دوای چیدا ڕادەکات .دەشێ لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا وای لێك بدەینەوە کە ئەوەی شاعیر وێنای کردووە هەر مرۆڤێکی ئاساییە کە سەوداسەری بە دیهێنانی پێداویستییەکانی ژیانەو لەو پێناوەشدا دەگەڕێت و لە جۆگەی بەردەوامدایە .بەڵام دەشێ لە پشتی ئەم لێکدانەوەیەوەو لە ئاستی نادیاری دەقەکەدا وێنەی کەسێکی داهێنەر بەرجەستە ببێت کە لە هیچ شوێنێك ناحەوێتەوەو سەقامگیر بوون بە خۆیەوە نابینێت هەرچۆن دەقی داهێنەرانە یان هەر بەرهەمێکی داهێنراو بریتییە لە گەانی هەمیشەیی و بەردەوام بە دوای پرسیارە گرنگ و ئەنتەلۆجیەکانی مرۆڤدا هەر بەهەمان شێوە کەسی داهێنەریش کە هەمیشە کەسێکی گومانکەرو دوو دڵ و نیگەرانە زەمەنێکی نییە بۆ ئاقرە گرتن و شوێنکیشی نییە تا تیایدا سەقامگیر ببێت بحەوێتەوە چونکە ئەو لە ڕووی ڕۆحی و دەروونییەوە ناسەقامگیرە . کەریم دەشتی لە دەربڕینێکی ناراستەوخۆدا باس لەو نیگەرانی و ناسەقامگیرییە دەروونی و ڕۆحییەی خۆی دەکات کە دەشێ ئەوەش بەرهەمی خەیاڵ و نەست بێت و هیچ نەخشەیەکی داڕێژراو لە پشتییەوە نەبێت .بەواتا دەتوانین بڵێین ئەو گەانەی کە کەریم باسی دەکات گەانی کەسی داهێنەرە بە دوای ماناو بە دوای دڵزینەوەی پرسیارە گرنگەکانی

مرۆڤدا و به دوای بەرهەمهێنانی جیهانبینی نوێ و ئەزموونی نوێدا . هەبەت گەیشتنیش بە ئاستێك یان بەخاڵێك کە جێگای قایل بوون بێت بێ کەسی داهێنەرو ئەزموونگەر شتێکی مەحاڵە چونکە داهێنان نە سنووری هەیەو نە هیچ سنوورێك دەناسێت , هەر بۆیە کەسی داهێنەر هەمیشە لە گەڕاندایەو ناگاتە حاڵەتی وەستان چونکە وەستان بێ کەسی داهێنەر تەنیا کاتێك دەبێت کە بگات بە یەقین , بڕگومان گەیشتنیش بە یەقین مانای کۆتایی هاتنی گومان و نیگرانییە ئەوەش بێ داهێنەر مانای مردن دەبەخشێت .
شاعیر باسی خەیاڵی خۆی دەکات کە خەیاڵێکی فراوانەو سنووڕەکانی دیار نییەو ئەم وەکو شاعیریش هیچ دەسەاتێکی بەسەر ئەو خەیاڵەدا نییە چونکە ئەوە ئاشکرایە کە خەیاڵی داهێنەر خەیاڵێکی نائاساییە و هەر ئەو خەیاڵەش یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی داهێنان و دەشێ کەسی داهێنەر بەرەو نهێنی و نەزانراو و نائاشکرا ئاراستە بکات یان بیجوڵێنێت و لەوڵا واتە لەو ڕووبەرە نەزانراوەدا کە دەشێ تەنیا لە خەیاڵدا بوونی هەبێت یەتەپیایەك درووست بکات کە دەشێ بەهەشتێك بێت بە هەموو جوانییەکانیەوە یان دۆزەخێك بێت بە هەموو ناشیرینی و هەموو ئازارو ناشیرینییەکانیەوە.بە هەرحاڵ بە گوێرەی شاعیر ئەو خەیاڵەی کە دەیبات خەیاڵێکی مەودا نادیارەو لە راستیشدا ناتوانرێت خەیاڵ بەپێی بەرنامەو نەخشەی دیاریکراو ئاراستە بکرێت , هەر ئەوەشە وا لە شاعیر دەکات نەزانێت ئەو خەیاڵە بۆ کوێی دەبات , کەواتە لێرەدا ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە کەریم دەشتی وەکو شاعیرێك دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئەو لە بەرهەمهێنانی شیعردا بۆای بە هیچ بەرنامەیەکی پێش وەختە نییە بۆ نووسین بەو ئەندازەی کە خەیاڵی خۆی ڕەها دەکات بۆ ئەوەی بجوڵێت , ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی لە پاڵ کارکردنی خەیاڵدا ڕێی نەستیش لە بەرهەمهێنانی دەقەکانیدا دەربکەوێت , کە کارکردنی ئەم دوو پایە سەرەکیەی بەرهەمهێنانی شیعر پێکەوەو لەگەڵ تواناو لێهاتوویی شاعیردا لە ئاستی زمانی شیعری و شێوازی شیعری و سەرجەم ڕەگەزە هونەرییەکاندا کە ئەزموونی نووسینی ئەم یان شێوازی ئەم پێك دەهێنن هەموو پێکەوە تاکو ئێستا لە لایەك بە هەرجۆرێك بێت یان هەر هێکارێکی لە پشتەوە بێت وەکو پێویست نەبووەتە ئەزموونێکی خاوەن شووناس و باڵادەست لە نێوەندی ڕشنبیری کوریدا, لە لایەکی تریشەوە هێشتا لە سەر پانتایی ڕشنبیری کوردی ئاخاوتنێکی وەەهای لەسەر نەکراوە کە بنەماو ڕەهەندەکانی دیاری بکرێت .بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو هەوڵستەی کە لێرەدا شاعیر لێی دەدوێت هەوڵستی کەسی داهێنەرە کە نەخاوەنی خەیاڵێکی سنوور دیاریکراوە ,نە خاوەنی شێوازێکی تەقلیدییە لە نووسیندا . هەروەك دەقەکانی هەگری

پرسیاری جدین لەو روانگەیەوە کە هەگری پرسیارن سەبارەت بە نەزانراو .
ئەو خەیالە مەودا فراوانەی کە شاعیر باسی دەکات و ناشزانێت بەرەو کۆی دەبات , سەرئەنجام ئەم دەخاتە سەر ڕێگایەك بۆ کار کردن یان گەڕان بە دوای دڵزینەوەی یان ئاشکرا کردنی نەزانراودا , کە ئەوەش بۆگومان تەنیاو بەس تەنیا لە کتێبدا دەدۆزرێتەوە یان ئاشکرا دەکرێت .چونکە ئاشکرایە سەرچاوەی هەموو زانینێك هەر کتێبە , ئەمیش لە ڕێگای ئەو خەیالە مەودا قوڵەی کە هەیەتی هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئامۆزی کتێب .واتە لە نێو کتێبدا هەوڵدەدات ئەوەی کە دەیەوێت بیدۆزێتەوە یان لە بارێکی تردا خەیاڵ ئەم دەباتەوە بۆ نێو کتێب . دەشێ مەبەست لەمەش ئەوە بێت کە بەرهەمی خەیاڵەکانی ئەم بەرهەم هێنانی ئەو دەقانە بێت کە هەگری ئەزموونی ئەمن و ئەو ئەزموونەش لە نێو کتێبەکاندا ماونەتەوە و تاکو ئێستاش وەکو پێویست نەبووەتە ئەزموونێکی وێنراوو قسە لەسەر کراو لە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا .بەڵام خەیاڵ لە ڕێگای کتێبەوە دەیگەیەنێتەوە بە ئەو بۆگومان ئەو گەیشتنەش کە لە ڕێگای خەیاڵەوە دەبێت مەودای فراوانی ئەو خەیاڵە دەردەخات ئەمەش دەوڵەمەندی یەکێك لە پایە سەرەکیەکانی شیعری ئەم شاعیرە دەردەخات چونکە ئەوە ئاشکرایە کە یەکێك لە پایەکانی بەرهەمهێنانی شیعر خەیاڵە , بەڵام دەبێ ئەو کێ بێت کە ئەم لەقوڵایی خەیاڵەکانیدا خەونی پێوە دەبینێت .بۆگومان ئێمە دەزانین هەر لەسەرەتای دەقەکەوە قەسەکەری شیعرەکە کەسێك دەدوێنێت کە دەشێ ئەوی دڵدار یان خۆشەویست بێت. بەهەر حاڵ لێرەدا دەشێ وەهایشی بێ بچین کە گەڕانی ئەوی شاعیر گەڕان بێت بە دوای ئەزموونی نوێ و پرسیاردا واتە پرسیارێك کە شووناسی پرسیاری هەبێت بەو مانایەی کە پرسیار بێت سەبارەت بە نەزانراو واتە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەوی شاعیر کەسێکە هەمیشە بە دوای نامەئلوفدا دەگەڕێت کە ئەویش لە پرسیار و ئەزموونی نوێدا بەرجەستە دەبێت .کەواتە ئەو خەونەی کە ئەم دەیبینێت خەونە بە بەرهەمهێنانی دەقی زیندووەوە ئەمەش شووناسی شاعیر وەکو بەرهەمهێنی دەقەکە دەردەخات کە چۆن لە خەمی داهێنانایە .

دەزانم کە کەسێ هەیە
ئەمانەتی من دراوەو
لە ناو دڵی شیعرەکانم
لە سەر بەرگی کتێبەکانم
لە ناو ڕەفەی وشەکانمدا خەوتووە
خودایە چۆن واگای بهێنمەوە
کە دەزانم ئەگەر وەئاگا بێتەوە

دووبارە ون دەبێتەوە .
شاعیر باسی ئەوە دەکات کە ئەم لەوە تێگەیشتووە کە ئەدەب بە گشتی بۆ ئەرك نییە بەکو ئەم وەکو شاعیر باوەڕی بەوە هەیە کە هەموو دەقێکی زیندوو یان هەموو بابەتێکی ئەدەبی و هونەری هەڵگری ئەرکن کە دەشێ ئەو ئەرکە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی یان ئەخلاقی یان ئیسەتیکی بێت کە ئەمەی دواییان زیاتر مەسەلەی چێژ وەرگرتن دەگرێتەوە .ئەم پێی وایە کەسێك خراوەتە ئەمانەتی ئەمەوەو لە ناو دڵی شیعرەکانیدا و لە سەر بەرگی کتێبەکانی و لە ناو وشەکانیدا جێگیر بووە . دەشێ ئەو کەسەی کە ئەم باسی دەکات گەوهەرو ماهیەتی داهێنان بێت یان دەشێ ئەو پرسیارانە بێت کە هەر شیعرێکی ئەم بەرزی دەکەنەوە یان لەوانەیە ئەو ماناو دەلالاتانە بێت کە دەقەکانی ئەم هەڵیان دەگرن یان بە شێوەیەکی گشتگرتر ئەو جیهانبینییە بێت کە دەشێ هەر دەقێکی ئەم هەڵی بگرێت . ئێستا ئەم بە دوای ئەو شێواز یانە ڕێگایەدا دەگەڕێت کە چۆن ئەو پرسیارانەی پێ ئاراستە بکات یان چۆن بتوانێت ئەو دەلالات و مانایانە لە باری نەگوتراو یان نەدرکێندراوەوە بدۆزێتەوە و بدرکێنێ کە ئەوەش لە کرداری گواستنەوەیاندا دەبێت بۆ نێو پێکهاتەی زمانی دەقەکە یان بەمانایەکی تر بارگاوی کردنی ئەو زمانەی کە دەقەکەی پێ بەرهەم دەهێنێت بەو ماناو دەلالاتانەی کە دەشێ هەریەکە لە دەقەکانی ئەو هەڵیان بگرن .
ئەم دەپرسێت چۆن و بە چ شێوازێك ئەوەی مەبەستێتی کە پێشتر وەکو ئەرکی نووسین باسمان کرد بەرجەستە بکات یان بیدرکێنێ کە دیسان ئەم وەکو سیحری نووسین یان سیحری داهێنان سەیری دەکات و دەترسێ لەوەی کە ئاشکرا کردنی ئەو سیحرە ببێتە هۆی پوچ بوونەوەی هەرچەندە ئەمە دۆنیاین کە مەسەلەی داهێنان ئەوەیە کە نەکات و نە شۆڕن و نە هیچ ڕووداوێك ناتوانێت هەیبووەشێنێتەوە یان پووچی بکاتەوە , بۆیە دەبێ شاعیر لەوە دڵنیا بێت ئەگەر ئەوەی لە پشتی دەقەکانی ئەوەوەیە دوای بەئاگا هێنانەوەشی ون ببێتەوە ئەوە گومانی تێدا نییە کە دیسان جارێکی ترو دەشێ لە کاتێکی تردا یان لە شوێنێکی تردا ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێتەوە .
دەشێ وەهایشی لێك بدەینەوە کە ئەو کەسەی کە ئەم باسی دەکات و پێی وایە لە لە ناو وشەو لە دڵی شیعرەکانیدا ئامادەیەو بوونی هەیە لەوانەیە سەرچاوەی بەخشینی ئیلهام بێت و مۆتیڤی بەرهەم هێنانی شیعریش بێت لە لای ئەمی شاعیر ,کەواتە دەبێ ئەو کەسە کێ بێت ؟ بێگومان ئەم کەسە هەر هەمان ئەو کەسەیە کە لەم شیعرەدا هەر لە سەرەتاوە شاعیر یان قسەکەری شیعرەکە دەیدوێنێت , هەبەت ئەوەش ئاشکرا کە ئەو کەسە خۆشەویست یان دڵدار یان بە شێوەیەکی گشتی

رەگەزی بەرامبەرە کە دەشێ وەها سەیری رەگەزی بەرامبەر بکرێت کە هەکاری بەرهەم هێنانی دەقەکەیە یان بە شێوەیەکی گشتی پاڵنەری جوڵاندنەرە بێ بەرهەم هێنان و بنیادنان و ئاوەدان کردنەوە کە داهێنانیش وەکو بەرهەمی فیکری و موعریفی و ئیستەتیکی دەکەوێتە ئەو رووبەرەوە . بەهەرحاڵ ئەو کەسەی یان ئەو شتەی کە شاعیر وەکو بەرامبەرێك دەیدوێنێت و ژیان و بوون و مانەوە لە بوونی ئەوو خۆشەویستی ئەودا دەبینێت شووناسێکی گشتی هەیەو دەشێ لێکدانەوەی جیاوازی بێ بکرێت لە نێوان ئەوی ئافرەت و گەوهەرو ماهیەتی ژیان دەستی و گەوهەرو ماهیەتی داهێنان و ئەزموونگەری و بەرزکردنەوەی پرسیاری جیراو جێر سەبارەت بە مەسەلە گرنگ و پەیوەستەکانی ژیان و بوون و شوێنی دیاری مرۆف و جیاکردنەوەی لە سەرجەم بوونەوەرانی ترو لە هەمان کاتدا ئاخاوتن لەسەر شووناسی کەسی داهێنەر دەکات کە کەسێکە لە هیچ شوێنێك ئارام ناگرێت و هەمیشە لە گەڕاندایە بە دوای دڵزینەوەو ئاشکرا کردنی نەزانراوو نادیاردا .

(٣)

ئەم دەقەی کەریم دەشتی بەرجەستەی ئەو کەسێتە دەکات کە بە گومانەوە دەڕوانێتە هەموو شتێك و وەهاش سەیری مرۆف و سەرجەم بوونەوەرانیش دەکات کە لە بەردەم مەترسی مردن و لە نێوچوونداn , بەڵام چارەنووسی مرۆف لە هەموو بوونەوەرانی تر زیاتر لە مەترسیدایە چونکە مرۆف تەنیا یەك مێژووی هەیە کە تیایدا بژی و لەگەڵ مردنیدا کۆتای پێ دێت. لێرەدا ناراستەوخۆ ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە مرۆڤی داهێنەر دەکەوێتە دەرەوەی ئەم بۆچوونە چونکە داهێنەر جارێك لە نەمری بەدەست دەهێنێت و سنووری دیاری کراوی کات دەبەزێنێت و دەشێ مێژوویەکی درێژتری هەبێت بێ مانەوە . هەر لێرەشەوە دەردەکەوێت گەڕانی بەردەوامی کەسێتی شیعرەکە کە دەشێ بڵێین شاعیر خۆیەتی گەڕانە بە دوای داهێناندا بەو ئومێدەی کە داهێنان نەمری پێ ببەخشێت و نەبێتە ئەو مرۆڤە ئاساییەی کە تەنیا لە زەمەنێکی دیاری کراودا دەژی و دوای مردنی بایەلۆجیانەی ئیتر بوونی نامێنێت بەکو ئەم دەیەوێت لە رووی مەعنەوییەوە نەمری بەدەست بهێنێت , کەواتە ئەوی شاعیر لە سنووری ئەم دەقە شیعرییەدا بەدوای ئەو نەمرییەدا دەگەڕێت .ڕۆحی ئەو نەمرییەش ئەوەیە کە لە ناو دڵو وشەکانیدا لە گەوهەری ئەزموونی شیعری ئەمدا خەووتووە بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم بەچ شێوەیەك بەرجەستەی دەکات و دەیکاتە حاڵەتێکی باوو ئامادەی ئەوتێ کە تیایدا هەست بە نەمری خۆی بکات و لە مەترسی ونبوون و سڕینەوەی دوای مردن رزگاری ببێت .

پەگەی تایبەتی ٨ی مارس لە شەشی ژنان.. و: کاوە عومەر

حەسەن ساحی: ئەمە لە سەروبەندی ٨ی مارسدا، ١٧ی ئەسفەند، ڕۆژی جیهانی ژناندایە. لە کەمپەگای ئەراندا حەماستێکی زۆر هەیە بە ئاوەی ئەم ڕۆژە تا ئاو جگایەی کە دەکرێت بە شکەماندانە لەسەر تاوەری شەشی ژن، ژیان ئازادی، بەرز ڕابگرن. لەم پاوەندییەدا کەمپەک پرسیار لەگەڵ حەمید تەقوای دەخەینە بەرباس.

حەمید تەقوایی، هەموو ساڵێک لە ٨ی مارسدا گردبوونەوە و مەراسیم ئەنجام دەدرا و لەو کەبوونەوانەشدا باس لە بە مافی ژنان و داواکارییەکانی ژنان دەکرا. بەڵای ئاوە ٨ی مارس ١٧ی ئەسفەند ١٤٠١ لەسەر بەستەنی شەشی ژناندا دەبێت چۆن بێت؟

حەمید تەقوایی: هەروەک ئاماژەت پێدا، هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، هەمیشە بەنیەکی تایبەت بووە بە ناڕازایەتی دەربڕین لە ئێران، چونکە حکومەتێکی دژە ژن، حکومەتێک کە تا سەر مەخی ئەسک کەنەپەرستانە و هەموو مافەکانی ژنان پێشێل دەکات، حوکمەانی کەمپەگا دەکات . پرسی حیجاب وەربگرن، کە هەر لە یەکەم مانگی هاتنە سەرکاری کەماری ئیسلامییەوە، ناڕازایەتییەکی بەرفراوانی لێکەوتەوە، لە ناڕازایەتی کچانی شۆقامی ئینقلابەوە تا تێکۆشانی ژنان بە سەرەتاییترین مافەکانیان، مافی سەفەرکردن، و مافی سەرپەرشتیکردنی منداڵ، مافی بەشداریکردن لە چالاکییە کەمپایەتییەکان، تەنانەت مافی گەرانی وتن، مافی وەرزشکردن، مافی بەشداریکردن لە یاریگا وەرزشییەکان و هتد. ژنان هەمیشە خەباتیان کردووە، بەڵام ئەمساڵ ناڕازایەتی لە ڕۆژی جیهانی ژناندا تایبەتمەندییەکی زۆر بەرچاوتر و گرنگتری هەیە و لە ڕووتی پێشهاتە سیاسییەکاندا یەکلاکەرەوەترە. هەکارەکەی ڕوونە. ئێستا زیاتر لە پێنج مانگە شەشەکی ژنان لە ئارادایە. شەشی ژنان بەو مانایەی کە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی بزوتنەوەی لە نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردن و نایەکسانییەک بەرامبەر بە ژنان و هەروەها بەو مانایەی کە هێزی چالاک و پێشەنگایەتییەکەی ژنانی کەمپەگایە. بەتایبەت کچان و ژنانی گەنج. بەم مانایە ڕۆژی جیهانی ژنانی

ئەمساڵ بارودۆخێکی زۆر تایبەتێ و بۆنەیەکی زۆر تایبەتێ لە کەشوهەوای ئێراندا. هەژدەی لە چوارچێوەی سەرهەڵدانی کەشوهەوای ئیسلامیمان ناوێت و دروشمی مەرگ بە ئەم حکومەتە دژە ژنە! هەر لەو چوارچێوەیەدایە کە نزیک هەر ژنان دژی نادادپەروەری و ئاپارتایدی جێندەرین، بەڵکو هەموو خەڵک دژی ئەم حکومەتە دژەژنە جارێکی دیکە دێنە سەر شەقام و ناڕەزایەتی دەردەبڕن و کەدەبنەوە و خەپیشاندان دەکەن و من هیوادارم، و دەکرێت چاوەڕوانیش بکرێت، ئەو ٨مارسی ئەمساڵ ببێتە هەژی ئەنجامدانی شۆڕشێکی شکۆمەند و سەرتاسەری ژن، ژیان، ئازادی دژ بە حکومەت.

حەسەن ساڵحی: بابەتێک کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ٨ی مارس هەبێت لەم دۆخەی ئێستادا، پرسی ژێهراویکردنی زنجیرەیی قوتابیانی قوتابخانەکانی کچانە. تا ئێستا زیاتر لە ٨٠٠ منداڵ و هەرزەکار ژێهراوی بوون. ئەم هەوداوە وەک تاوانێکی بە ئەنقەست، تیرۆری بایەلۆجی دژ بە خوێندکاران و بە تایبەت خوێندکارانی کچ باسی لەوە دەکرێت. جێگای ئەم تاوانە قەڵەونە لە ٨ی مارس چییە؟

حەمید تەقوایی: پەموایە ئەم بابەتە دەبێتە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکان و یەکێک لە پایەکانی ناڕەزایەتییەکانی ٨یمارس. وەک ئاماژەت پێدا، ئەمە کارەساتێکی، کارەساتێکی تەواو و سەرتاسەری وڵات. ئێستا مەسەلەکە لە قوم و بڕوجێرد و هەندێک شاری دیکە تەپیوە و زیاتر لە ١٣ شاری گرتەتەوە. بەپێی ئەو کەمترین ئامارەی کە دراوە، ئێستا زیاتر لە ٣٠ قوتابخانە بەدەست ئەم کەشەیوە دەناسنن. سەدان کەس ژێهراوی بوون و خەوێندراون لە نەخۆشخانە و کچێکی قوتابخانەی تەمەن ١١ ساڵ بە ناوی فاتمە ڕەزایی بە هۆی ژێهراوی بوون گیانی لەدەست دا. ئەمە کارەساتێکی شکۆدار و قووڵایی تاوان و دڕندەیی حکومەت نیشان دەدات. ئەم کارەساتە دژایەتی حکومەتی ئیسلامی بەرامبەر ژنان و کچان نیشان دەدات و ماهیەتی کۆنەپەرستانەی خۆی لە پێشڵ کردنی مافی هەموو خەڵکدا ئاشکرا دەکات. چونکە ئەم بابەتە تەنها پەیوەندی بە خوێندکاران و خوێندکانیانەوە نییە، بەڵکو پرسی هەموو خوێندکان و هەموو خەڵکە. ئەم هەڕشە لەدژی قوتابیانی کچ دەستی پێکرد و ئێستا تەشەنەی کردووە بە قوتابخانەی کوڕان و زانکۆکانیش لەگەڵ ژێهراوی بووندا سەرقاڵن. ئەم کارەساتە لە هەموو شارەکاندا خەریکە دەبێتە کەشەیکی سەرتاسەری. بەم مانایە کەشەی هەموو خەڵکە و پەموایە ٨ی مارس یەکێکە لە گرنگترین پرسەکان کە دەتوانێت ببێتە هۆی ئاوەی

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بە هەزەکی زیاترەوە بەنە سەر شەقام و دژی کۆماری ئیسلامی بوەستن، ئەم پرسی ژەهراویکردنەی کچانە.

لەسەر ئاستی جیهانی نابەت چاوەڕێی هەفتەیەکی تر بکەین، بەڵکو لە ئەمەوە کارەساتی ژەهراویکردن بکەینە گوتاری گشتی و ئای گشتی خەڵکی جیهان لەو تاوانە ئاگادار بکەینەوە. بە تایبەتی بە مە بە ستی مە حکووم کردنی ئە م تاوانەی کۆماری ئیسلامی و داوای دە رکردنی لە داموده زگا نەوده وە تییە کان و داوای بە زوترین کات ئاگرتنی ئە م تاوانە ، لە ڕێگە ی ڕێکخراو و داموده زگا و حکوومە ت و حیزب و هێزە سیاسییە جۆراوجۆرە نەوده وە تییە کانەوە داوا بکرێت. ئەم کۆکردنەوە جیهانییە دەتوانێ کاریگەر بێت و کار بکات، هەروەها ئەمەش ئەرکی حزبە ڕادیکاڵ و شۆشگێڕکانی وەک حزبی ئەمەیە کە ئەم بابەتە بەرەو پێشەوە ببەن. هیوادارم لەو ڕۆژانەی کە لە ٨ی مارس نزیک دەبێتەوە، بتوانین گوشارێ جیهانییەکان لەسەر حکومەتی ئیسلامی زیاد بکەین و نەک هەر هەرشی کیمیاوی حکومەت بە سەر کچان و منداڵ و هەرزەکاران ڕابگرین، بەڵکو گورزێکی بەهێزی دیکەش لەم حکومەتە منداڵکوژە بدەین.

حەسەن ساڵحی: با ئاوەڕێک لە کاریگەرییەکانی شۆشی ژنان لە ئێران بدەینەوە لەسەر پرسەی یادی ٨ی مارس لە جیهاندا. ئەمە دروشمی ژن ژیان ئازادی دروشمەکی جیهانییە. ئەم دروشمە بە زمانی جیاواز هاوار دەکرێت. پرسیار ئەوەیە، شۆشی ئێستای ئێران دەتوانێت چ کاریگەرییەکی لەسەر پرسەی یادکردنەوەی ٨ی مارس لە ئاستی نەودەوەتیدا هەبێت؟

حەمید تەقوایی: پەموایە کاریگەرییەکی زۆر گرنگی هەیە. تا ئێستا بەشێک لە ڕێکخراوە فەمینیستەکان و داکۆکیکارانی مافی ژنان ڕایانگەیاندووە کە تەوەرێکی گرنگی کەبوونەوە و خەپیشاندانەکانیان لە ڕۆژی جیهانیی ژناندا پشتیوانیکردنە لە شۆشی ژن ژیان ئازادی لە ئێران و پەم وایە لە وڵاتانی جۆربەجۆری ئەوروپادا شاهیدی ئەو دەبین حزب و هێزە سیاسییەکان ، و ناوەند و ڕێکخراوەکانی پشتیوانی لە مافەکانی ژنان پەویستە زیاتر سەرنجیان لەسەر ئەم بابەتە بێت و ئەم بابەتە بخەنە بەرنامەی کاری ناڕازیەتی یان ڕێپەوانەکانی ٨ی مارسەوە. بەگومان ئەو کاریگەرییەی کە شۆشی ژن ژیان ئازادی لەسەر هەیبووە، لەوە زیاترە. شۆشی ژنان لە ئێران پرسی ژنان لە جیهاندا بە پێشهاتە سیاسییەکانەوە گرێداوە. لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپایی ڕۆژی جیهانی ژنان وەک ڕۆژی خەباتی یاسایی و هەمەتی یاسایی بە مافەکانی ژنان دادەنرێت. بەڵام ئەمساڵ بە هەی شۆشی

ژنان لە ئێران داخوازی مافی ژنان بێت بزووتنەوەیەکی دژ بە ئایین، دژی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی، دژی حکوومەتێ دژە ژنە نەک تەنیا لە ئێران، بەڵکو لە ئەفغانستانیش لە ڕژێمەکانی ناوەڕاست ، و تەنانەت دژی بەمافی ژنانیش، کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواش حکومەت، ئایین و هێزە ڕاستڕەوە تووندڕەوەکان و فاشیستەکان لەی بڕپرسیارن. دەموەت بەم شێشی ژن ژیان ئازادی کەشێی ژنانی بردووتە سەر ڕێگ و ڕیشە ڕاستقینەکەی ، ڕێگ و ڕیشە سیاسی و چینایەتییەکانی لە هەموو جیهاندا و بەتایبەتی هێزە چەپەکان زیاتر و زیاتر درک بە گرنگی ئەم شێشە دەکەن و پشتیوانی لەدەکەن. لەبیرمان نەچێت پێش ئەم تێزە کەنەپەرستانەی وەک ڕۆژگارایی کولتووری، وەک نەترسان لە ئیسلام و هتد و تەنانەت هێزە چەپەکانیش بەم تێڕوانینە لە کەماری ئیسلامی و پێگەی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیک دەبوونەوە. ساڵانێکە ئەمە لەدژی ئەم تێڕوانینە کەنەپەرستانە دەجەنگین کە ڕەگی ئیسلام و دەوڵەتە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی وەک ئێران و وڵاتانی ئیسلامیکراودا پاساوی ئەدەن. خەشبەختانە ئەمڕۆ لە سایەی شێشی ژناندا، ئەو تێز و تیۆرییە کەنەپەرستانەی ڕۆژگارایی کولتووری و ئیسلامفۆبیا و وازیان لە هێنراوە و ڕوون بووەتەوە کە پرسی مافەکانی ژنان پرسێکی جیهانییە. وە ئەم ڕاستییە زیاتر و زیاتر دەرکەوتووە کە بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان لە هەر وڵاتێک، لە هەر شوێنێکی جیهان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان لە دڵی ئەورووپا، پایەیەکی گرنگە لە بەرگریکردن لە بەها گشتگیرەکان و ئازادیخوازەکان و مرۆڤایەتی. خەشبەختانە ئەمڕۆ شێشی ژنانە لە ئێران، شێشێک کە بەرگری لە ژن لەگەڵ بەرگری لە ژیان و ئازادی تێکەڵ دەکات، ئەم ئاڵایەی بەدەستەوەیە و هیوادارم و پەموایە لە ٨ی مارسدا ئەم دروشمە و ئەم پەیامە بگوازرێتەوە بە هەموو جیهان، لە بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان، یەک دەنگ لە دژی حکومەتە کەنەپەرستەکان، دژی ئایینەکان، دژی هێزە سیاسییە ڕاستڕەوەکان کە لە هەموو شوێنێک تووشی شۆڤێنیزم و پیاوسالاری بوون بێتە دەرەوە وپاشکۆیان پەیکات..

حەسەن ساحی: ئایا دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئاهەنگی ٨ی مارس کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی ئەسفەندی ئەمساڵ سەرەتایەکی نوێ بێت لە شێشی ژن ژیان ئازادیدا، وەک ئەوەی لە ٢٧ی بەهەندا ڕوویدا؟ لە هەلومەرجێکدا کە ڕژیم بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بزووتنەوەکە کۆتایی هاتووە، لە ٢٧ی بەهەندا لە زیاتر لە بیست شاردا شاهیدی ناڕەزایەتییەکان بووین. ئایا ٨یماڕس دەتوانێت ببێتە ڕۆژێکی وا؟

حەمید تەقوایی: گەشبینم و هیوادارم ئەمە ڕووبدات. ئاماژەکان هەن کە ئەمە بڕۆ ئەم ئاراستەیە دەڕۆین.

دەبینیت لەسەر ٢٧ بەهمەن، کە ئاماژەت پێدا، بزووتنەوەیەکی ژنکخراو بوو، بزووتنەوەیەکی خەباتی نەبوو بۆ تەنها بانگەوازێکی گشتی، بۆیکو ٥٠ ژنکخراو لە تاران کی چالاکی خوێندکاری، گەنجانی گەڕەک، ژنکخراوەکانی بەرگری لە مافی ژنان، پزیشکان و ...هتد. ئەم بانگەوازیان ڕاگەیاند و لەوێش گرنگتر ئەوان ژنکیان خستبوو. ئەستا هەمان هێز بۆ ٨یمارس بۆکارهێناوە. ٥٢ ژنکخراو ئەم بانگەوازیان داوە و بەهەی ئەم ژنکخراوبوون و ژنکخراوکردنەوە، چونکە کەمگەی خەی پێکهێناوە و بۆتایبەتی گەنجان، خوێندکاران، ژنکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەتان، گەنجانی گەڕەکانی شارە جیاجیاکان لەم تاران و چالاکن، هیوادارم کە ١٧ی ئەسفەند ئەمسال زۆر زیاتر ببێتە بزووتنەوەیەکی گشتی بۆ شۆڕەیکی بەرفراوانتر لە ٢٧ بەهمەن. گرنگی بڕۆ ڕاستییەکە بەدەن کە ئەستا کەمگا زۆر تووڕە بووە و ڕق و کینەی لەحکومەت گەیشتووەتە ئاستی تەقینەوە لە ئەنجامی ئەم کارەساتەی کیمیبارانی کچانی قوتابخانە و ئەمەش فاکتەریکە کە دەتوانین لە وەڵامدانەوەیدا ئومێدی پێبکەین ئەم کارەساتە لەسەر ئاستکی فراوانی کەمگا دەست بکە بە ناڕەزایەتی و ڕووبەڕووی ئەنجامکی زۆر بەهێزتر دەبینەوە لە ٢٧ی بەهمەن یان ڕەژانی پێشوو.

حەسەن ساڵحی: پلانی حیزبی کۆمەنیستی کرێکاریی ئێران بۆ بەرزڕاگرتنی ڕەژی جیهانی ژنان چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات چییە و جەخت لەسەر چ خاڵکی سەرکی دەکەیتەوە؟

حەمید تەقوایی: لە وڵاتدا، تا ئێو جگایی ئەمە پێیوەندیمان هەیە و ژنکدژین و بڕشدار دەبین لەو بزووتنەوەیانە، هەموو هەوڵک دەدەین بۆ ئەوەی ڕەژی هەشتی مارس ببێتە دەرئەنجامکی بەهێز لە شڕشی ژن،ژیان، ئازادیدا. بڕگومان لەگەڵ گرنگیدان بۆ پرسی بۆ مافی ژنان و بەداخەوە ئەمە ناچارین بەڵین کوشتنی ژنان بۆتایبەتی لە ناڕەزایەتی بەرامبەر هەرشکردنە سەر قوتابخانەکانی کچان. با ئەوێش بڵێم، کیمیبارانکردنی کچان هاوشێوەی فڕدانی تەزابۆ بەسەر دەموچاوی ژنان، یان تەقەکردن لە فڕکە، یان ئاگرنان بۆ زیندانی ئەڤین، هەنگاوکی بۆ ئەنقەست و پلان بۆ داڕژراو. بۆیە لە ناڕەزایەتییەکان بەرامبەر بڕو سیاسەتە تاوانکارییانە، هەموو سیستەمکە نیشانیە. لەم ڕوانگەیەوە ٨ی مارسی ئەمسال دەخرێتە چوارچێوەی شڕشی دژ بە حکومەت.

بەم هەڵسەنگاندنە پێشوازی لە ٨ی مارسی ئەمساڵ دەکەین. تا ئێو شوێنێکی پەیوەندی بە ناوخۆی وڵاتەوە هەیە، ئەمە لە هەموو ئێو ڕێکخراوانەیە، لەوانەش ئێو ٢٠ ڕێکخراوەی کە جاڕنامەی کەمترین داواکاریان باوکردووە و ئێو ٥٢ ڕێکخراوەی کە داوای ٨یمارسیان کردووە، هەروەها ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کەمڕەنگ، ناوەندەکان، ئەنجومەنەکان، و شورا.کرێکارەکان و بزووتنەوەی مافی ژنان، بزووتنەوەی داوای یاسایی و بزووتنەوەکانی تر، و بانگەوازەکەمان ئەوەیە لە ٨یمارسدا بە پێدانی لێدوان و ڕاگەیاندن پێکەوە و بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێتر یەکبگرین و بە تایبەتی دژی ئەم سیاسەتە تاوانکارییانەی حکومەت، وەک تیرۆری کیمیایی .خوێندکاران، بەنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتی دەربڕن. لەم ڕۆژدا پێویستە قوتابخانە دابخرێت، بازاڕ دابخرێت. زانکۆکان دەبێ مان بگرن و بەم مانایە ڕۆژی جیهانی ژنان بزووتنەوەیەکی بەهێز بێت لە پێسەی ڕووخاندنی کەماری ئیسلامیدا.

لە هەمان چوارچێوەدا چالاکیی ناڕەزایەتی لە دەرەوەی وڵات ڕێکدەخین. لە دەرەوەی وڵاتیش، حیزب لە شارە جیاجیاکان ڕۆژی شەممە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ئەنجام دەدات، ئەمەش ڕۆژی چوارشەممە ٨یمارس بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ڕێکدەخین. لە ٨ی مارسدا زۆرێک لە ڕێکخراو و تەشکیلاتەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواش دەنە سەر شەقامەکان و هەوڵ دەدەین پرسی شەشی ژن، ژیان ئازادی و پشتیوانی لەم شەشە و شەرمەزارکردنی کەماری ئیسلامی و بە تایبەتی بایکۆتی ئەم حکومەتە بکەینە ئێو ڕاگەیاندن و لێدوانانەی کە ئەم ڕێکخراوە چالاکانە لە ٨یمارسدا بۆی دەکەنەوە، ببێتە گوتار و ناوەڕۆکی بەیارنامەکە. حیزب خۆی لە هەر شوێنێک کە بتوانێ لە شارەکانی ئەورووپا و ئەمریکای باکوور خۆپیشاندان و چالاکیی بە ئەم ڕۆژە ڕێکدەخات. بەم شێوەیە هیوادارم چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە خۆپیشاندان و گردبوونەوەکانی دەرەوەی وڵات، لە ٨ی مارسدا بزووتنەوەیەکی شکۆمەند و سەرتاسەری پێکبهێنرێت و بتوانین گوڕزکی توند لە حکومەتی منداڵکوژ و دژە ژنی کەماری ئیسلام یبدەین.

حەسەن ساڵحی: باست لە ٢٠ ڕێکخراو کرد کە جاڕنامەی لانی کەمی داواکاریەکانیان دەرکرد و لە ٨ی مارسدا بەیاننامەیان دەرکرد. پێت وایە ئەم جاڕنامانەیە چ کاریگەرییەکی لەسەر لێدوان و ناڕەزایەتیەکانی ٨ی مارس دەبێت؟

حەمید تەقوایی: بەڵێکی گرنگی ئەم جاڕنامانە پێوەندی بە پرسی ژنانەوە هەیە، ئەویش بە شۆڕێکی زەر ڕوون وئاشکرا و چارەنووسساز

و ھاديكاڵ ئەم بابەتەی وروژاندووە و داوای يەكسانيەكی تەواو لە نێوان ژن و پياودا دەكات. داواكاريی گرنگی تريش پێشنيار كراون، وەك ئازادی بە مەرج و جيايی ئايين لە دەوڵەت و ياساكان و هتد، كە هەموو ئەمانە پەيوەنديان بە پرسی ژنەوە هەيە.

جگە لەوەش جانامە دەنگ و مانيفێستە و دەكرێ بەبێن ئاماژەی شەشی ژن ژيان ئازاديية. هەر هەزكی شەشگۆ كە سەركەوتنی ڕاستەقينەی شەشی ژن ژيان ئازادی دەيوێت، پێشبينی ئەوی لەدەكرێت كە لە هەموو شوێنێک باسی شەشی ژن ژيان ئازادی بكات ئەم ئاماژە هەبكات و ڕايبگەيەنێت كە ئەمە شەشكەمان مانيفێستی خۆی هەيە؛ خاوەنی جانامەيەكە كە گوزارشت لە ئامانج و داواكاريية بنەڕەتييەكان دەكات كە داواكاريی هەموو بەشەكانی كۆمەڵگان و زۆر مەدەرن و ئازاديخوازانە و مرۆڤدۆستانەيە. ئەم جانامەيە ئەبێت لە هەموو بنەيەک و لە هەموو مينبەرێكدا لەگەڵمان بێت، لە دەستی ئەمەدا بێت، گوتارمان بێت لە هەموو هەمەتەكدا كە لە دژەوەی ئێران و لە ناوخۆی ئێراندا ڕەكدەخەين يان هەر خەبات و مانگرتن و خۆپيشاندانێک كە بەشداری دەكەين. ٨ی مارس دژەفەتەكی باشە بۆ هەنانە پشتەوەی ئەم جانامەيە بۆتايبەتی بگەكانی پەيوەست بە ئازادی ژنان و مافەكانی ژنان و داوا لە بەشداربووانی مەراسيم و وتار و خۆپيشاندان و ڕەپەوان لە دژەوەی وەلات بكرێت پشتگيری ئەم جانامەيە بكەن جانامەكە بە زۆر زمان وەرگێڕدراوە، لە هەموو وەلاتەكدا هەوڵەدەين ئەمە بە زمانيئەو وەلاتە بخوێنرێتەوە و لەو بەيارنامانەی كە لە ٨ی مارس دەرچووە، بگەيەک تەرخان دەكەين بە بەرگريكردن لە شەشی ژن، ژيان ئازادی، و مانيفێستەكەی،واتە جانامەی ٢٠ ڕەكخراو.

٢ی مارس ٢٠٢٣، ١١ی ئەسفەند ١٤٠١

بە پشتبەستن بە چاوپەكەوتنێک لەگەڵ كەناڵە جەديدە كەكراوەتەوە

سوپاس بە ئەمير تەوكولی بە نوسينەوەی دەقی سەرەتايی ئەم چاوپەكەوتنە

گوزارەک بە کوچە و کانی فانۆسی شکاودا.. کاروان حەسەن

فانۆسی شکاو بەرهەمێکی شیعری شاعیری لاو (هیوای مەلا ئادەم)ـە. لەدووتوێی (500)لاپەڕەدا، بە تیراژی (1000)دانە چاپخانەی مەخمەک لە ساڵی (2020)چاپی یەکەم چاپ و بلاوی کردووەتەوە.

بەر لەهەموو شتێک زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێ، ئەو هەموو شیعرە چییە دەنووسرێ؟ ئەو هەموو شاعیرە چییە پەیدا بوون؟
بە وەڵامی ئەو دوو پرسیارە، ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئاو و بیر و بۆچوونی زانایان و شیعر ناس و شیعر دۆستان. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و باسە هەموو ئەو نووسەر و ڕەخنەگر و شیعر دۆستانەی قسە لەبارەی شیعرەوە دەکەن، لەسەر ئەوە کۆکن کە چەند خاسیەت و تایبەتمەندییەک هەیە بۆ ئەوەی شیعری باش و خراپ لەیەکتری جیا بکەینەوە یان چەند پۆوەرێک دەبنە خاڵی جیاکردنەوەی شیعری باش لە دۆقی خراپ ی بۆناو شیعر. وەک: (زمان، ڕەوانبێژی، وشەسازی، ڕەسەکانی جوانکاری، وێنەی شیعری، ڕیتم، ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی شیعر) هەموو ئەمانە ڕەچاو هەیە لە چاڵ و خەشی ئەو شیعرەدا.
کەواتا خوێندنەری باش و بەسلیقە و ورد چەن دۆقی باش و خراپ لەک جیادەکاتەوە، ئەمە چاڵ و باڵابوونی دۆقە وادەکات خوێنەر سنووری نەوان ئەو دۆقانە دیاری بکات، هەروەک ڕیچارد هەڵد دەڵێ: (شیعر هونەرێکە مەبەستی ئەنجامدانی گەورەترین چاڵ بەخشینە بە گوێگر) هەر لەڕگەی چاڵی خوێندنەوەی دۆقە خوێنەر دەزانێ کام شیعر باشە و کامەی خراپە.
خەشبەختانە کاک (هیوای مەلا ئادەم) یەکێکە لەو شاعیرە گەنجانەی ئێستا، کە بە هەستێکی جوان و سلیقەیەکی وردەوە خەکردانە شیعر دەنووسێ (فانۆسی شکاو)یش باشترین بەڵگەی شاعیربوونی کاک هیوا دەسەلمێنن، ئەگەرچی هەموو دۆقێک لەوانەیە وەک یەک چاڵبەخش و جوان نەبن بەڵام بەشی هەرە زۆری دۆقەکانی فانۆسی چاڵی تایبەت و بەهێست و سۆزێکی پێ ئیحساسەوە نووسراون. فانۆسی شکاو لەدوو بەش پێکهاتووە(بەشی بوغز ، بەشی ئەوین).
لەڕەوە گوزارەک بۆناو کوچە و کانۆنە پێ لە ڕەنگاو ڕەنگ و چاڵی ئەدەبی دەکەین و چەند نموونەیەک دەنینەوە و لەگەڵمانبن.
دەیان ساڵە
بە بەڵەمی کون تێبووی دیرکیانەوە

بەسەر هووباری سووری خوێن، دەن و دەچن !
دەیانەوێ بەزەبری چەک
فراوان بن وەکو دەریا، بە کەناران شەپەل بدەن
لە مخابن !
ئاور نادەنە دواوە
لە مژوویان ناوانن
درک ناکەن ، لەوتەی هەن .
سەوە لەسەر لم لەدەدەن!
لەم شیعرەدا بەناوی (خەبات) سەرکەنەی دوو حیزبە دەسەاتدارەکە دەکات و هەخنەیان لەدەگرە، پشەو ئاسا پەنووسەکەی خستەتە گەە بە دەربەینی ناەحەتی و هەستە پەنگ خواردووەکانی ناخی و لەنووکی پەنووسەکەیەوە بیان هەژە و هەوەستی خەی نیشان بدات.
لە شیعرەکی تردا بەناوی (دەوەتی کوردی) وریاتر و جوانتر و بەهەوەستتر دەنووسە و دەە:
تا مافیا حوکمی گەل بکا
تا شاعیران تەق لەمل و شەتی ژن بن
دەوەتی کوردی، خەونکە وەدی نایە!
مەرزیە و زەرد کراوە و دە دەمدایە !
کەرکوکی کەنیشکەی دەتە
بووکی کوردە و
لەسەر چارپای خەوی شیرین
نیوە هووتە و
لەناو کەشی بەغا دایە!
نەووکی پەنووسی هیوا پە هیوایە، وەلە جار جار بە ئومەدیش لەدەیدایە، ئەو دژی زوەم و زەرداری و نادادی و ناعەدالەتی وشە دەکاتە هەوەست و دەنگ هەدەبە لەبارەی کوردایەتی و دەسەزی و خەباتی دوەنەی باوکی و ئارەق هشتنی کەسانی دەسەز و بەوەفا، بەام جووتە حزب لەم هەرەمە، چی دەسەز و خەباتگەە و منا شەهید بوو وەلایان نان، بەیە لەشیعری (تەسکیەی بزن)دا دەە:
هەرهەموومان لەم هەیەدا
زەنگە ، زەنگە، ئارەقمان هشت !
کەچی لەولا بەچکە جاشە
بزنەکی دابوویە پەش خەی!
وەک بەی کوە شەهید بە
هەزی گیرا و دەرگاشی بە خرا سەرپشت!
دەنگی شاعیر دەنگی گەلە، دەنگی زوەم و چەوساوە و هەژارەکانە، شاعیر هەمیشە شتە پەنگخواردووەکانی ناخی دەردەبە و ئەوەی

لەمڕۆی ئاسایی جیای دەکاتەوە ئەویە شاعیر ئەو شتانەی دەیبینە بە شیعر بەیانیان دەکات و خەنک و خونەریش ئەو وشە و دەق و شیعرانە دەبینن بەنام شاعیر وردتتر لە شتەکان دەوانە و دەیانخاتە قالبی شیعر و بە ئاوی ناخ ئاویان دەدا و چرە دەکەن وشەکانی و دەقەکی جوان دەهەتە بوون.
لەشیعری (تابلە فرش) دا دیمەنی تابلە فرشەکمان پیشان دەدات کە بەدیار تابلەکانییەوە وەستاوە و هیچ کریاری نییە و لەخەی بەزارە و هاوار دەکات .
هەاج ! هەاج !
خەیان و بزەی سەر لەویان
خەیان و ددانی گریان
کەس بە فلسە نایانکرە !

لە شیعری (بەخشش)دا دەنگی هیوا کە دەنگی چەوساوە هەژارانە دەتە گە و پە بە قورگی سوپاسی خودا دەکات کە چوار شتی پەداوە و بەهەی ئەو چوار شتەوە لە ژیان بەردەوامە و ئومەدی بەوانەوە بەندە ئەوەتا دەاە:
گەر ئەو چوار ئازیزە نەبان
بەشک غەمی جاشقەاەم و ەیشی درە
پیاوی گەلحە و میری دزان
من پیر دەکەن ، من دەکوژن !
سوپاس بەتە خودای من
کە داوتە پەم :
کەتر و باران
کتەب و ژن !

هیوای دە پر لە حەسرەت و خەمخەر هەر بەوە نەوەستاوە کە ەەخنە لە سیاسەت و سیاسەتمەداران و ناعەدالەتی بگرە، ئەو لەکوە هەژارەک هەبە دەنگی زوەاەی هەەدەنە و پە بە گەرووی هاواردەکات، بە هەژاران دەبەتە چەتر و سەبەریان. نووکی پەنووسی دەنگی منااە شەهید و ئەنفالە، دەنگی زایەاەی شەهید و گیانفیدایانی کوردستانە.
لەشیعری (لە وەاتی مارە بەجاش دا) دژی ئەو کەسانە دەدوە کە سەنگەریان دەگوازنەوە لەم حزب بە ئەو حیزب هەر ەەژە و لەسەر پەتەک یاری دەکەن، شاعیر لەیان دەتە قسە و وشە و پەنووسی دەنە گە و دەاە:
کە پایز دە
دار گەاسی حەوشەکەمان

ناوەڕۆ زەرد بکاتە بەر
ئاخر لەڕۆ سەوز دەستان دەیبەنەوە
لە زستانیش گەر بیەوە
تارای زیوینی بپەشە:
زەرد خوازەکان مارەی دەکەن
سەوز دەستان دەیکەنەوە!

لە شیعری (لەمپەر) دا ڕەخنە لە عەقڵی کەمەڵگا و کەسانی خاوەن بیری تاریک و نەزان و گەمژە دەکات و دەنگی خەی هەڵدەبڕێ و پێیان دەڵێ:
با شارەکان هەر ڕووناک بن
پاکەکانمان :
وەک لمی کەنار نیان و
شەقامەکان وەک پاڵکە زێڕینە جوانبن !
کێکی چییە؟
لەڕۆ عەقڵەکان تاریکن !
شەقامی چی و پیاسەی چی؟
وەختی عەقڵەکان ئیفلیج بن !

ئەو نموونانەی سەرەوە بەڵگە و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە (هیوای مەلا ئادەم) دەستکی باڵا و ڕەنگینی هەیە و وشە و واژەی جوان و پڕ چێژی لە دەقدا کەکردونەتەوە کە پێیان بوترێ شیعر.

بەشی یەکەم کاروان حەسەن – هەولێر

لینین و ئازادییە سیاسییەکان و ئەزموونی سۆڤیەت.. حەمید تەقوایی

وەرگێڕانی بۆ کوردی کاوە عومەر

ڕوونکردنەوە: لە مانگی ئێلولدا سیمینارێکم بۆ هەمان ناونیشان لە

ئەنجومەنی مارکس ئەنجامدا کە قیدیەکایشی بەاوکرایەوە. تەوەر و ناوەڕۆکی ئەم بابەتە وەک یەک، بەتەواوەتی پوختتر و چڕتر بووەتەوە و خاڵی نوێیشی بۆ زیاد کراوە.

زەمینە و هۆکاری دەست بردن بۆ ئەم بابەتە، چ لە ئەنجومەنی مارکس و چ لەم وتارەدا، ئەو باس و مشتومڕانەیە کە ئێستا ماوەیەکە لە دەوری مامەڵەی لینین لەگەڵ ئازادیە بۆ مەرجەکان و سزای لەسێدارەدان و جێگاکەی لە سەقیەتدا بەردەوامە ئەزموون و لە ماپەڵەی هەزرەن.وە هەندێک سایتی تریش هەنگدانەوەی هەبووە. بەتام مەبەست و پاڵنەری من تەنیا بەشداربوون لەم مشتومڕەدا نیە، بەڵکو مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو پرسە بنەڕەتیانەی کە دەکرێت لەم قاڵب و چوارچێوەدا شیکاری و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت و جارێکی دیکە تایبەتمەندی کۆمەنیزمی کرێکاری لە جیاکردنەوەی لە لقەکانی دیکەی کۆمەنیزم لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکان.و پێشنیار و ڕوونکردنەوەی مەقوڵەکانی وەک لەنینیزم، ئازادیە سیاسیەکان و پێوەندییان لەگەڵ یەکسانی و بەگشتی ژگاری مرۆڤ، ئەزموونی سۆڤیەت و زەمینە بابەتیی و سیاسییەکانی شکستی شۆشی ئۆکتۆبەر، هەروەها میتۆدۆلۆژیای مارکسیستی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسانەدا. بەگومان باسکردن و دەربڕینی بەچوون لەسەر هەریەکەک لەو پرسانە بۆ کۆمەنیزمی کرێکاری شتێکی نوێ نیە، بەڵام پێویستە هەرجارەو لە چوارچێوەی هەلومەرجی نوێدا بەچوون و بناغە فیکرییەکانی کۆمەنیزمی کرێکاری تاوتوێ بکرێت ، مشتومڕکانی ئەم دواییەدا لە دەوری هەڵوەستی لینین و ئازادیە سیاسیەکان ، دەرفەت و بیانوویەکی گونجاو بۆ ئەم کارە دەڕەخسێنێت.

شێوەی بابەتەکە: لینین و تیرۆری سوور
تەوەری گفتوگۆکانی ئەم دواییە سەبارەت بە لینین، سیاسەتی بەلشەفیکەکانە لە کاتی شۆڕشی ناوخۆییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشەکاندا. سیاسەتێک کە بەلشەفیەکان خۆیان ناویان ناوە "تیرۆری سوور" و هەمان ناونیشان لە نووسینەکانی ئەو قۆناغە و دواتر لە مێژوونووسی ئەو قۆناغەدا ئاماژەی پێکراوە. دەوترێت لەم ماوەیەدا لینین فەرمانی لە سەدارەدانی دەرکردووە و هەر بۆیە دژی لەسەدارەدان نەبووە. یان بەاوکراوەکانی داخست و چالاکیی سیاسی حزبی قەدەغە کرد و بۆ هەیەوە لەگەڵ ئازادیە سیاسیەکاندا ڕازی نەبوو و تەگەیشتنێکی سەرلەشێواوی بە ئازادی و هتد هەبوو.

لینین و بەلشەفیزم و لە ڕاستیدا تەواوی بزووتنەوەی کۆمنیستی لەو

ماویدا هندێک خاڵی لاوازی و کەموکوڕییان هەبوو – کە دواتر باسی دەکەم – بەڵام چوارچێوەدان بە مەسەلەکە وەک تێگەیشتنی سەرلەنوێی لینین لە ئازادی، بە بۆچوونەکەی خۆی و ناڕاستەقینەیی لە پرسەکە. بۆتایبەتی کاتێک دێتە ئەنجامەی کە گەیشتنی ستالینیزم و شکستی ئەزموونی سۆڤیەت تێنەگەیشتنی لینین بوو لە ئازادییەکان، ئەمەش هەمان میتافیزیک و هیچ پێوەندییەکی بە شیکردنەوە و میتۆدی مارکسیستییەوە نییە لە پشکنینی پێشهاتە مێژووییەکان.

فەهمی یەکەمی ئەم شێوازە بە ماملێکردن لەگەڵ لینین و ئەزموونی سۆڤیەت ئەوەیە کە قەناعی شێوە ناوخۆییەکان لەگەڵ قەناعی سۆڤامگیری دەوڵەتی سۆڤیەت تێکەڵ دەکات و ئەدای لینین و بەلشەفییەکان لەم قەناعەدا بە سیاسەتی دەوڵەتێکی دامەزراو و جێگیروتوو دەزانێت و بەیاری لەسەر ئەدات. تیۆری سوور سیاسەتی حکومەتێکی دامەزراو لە دەخێکی ئاسایيدا نەبوو، چونکە نە تا ئێستا لە بنەڕەتدا حکومەتێکی لەو جۆرە پێک هاتبوو، نە کەمێگاش لە دەخێکی ئاسایيدا دەژیا. ئاپێینی ئۆکتۆبەر دەسەڵاتی لە دەستی بۆرژوازی دەرهێنا، بەڵام ئەم تەنها سەرەتای شۆڕشێکی درێژخایەن بوو لە نێوان هێزە سپییەکان (هێزە بۆرژوازییە ناوخۆییەکان بە هاوکاری سیاسی و سەربازی زیاتر لە بیست حکومەت، لەوانە ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەمریکا ، و ژاپۆن) و هێزە سوورەکان، کە نزیکەی شەش ساڵی خایاند. واتە شۆڕشێکی بە ئاپێینی ئۆکتۆبەر کۆتایی نەهات، بەڵکو لە شۆڕشێکی تێواودا بەردەوام بوو کە بۆرژوازی و هێزە کۆنەپەرستە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بەسەر بەلشەفییەکانیاندا سەپاند. ئاپێینی ئۆکتۆبەر کۆتایی شۆڕشێک نەبوو، بەڵکو سەرەتای شۆڕشێک بوو. بۆرژوازی ڕوسیا و هێزە کۆنەپەرستەکان بەسەر پاشتی بۆرژوازی جیهانی، بە هەموو هێز و دەندەیی خۆیان لە سەرتاسەری ڕووسیا بە شۆڕشگێڕان و حکومەتە تازەپێگەیشتوەکەیان هەسان و لە دژی ئەم دەندەیە ڕێکخراوە بوو، کە بەلشەفییەکان پێنایان برد بە سیاسەتی تێقاندن و سەرکوتکردنی دژە شۆڕشگان و ڕوویان کردە تیۆری سوور،

مەسەلەی ئەوەی کە ئایا تیۆری سوور حەتمی بووە و ئایا ڕێگەی دیکە هەبووە بە شکستپێهێنانی بۆرگری چەکدارانەی بۆرژوازی، دەتوانێت مشتومڕێکی تەواو ڕەوا بێت- لە خوارەوە باسی ئەم بابەتە دەکەم- بەڵام شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەمە هەرچیيەک بێت، ڕوونە کە بابەتێکە لەسەر ئەو هەوڵستە دامەزراوە کە پێوەندی بە هەوڵستی

لینین لە بڕانبەر لەسێدارەدان و یان بەچوونی لەسەر ئازادی و هتد نییە. مشتومە لەسەر "سزای لەسێدارەدان" یان "ئازادیە سیاسییەکان" لە یاساکانی کۆمەڵگایەک و ئیدای حکومەتێک لە بەرەوبردنی کۆمەڵگایەکدا باس ناکرێ. پێویستە مەسەلەکە لە چوارچێوەی بارودۆخی ئێستاقینەی ئێو قۆناغەدا دابنرێت و لێی بکۆڵرێتەوە. مەسەلەی ئێستاقینە، تاکتیکی حیزبێکی شۆڕشگێڕی تازە دەستاتدارێ بە سەرکوتی بەرگری دژە شۆڕش لە شۆڕشێکی دێندانە و سەرتاسەریدا کە بەسەریاندا سەپاندووە. ئەمە چوارچێوەی ئێستاقینەی گفتوگۆکەیە و پێویستە لەم چوارچێوەیەدا سیاسەتی تیرەری سوور پێداچوونەوەی بە بکرێت و ئاستی یان هەڕەشەکەی نیشان بدرێت. هەر جۆرە باسێک لە بابەتەکە لە شێوەی سزای لەسێدارەدان یان سیاسەتی بەلشەفیزەکان بەرامبەر بە ئازادیە سیاسییەکان و هتد، لە بنەڕەتدا میتۆدێکی زۆینی و بە بەچوونی من هەووکەش و ئاست نزمە، کەشێکە بە دروستی پێناسەناکات، و بەیە ناتوانێت بگاتە ئەنجامێکی دروست و باوەڕپێکراو وانە لێوەرگیراو.
خاڵی دووەم لە هەڵخەگرتن لەم شێوازە زۆینگەرایەیدا ئێویە کە هەوداو و پێشهاتە مێژووییەکان بە تێگەیشتن و بەچوونی کارەکتەرە بەشدار و کاریگەرەکان لەم پێشهاتانەدا هەون دەکاتەوە. لینین تیرەری سووری ئەنجامدا، چونکە "دژی لەسێدارەدان و سەرکوتکردنی ئازادییەکان نەبوو"، چونکە "تێگەیشتنێکی سەرلەشێواوی لە ئازادی هەبوو" و هتدا! ئەگەر ئەم شێوازە درێژ بکەینەوە بە هەوداوە مێژووییەکانی تر، پێویستە بگەینە ئێو ئەنجامەی کە بە نموونە هیتلەر شۆڕی جیهانی دووەمی دەستپێکردووە، چونکە تێگەیشتنێکی سەرلەشێواوی لە ئاشتی هەبووە، یان تروومان بە سەدان هەزار کەسی لە هیرۆشیما و ناگازاکی ئاگری تیبەردا بەمبێکی ئەتەمی لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا.چونکە تێگەیشتنێکی سەرلەشێواوی هەبوو لە کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی بێتاوان! بەگومان هیتلەر و تروومان بە هیچ شێوەیەک بڕاورد ناکرێن بە لینین، بەڵام هیچ شتێک نییە بەناوی ناکۆکیەوە. ئێو خاڵەی کە دەمەوێت هەونی بکەمەوە ئێویە کە شێوازی هەونکردنەوەی ئیدای سیاسەتمەداران و کۆسایەتییە مێژووییەکان لەسەر بنەمای تێگەیشتن و باوەڕ و بەچوونکانیان، نێک تەنیا سەبارەت بە لینین و ئەزموونی سۆڤیەت، بەڵکو سەبارەت بە هەر حاڵەتێکی دیکەش،لە بنەڕەتدا هەڕە و زۆینی و هووکەش.

تەنانەت مێژوونووس و سیاسەتمەدارانی تا ئادیێک قووڵی بڕژوازیش ، ئیدای کۆسایەتییە مێژووییەکان و پێشهاتکان لە ئاستێکی وادا هەون ناکەنەوە. کە بە نموونەی جیهانی یەکەم و دووەم لەسەر

دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان بووە و نەک هەڵە و کەموکوڕیە تیۆریەکانی سەرکردە سیاسیەکانی ئەو قۆناغە، یان کە بەکارهێنانی بەمبی ئەتۆمی بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و هێزموونی ئەو سەردەمە بووە حکومەتی ئەمریکا و چینی دەسەڵاتدار لە جیهاندا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم – بۆ تایبەت لە (کابەریکردن لەگەڵ جەمسەری سۆڤیەت) و نەک عەقڵی پەککەوتەی تروومان، ئەو تیۆریانەن کە نەک تەنها لەلایەن مارکسیستەکانەوە بەڵکو لەلایەن هەموو شیکار و مێژوونووسەکانەوە کە هەوڵیان داوە کەمێک قووڵتر ببنەوە، بارودۆخ و چوارچێوەی سیاسی و ئابووری لە بایاردان و ئەدای حزبەکان و کەسایەتیە مێژووییەکان لەبەرچاوبگرن وبە دڵنیاییەوە کارکتەرەکان هەڵیان هەیە لە داشتنی پشهاتە مێژووییەکان – و لە خوارەوەش لەم بارەوە ووون دەکەموە- بەڵام هەرچەندە ئەم هەڵە گرنگ و یەکلاکەرەوە بێت، ناتوانێت لە چوارچێوەی هەلومەرج و پێداویستیەکانی هەر سەردەمێک تێپەڕێت.

تانانێت تێگەیشتن و باوەڕی سەرکردە سیاسیەکان هەنگدانەوەی ئەو هەلومەرج و پێداویستیە بابەتیانەن کە لە هەموو قۆناغێکدا داوای ئەو جۆرە بۆچوون و باوەڕانە دەکەن. من زیاتر باسی ئەم خاڵە دەکەم.

و لە کۆتایدا خاڵی سێیەم کە زیاتر پەیوەندی بە حوکمی ئەخلاقی و یاسایی لینینەوە هەیە، بریتیە لە حوکمدان لەسەر بیار و کردارەکانی لەسەر بنەمای پۆوەر و بەهاکانی ئەمڕۆ. هەڵسەنگاندن و حوکمدانی کەسایەتیە مێژووییەکان – سیاسی، هونەری، زانستی و هتد- تانیا لە چوارچێوەی سەردەمەکیاندا پەیوەندیدارە. ئابردوو دەکرێ و دەبێ بە تێگەیشتن و تیۆریەکانی ئەمڕۆ شی بکرێتەوە، بەڵام حوکمدانی کەسایەتیەکان و تانانێت حیزب و بزووتنەوەکانی ئابردوو لەسەر بنەمای ئەو بۆچوون و بەها و پەوڕانیە کە ئەمڕۆ پێی گەیشتووین – یان پێشکەوتنخوازترین بەشی کەمڕۆگە پێگەیشتوە.- ڕۆگەیەکی هەیە. شێوەکانی سەردەمی کۆن یان سەدەکانی ناوەڕاست بە دڵنیاییەوە پەیوەستێ بە تیۆری و تێوانینێ مارکسیستەکان و ماتریالیزمی دیالکتیکی – واتە دوایین بۆچون و تیۆری زانستی کە مرۆڤایەتی ئەمڕۆ بەدەستی هێناوە – بەڵام حوکمی سپارتاکەس، ئەسکەندەر، جەنگیز و شاعەباس یان بزووتنەوەی سەربداران و بزووتنەوەی چارتیستی و بیروباوەڕ و لاوازی و خاڵە بەهێزەکانیان لەسەر بنەمای پۆوەر و بەهاکانی ئەمڕۆ دامەزراون، شتێکی پوچ و بەمانایە. بۆچوون و کردەوەی کەسایەتیە مێژووییەکان دەبێ لە

چوارچێوەی سەردەمکەیاندا حوکم بدرێت. پێشکەوتنخواز یان کۆنەپارستی بوون لە سیاسەت و هونەر و کولتووردا بە درێژایی مێژوو هەمان بنەمای هەیە – بەرگریکردن لە جەماوەری خەڵک و بەبەشکان لە بەرامبەر بەرگریکردن لە حکومەتکان و چینە دەسەڵاتدارەکان – بەڵام پووڕ و پانتاییەکی وەک یەک نین و جێگیر نین. کۆنەپارستی و پێشکەوتنخوازی لە هەر قۆناغێکدا ناوەرۆک و مانای تایبەتیان هەیە و هەنگدانەوەی مەودا و سەقفی مێژوویی تایبەتی ئەو قۆناغەیە. لە ئاستێکی گشتیدا دەکرێ بڵێین بە درێژایی مێژوو، لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت و کەمەڵگای مرۆڤایەتی، پووڕ و بەهاکانمان سەبارەت بە ئازادی، دیکتاتۆری، یەکسانی، هەڵاواردن، و بۆگشتی پێشکەوتنخوازی و کۆنەپارستی قووڵتر و فراوانتر بوونەتەوە. بە نموونە ئەمەڕۆ داکۆکیکردن لە مافی هاوڕەگەزبازەکان، "هاوڕەگەزخوازەکان"، مەرجێکی سەرەتایی پێشکەوتنخوازانە و جیاکردنەوەی هەزی پێشەنگ و پێشکەوتنخواز و هەزە کۆنەپارست و کۆنەپارێزەکان. بەڵام پێنجا ساڵ لەمەوبەر وا نەبوو. هەمان شت بۆ بەهاکانی وەک پاراستنی ژینگە یان مافی ئاژەڵان ڕاستە. مرۆڤ ناتوانێت لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕەخنە لە مارکسیستێک یان تەنانەت بزووتنەوەیەکی کەمینەیستیش بگرێت و حوکم بدات چونکە بە نموونەی ئەو بۆچوونانەی ئەمەمان لەسەر "هاوڕەگەزخوازان" نەبووە یان بەرگری لە ژینگە یان مافی ئاژەڵانیان نەکردووە. ئەم بۆهایانە دەستکەوتی شارستانیەتی ئەمەنن – کە لە نێوان شتەکانی تردا بە هۆی خەباتی مارکسیستەکان لە سەدەی ڕابردوودا بەدەست هاتووە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ناتوانرێت بگەڕێنرێنەوە بە سەردەمێک کە شارستانیەتی مرۆڤایەتی یان وردتر بڵێین ، خەباتی چینایەتی -هەشتا گۆشەی نەکردووە تا ئاستی ئێستای پەرەی پێنەدراوە. مێژوو ناتوانرێت تێپەڕێنرێت.

بزووتنەوەی کەمینەیستی بزوتنەوەی دژی لەسەدارەدان

سەبارەت بە پرسی لەسەدارەدانیش کە بابەتی گفتوگۆکەمانە هەمانشت ڕاستە. هەرچەندە دژایەتی لەسەدارەدان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە (لەیابان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی دوانزەهەم لەسەدارەدان قەدەغە کرا)، بەڵام بزووتنەوەی دژی لەسەدارەدان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی-کەمەڵایەتی و قەدەغەکردنی لەسەدارەدان لە زۆرێک لە وڵاتان بەرهەمی پێنجا ساڵی ڕابردووە. لە زیاتر لە سەدا نەوەدی ئەو وڵاتانەی کە سزای لەسەدارەدانیان قەدەغەیە، لە ماوەی دوای جەنگی جیهانی دووەمدا سزای لەسەدارەدان هەڵوەشایەوە. لە زۆرێک لەو وڵاتانەدا سزای لەسەدارەدان بە بارودۆخی نائاسایی وەک شەڕ گەڕپێدراوە و هەشتا لە ژمارەیەک وڵاتدا کە سزای لەسەدارەدانیان هەڵوەشاندووەتەوە، ئەم سزایە لە

بارودۆخی نێخوازراوی شێدا ڕووگەپێدراوە.

هەرچەندە مێژووی بزووتنەوەی دژ بە لێسەندارەدان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 18، بەڵام وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی کاریگەر تەنیا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا هێزی پەیدا کرد. زۆرێک لە ڕووخراوە نوودووێتییەکان و هەڵمەتکانی دژی سزای لێسەدارەدان بەرهەمی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمن. چالاکییەکانی ڕووخراوەکانی وەک ڕووخراوی لێبوردنی نوودووێتی دژی لێسەدارەدان، یان هاوپەیمانی جیهانی دژی لێسەدارەدان، تەنها چەند دەیەیەک مێژوویان هەیە. بزووتنەوەی دژی سزای لێسەدارەدان (و ئەو ڕاستییەی کە سزای لێسەدارەدان بۆ گشتی لە بیروڕای گشتیدا وەک ناپەسەند و نامرۆڤانە سەیر دەکرێت) شتێکی تاوادەیەک تازە و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت فیکری-فەرهەنگی دژی سزای لێسەدارەدان تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم مودا و دەسەڵاتێکی زۆر سنووردارتر و لاوازتری هەبوو لە ئەمڕۆ. ئەم ڕاستییە لە نێوان شتێکانی تردا خێی لەودا دەردەخات کە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ – کە لەلایەن نێتەوە یەکگرتووەکانەوە لە کاڵنووونی دووەمی ١٩٤٨ پەسەندکرا – لێسەدارەدانی قەدەغە نەکردووە.

دیارە لە ڕوانگەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە مەسەلەی لێسەدارەدان، ئەم دواکەوتنە لە مەسەلەکەدا هەست پێدەکرێت. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە لقە جەراوجەرەکانی کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاریەوە هەیە (ماویزم، گەریلا، کۆمۆنیزمی ڕووسی و هتد)، دژایەتی سزای لێسەدارەدان هەرگیز لە نەریتی ئەواندا نەبووە و ئێستاش نییە. هەشتا ڕووخراوەکان و ڕاوتی کۆمۆنیزمی تەقلیدی (ڕووخراوەکانی وەک کۆمینە(اقلیت)ەکان یان حزبی تەفان) دژایەتی پڕنسیپی و گشتی بە لێسەدارەدان بە بابەتێکی لیبڕاڵ دەزانن. بە ئەم لقانەی کۆمۆنیزمی ناکرێکار، لێسەدارەدانی دژە خێک یان لێسەدارەدانی دژە شۆشگێڕان بەتەواوی ڕووگەپێدراوە و تەنانەت پێویستیش. (بە لقی ماوی، تەزی ئازادی بە گەل و سەرکوتکردن بە دژە دروستکردن چوارچێوەی گشتی ئەم مامەڵەیە لەگەڵ لێسەدارەداندا پێکدەهێنێت). ئەم ڕووتانە لە بنەڕەتدا لە دوای شکستی شۆشی ئۆکتۆبەر لە یەکێتی سۆڤیەتدا بەاوبوونەوە و لە ناوەڕاستی و ئامانجەکانیاندا بزووتنەوەکانی سەربەخۆیی و پیشەسازی و چاکسازی بەرژوازی بوون.

لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی سەدەی نۆزدەهەمدا کە بڵشەفیزم درێژەپێدەری بوو، دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی سزای لێسەدارەدان جێگەیەکی ئەوتەی نەبوو. هەرچەندە مارکس نووسینەکی ڕوون و قووڵی

هەیە دژی سزای لەسێدارەدان – بابەتێک کە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٨٥٣دا لە ڕۆژنامەی نیویۆرک دەیلی تریبیوندا هاتە ئاراوە و مارکس خۆی زۆرتر ئەمە بە فەلسەفی دەزانێت نەک سیاسی – بەڵام لە ڕوانگەی سیاسییەوە دژایەتیکردنی سزای لەسێدارەدان و بەرەنگاربوونەوەی سزای لەسێدارەدان بە ڕێکوپێکی لەپراکتیکی کەمەنیستەکانی ئەو سەردەمدا نییە، و لە بەگژنامە و پلاتفۆرمەکانی هەمەتەی هەڵبژاردنەکانیاندا (لە مانیفێستی کەمەنیستەکاندا، بەیارنامەکانی ئینتەرناشناڵی یەکەم و دووەم و سێیەم، بەرنامەکە لە پارتە سۆسیال دیموکرات و بەڵشەفییەکان و تەواوی ئەدەبیاتی چەپەکان تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم)دا، هیچ شوێنێک بە هەڕەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان نییە. بە گشتی دەکرێ نەریتی بزووتنەوەی کەمەنیستی لەو قۆناغەدا وەک درێژەپێدەری نەریتی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا سەیر بکرێت. بەڵشەفییەکان وەک جاکۆبینەکان هەگەر بە لەسێدارەدانی دژە شۆڕشگێڕان دەدەن وەک جۆرێک لە سەرکوتکردنی دژە شۆڕش دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات و تیرۆرکردنی سوور لە کاتی شۆڕشی ناوخۆدا لەلایەن بەڵشەفییەکانەوە، وەک تیرۆرکردنی دژە شۆڕشگێڕەکان لەلایەن هەبسپێر و هاوپەیمانەکانیەوە لە سەردەمی شۆڕشی گەورەی فەرەنسادا، شتێکی حەتمی و هەگبەپڕاوە بە چەسپاندنی دەسەڵات، ئەوان بە شۆڕشگێڕ دادەنرێن. بە واتایەکی تر بە بزووتنەوەی کەمەنیستی ئەو سەردەمە، سزای لەسێدارەدان لە چوارچێوەی سەرکوتکردنی بەرگری دژە شۆڕش بەرامبەر بە حکومەتی شۆڕشگێڕی تازە دەسەڵاتداردا بە هەگبەپڕاو و تانانێت پۆیست دادەنرا، هەروەها بەڵشەفییەکانیش هەرلەم دیدگایەوە تیرۆری سوور لە دژی هەزە سپییەکان هەکدەخەن.

لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە سیاستی تیرۆری سوورەوە هەیە، ئەوەیە کە دوای هاپێینی مانگی ئۆکتۆبەر، بەرژوازی ناوخۆیی بە پشتیوانی و یارمەتی بوچانی بەرژوازی جیهانی، هەرشێکی سەرتاسەری و دەندانەیان بە سەر حکومەتی نوێ لە ڕووسیای سۆڤیەت دەستپێکرد . لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، برسێتی و نەبوونی پەداویستی خەڵک – کە بە هەی پاوانکردنەوە، کە بە شۆڕەیکی سەرکی هەکاری موژیکەکان* بوو، دەخێکی زەر ترسناکی لە سەرتاسەری ڕووسیادا دروست کردبوو- فشاری خستە سەر شۆڕشگێڕان، و تاکتیکی تیرۆری سوور لە ڕاستیدا وەڵام و کاردانەوەی حکومەتێکی شۆڕشگێڕی تازەپێگەیشتوو بوو دژ بە هەرشێکی سەرتاسەری لەلایەنی بەرژوازی و هەزە دژە شۆڕشگێڕە ناوخۆیی و جیهانی بوو. تیرۆری سوور وەڵام و کاردانەوە بوو بەرامبەر بە تیرۆری سپی و نەک جۆرێک لە لایەنگری سزای لەسێدارەدان لە دەخێکی بە شێ و ئاسایی

لەکەمەنگادا.
ئەم جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ پرسی ئازادیی سیاسیدا لە هەنگاوی بانگەشە و کەمپەینەوە و لەکەخستنی کۆمەڵگاشەوە بە بەدیهێنانی شۆڕشی سۆسیالیستیش زۆر گرنگە. لەمەوە لە یەکلاکەرەوەدا و لە پراکتیکی ڕۆژانەماندا دەبێت بەرجەستە و نوێنەری بەرگریکردن لە ئازادیی بە مرۆڤکان و هەوبەشەوونەوەی دەمارگیری و تابۆ و سنووردارکردنەکانی (وەک نەتەوەیی، ئایینی، ئەخلاقی و هتد) بین کە بەرژوازی لەسەر.ڕگای ئازادی دادەنێت. ئەم تەنها پرسەکی تاکتیکی-شۆڕشگێڕ نییە، بەڵکو بەتەواوی لەگەڵ ئایدیالی سۆسیالیستی و ئامانجی ئەمدا دەگونجێت، لەگەڵ ئایدیالی یەکسانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و یاسایی هەموو هاووڵاتیان و لەگەڵ ئەوکۆمەڵگای مرۆڤایەتییەی کە دەمانەوێت جێگەی کۆمەڵگەی چینایەتی بگرێتەوە. بە بزووتنەوە و حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری، تاکتیک و ستراتیژ، ئامانج و ئامرازەکان بە تەواوی یەکدەگرنەوە. ناتوانیت بڵای ئاستدا بگرێیت بە ئەوەی بگەیتە ئامانجەکی چەپ. بە گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی ئازادی، مەحاڵە ئازادی نەیاران زەوت بکرێت یان جڵادەکان لە سێدارە بدرێت. حکومەتە سەرکوتکەرەکان هەمیشە بە چەواشەی دژایەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و پیرۆزییەکانی ئایینی و هتد لە نەیارەکانیان داوە. حکومەتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار ناتوانێ ئەمجارە بە هەمان شێوە لە ژێر ناوی "دژە پرۆلیتاریا" و "دژە شۆڕشگێڕ" و "بورژوازی" و هتد بەردەوام بێت. ئەمە کەماری ئیسلامی زۆرێک لە نەیارانی خۆی بە چەواشەی "دژە شۆڕشگێڕ" دەنرێتە نێو دەیان سپێرێت بە دەستەی لەسێدارەدان. به پێچه وانه ی ئه م سیاسه ته به رده وامه ی هه موو حکوومه ته سته مکاره کان به درێژایی مێژووی کۆمه ڵگه ی چینایه تییەکان، حکوومه تی شۆڕشی کرێکاری ناچاره هه موو جۆره پیرۆزییه کان و تابو ودەمارگیر ییه کان له ناو ببات که له ژێر ناوی نه ته وه یی ، ئایین، ئەخلاق، تەنانەت شۆڕشیش. له ڕگه ی ئازادییه سیاسییه کاندا وه ستاون هەر لەو ڕۆژەوە کە دەگەیتە دەسەڵات، ئازادیی بە مرۆڤکان بەفەرمی بناسێ و جێبەجێی بکەن.

ئەم بەو مانایە نییە کە ڕگەگە بە هەڵە دژە شۆڕشگێڕکان بدرێت ئەو کارانە بکەن کە لە هەووی یاساییەوە لە کۆمەڵگادا بە تاوان دادەنرێت. هەوبەشەوونەوەیەکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئەم کردار و چالاکییانەی هەڵە دژە شۆڕشگێڕییەکان شتێکە کە لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ بە سەلماندن و نیشاندانی تاوانکانی ئەو هەڵانە ئەنجام بدرێت. تا ئازادیی سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی فراوانتردا بەدی بهێنرێن، مامەڵەکردن لەگەڵ چالاکییە دژە ئینسانییەکان و پیلانگێڕی

و تێکدانی هێزە دژە شۆڕشگێڕان ئاسانتر و کاریگەرتر دەبێت. ئەمش بە تایبەتی لە قۆناغێ شۆڕشگێڕیدا کاندا گرنگە – قۆناغێک کە حکومەت کە لە شۆڕشەوە دەردەچێت هەشتا لە ڕووی سیاسییەوە دامەزراوە. (لە بەشی داهاتوودا زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ڕوون دەکەمەوە).

لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە، ئازادیی سیاسییەکان لە پراکتیکی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاردا لە ئۆپۆزسیۆن و لە حکومەتدا جێگەیەکی گرنگیان هەیە. هەر دواکەوتنێک لە بەرگریکردن و بەدیهێنانی ئازادیی سیاسییەکان دەتوانرێت بە خەرایی وەک چەکێک دژ بە چینی کرێکار بەکاربهێنرێت. بە درێژایی مێژوو چینە دەسەڵاتدارەکان ئیستغلالکراوەکانیان سەرکوت کردووە و لە سەدارییان داوە. سنووردارکردن و نکۆلیکردن لە ئازادییەکان و سەرکوتکردنی هێزە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکان لەسەر بنەمای ئەوە و بە تایبەتی لە سەردەمی ئەمڕدا سەرکوتکردنی کەمینیستەکان، چەکێکی تیژکراوی کەمپەینگا چینایەتییەکانە بەرامبەر بە چینە ئیستغلالکراوەکان. ئەم چەکە تەمەن درێژی چینە دەسەڵاتدارەکان پتەویستە بە تەواوی پوچەڵ بکرێتەوە و لەکاربخرێت. حکومەتی کرێکاری تەنها بە ڕاتکردنەوەی ستەمکاری بە تەواوی دەتوانێت خێی و کەمپەینگا ئازاد بکات. هەر جۆرە دەست لەدانێک لە نرخیتی هەزاران سالەی سەرکوتکردن و لەسەدارەدان و نکۆلیکردن لە ئازادییەکان، بە هەر پاساوێکی تاکتیکی و هەر ڕەکارێکی کاتی، دواجار دەگەڕێتەوە بە خودی چینی کرێکار. ئەزموونی سەڤیەت نموونەیەکی مێژوویی ئەم ڕاستییەیە.

ئینسانەستی کەمینیستی و ئازادی بە هەموان
تایبەتمەندی و ناسنامەیەکی سەرەکی کەمینیزمی کرێکاری، ئینسانەستیکەیەتی. ئەم تایبەتمەندییە لایەنێکی دیکەی دەربینی سیمای دژە سەرمایەداری کەمینیزمی کرێکارییە. ڕەگ و بنەمای هەموو نەهامەتی و نادادپەروەری و هەڵاواردنەکانی سەردەمی ئەمڕ سیستەمی سەرمایەداریە ، هەر بیرۆکەیەکی بزووتنەوەی ڕەخنە و نەهێشتنی سەرمایەداری، واتە بزووتنەوەی کەمینیزمی کرێکاری، بزووتنەوەیەکی قووڵی مرۆڤدۆستانەیە بە ڕزگاری مرۆڤایەتی. چینی کرێکار ئازاد نابێت تا هەموو کەمپەینگا ئازاد نەکات و دەتوانێت ئەوەش بکات چونکە هەموو کەمپەینگا بەدەست هێزمووەی سەرمایەداریەوە دەناڵێنێت، سیستەمێک کە قازانج کردنە ناوەندی کارەکەی لە جیاتی بەختەوەری ئینسان. چونکە مرۆڤایەتی پتەویستی بە سۆسیالیزمە بە ڕزگاری، بە ئەوەی لە "کەمپەینگەی مەدەنی" تێپەڕێت کە لەسەر بنەمای هێزاری و چەوسانەوە و جیاکاری و نکۆلیکردن لە ناسنامەی ئینسانی خێک

دامەزراوە و بگاتە "کۆمەڵگای ئینسانی". کۆمەڵگای سۆسیالیستی ئەنتەرناتیفی چینی کرێکار تەنیا دژی سیستەمی سەرمایەداری نییە بەڵکوو بە درێژایی مێژوو دژی تەواوی کۆمەڵگا چینایەتیەکانە. سۆسیالیزم واتە ڕزگاربوون لە هەر جۆرە هەڵاواردن و نایەکسانی و ناعەدالەتیەکی چینایەتی کە بەهۆی دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگاوە دروست دەبێت.
جەختکردنەوە لەسەر ئەم تایبەتمەندییە ئینسانییەی کۆمۆنیزم لە فیکر و پراکتیکدا، لە تیۆری و بۆچوون و هەڵوێستە سیاسییەکان و لەوێش گرنگتر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پراکتیک و چالاکیی بانگەشەی کۆمۆنیستەکاندا، گرنگییەکی ژیانی و یەکلاکەرەوەی هەیە. مەبەستم لێرەدا ئەوە نییە کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم مشتومڕە بکەوێ و هەموون بکەوێ (بڕوانە "بنەمای شەشی سۆسیالیستی ئینسانی"، ئینتەرناشنال ٢١٨، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧). بەڵکو دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە کە خەوشیاری کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ئەم ئایدیاڵە و سیما مرۆڤدۆستانە و ناساندنی کۆمەڵایەتی هووخساری ئینسانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە چاوی جەماوەری چینی کرێکار و تەواوی خەڵکدا، لە هەمووی گرنگتر گرێنتی و پشمرجە بە هەگریکردن لە لادان و هەڵەیەکە کە دەبوێ هەی شکستی.ئەزموونی سۆڤیەت .

جەختکردنەوە و تایبەتمەندییەکی حیزب و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، سیمای ئینسانی سۆسیالیزم و کۆمەڵگای سۆسیالیستییە. لە هوانگەی ئەمەوە هیومانیزمی کۆمۆنیستی تەنها حوکم و پرەنسیپێکی تیۆری یان ئەخلاقی نییە، بەڵکو شتێکە کە بە شێوەیەکی کردەیی و ئاستوخە بەستراوەتەوە بە ئازادی چینی کرێکارەوە. هەروەک چۆن پابەندبوونی چینی کرێکار بە ئازادیی هەموو کۆمەڵگا تەنیا شتێکی ئەخلاقی و ئینسانی نییە، بەڵکو لەو ئاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەبێ ڕزگاری خودی کۆمەڵگا، چینی کرێکاریش ئازاد نابێت. بەبێ دانانی هیومانیزمی کۆمۆنیستی وەک میحوەر لە خەباتی چەڕانەدا، پراکتیک و خەباتی کردەیی کۆمۆنیستەکان بێ بەرەو وبێ بەرەەم دەمێنێتەوە، یان وەک شەشەمی ئۆکتۆبەر بەرەەمەکەی لەلایەن بۆرژوازییەوە دەچنرێت.

بەرگریکردن و پابەندبوونی کردەیی بە فراوانترین ئازادییە سیاسییەکان بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی گرنگی سیمای مرۆیی سۆسیالیزمە. سنووردارکردنی ئازادی بە چینی کرێکار یان هەزی شەشگەڵ، جا چ لە پێناسەی بەرنگاربوونەوەی بۆرژوازی و بە لابردنی سیاسی بۆرژوازی، یان بەتایبەتی دوایدەستەوەگرتنی دەسەڵات- بە

پاساوی تیرۆریزم و "ئازادی هەرزی شەشگەی" و سەرکوتکردنی دژە شەش".
" یان "ئازادی بە "خەڵک و سەرکوتکردن بە دژە خەڵک" و هتد – بە پێچەوانەی شەشگەیتی ڕواڵەتی خۆیەوە، لە ڕاستیدا خزمەت بە دژە شەش و بەرژوازی دەکات. لە ڕوانگەی میتۆدۆلۆژییەوە ئەم جۆرەکە لە ڕوانگەی میکانیکی و ڕووکەش بە خەباتی چینایەتی و تەنیا دەتوانێت بە قازانجی بەرژوازی کۆتایی پێبێت. سنووردارکردن و زەوتکردنی ئازادی لە هەر بەشێکی کەمەگا، شتێکی بەرژوازی و دژە کرێکاریە. نەک هەر چینی بەرژوازی، بەڵکو تەواوی چینە دەسەڵاتدارەکان بە درێژایی مێژوو، ئازادییان لە بەشێکی زۆری خەڵک، لە چینە چەوساوەکان، لە ژنان، لە کەمینە نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئایینییەکان و هتد و هتد زەوتکردووە. کەی جۆهەری پراکتیکی شەشگەیانەی چینی کرێکار، چ لە دەسەڵات و چ لە ئۆپۆزسیۆن، ئەو تایبەتمەندیە بە وێنەیەی کە شەشی کرێکاری دەکاتە "کۆتایی پێش مێژوویی کەمەگەی مرۆڤایەتی"، لە دانپێدانانی تیۆری و پراکتیکی یاسایی و ڕاستەقینەی ئازادیدایە بە هەموو خەڵک. چەپی تەقلیدی وکەمۆنیزمی ناکرێکاری کە پابەندبوونی پراکتیکی و تیۆری بە "ئازادی هەموو مرۆڤەکان" بە بابەتکی بەرژوازی و لیبڕاڵ دەزانێت، تەنیا وەهمی خۆی لە لیبڕالیزمدا نیشان دەدات و تەواو. بە کەمۆنیزمی کرێکاری، پابەندبوون بە ئازادی و ڕزگاری هەموو مرۆڤەکانەوە هەمان شەتە لەگەڵ چینی بەرژوازی و تەواوی سیستەمە چینایەتییەکاندا، کە ئەمڕۆ و بە درێژایی مێژوو تەنها بە سەرکوتکردنی خەڵک و پشێلکردنی ئازادیەکان سیستەمی چینایەتییان پاراستووە. چینی کرێکار ناچارە بە ئامانی ئازادی بە هەمووان شەتە لەگەڵ بەرژوازی بکات و دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵات، لە ڕۆژی دوای سەرکەوتنەوە، بەرفراوانترین ئازادیە سیاسییەکانی کەمەگا جێبەجێ بکات.

لەڕادا دەبێت وەڵامی پرسیارەکی گرنگ بدەینەوە کە بە تایبەتی لە پەوەندی لەگەڵ ئەزموونی خوێیدا گرنگە. پرسیار ئەوەیە ئایا هەڵە دژە شەشکان ئەو ئازادییانە لە دژی حکومەتی شەشگەیی تازەپێگەیشتووی خراپ بەکارناهێنن؟ گومانی تێدا نیە، وەک ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتدا ڕوویدا، هەڵە دژە شەشکان هەموو هەوڵەکیان بە شکستپێهێنانی شەش دەخەنەگەڕ و حکومەتی کرێکاریش دەبە بە هەموو توانای خۆیەوە بەرەنگاری ئەو هەوڵانە ببێتەوە.

حکوومەتی کرێکاری دەبە بەهەموو توانای خۆیەوە بەرگری چەکداریی هەڵمەتکانی دژە شەش و کردەوە تیرۆریستییەکانیان، پیلانگەیی و

تێکدانی سیاسی و ئابووریان – وەک ئەو شتومەک شاردنەوە بە گرانی کە لە دوای شۆشی ئۆکتۆبەرەوە هووێدا- لێت بکات، بەڵام هێگای ئەنجامدانی ئەم کارە نییە بە سنووردارکردن و زەوتکردنی ئازادییە سیاسییەکان. تیرەر، کەکردنەوەی شت بە گرانی، پیلانگێڕی و شۆڕشگێڕی چەکداری ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان ناگرێتەوە و بەرپەرچدانەوەیان ئەرکێکی تەواو هێگەپەدراو و یاسایی حکومەتی شۆڕشگێڕە. بەڵێزان ئەگەر ئازادییە سیاسییەکان هەبن، و ئەگەر هەز و لایەنێکی کەنەپەرستانە سەرهەڵای هەبوونی ئەو ئازادییانە تیرەر و پیلانگێڕی ئەنجام بدات، ئەوا دەکرێت بە دەسەڵات و دادپەروەری زیاتر و بە شێوەیەکی کاریگەرتر مامەڵە لەگەڵ ئەو کاروکردەوە دژە شۆڕشانەدا بکرێت. تێکدەری و پیلانگێڕی دژە شۆڕش دەتوانێ پاساو بۆخەیان بهێننەوە و وا خەیان نیشان بدەن کە ڕاست دەکەن نەک لەبەر بوونی ئازادیەکان، بەڵکو لەبەر نەبوونی و بە پێچەوانەوە بوونی ئازادییە سیاسییەکان هێگە بە حکومەتی شۆڕشگێڕە دەدات کە ناڕەوایی کارەکانی ئەم دژە شۆڕشانە نیشانە هەموو لایەک بدات و لە ئاستی فراواندا جەماوەری خۆیکدا لەدژیان کەبکاتەوە.

لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە جیاوازیی نێوان قەناغی شۆڕشە – کە ئەو حکومەتی تازە دەسەڵاتی بەدەستهێناوە خەبات دەکات بە ئەوەی لە هووی سیاسییەوە خەی جێگیر بکات و بەم مانایش شۆڕشەکە هێشتا بەردەوامە – و ئەو قەناغەی کە حکومەت سەقامگیر بووە و کەمەگا دەخێکی ئاسایی دەزیوەتەوە. سروشتییە کە شێواز و میکانیزمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ هەزە کەنەپەرستەکان لە قەناغی کاتی سەقامگیری حکومەتدا جیاوازە لە قەناغی دوای ئەوە و وەک پێشتر باسکرا چالاکییەکانی حکومەت لە قەناغی شۆڕشدا ناتوانرێت و نابە لەبەرچاو بگیرێن وەک حکومەتێک کە لە کەمەگەیەکی ئاساییدا دامەزراوە. بەڵام دەبێت جەخت لەسەر خاڵێک بکرێتەوە. لە ماوەی سەقامگیری دەسەڵاتی شۆڕشدا- کە هێنگە لە چەند هەفتەیکەوە تا چەند ساڵێک بخایەنێت- شۆڕش هێشتا تەواو نەبووە و هێشتا بەردەوامە و پێویستە حکومەت سیاسەتی تایبەت بگرێتەبەر بە چارەسەرکردنی کێشکان و پێشخستنی سیاسەتکان خەی ، لەوانەش مامەڵەکردن لەگەڵ پیلانی هەزەکانی دژە شۆڕش. ئەم سیاسەت و هۆشوهێنە تایبەتانە پێشوەختە هووێن نین و بەپێی هەلومەرجەکان دەگۆڕێن، بەڵام دوو پرەنسیپی گشتی لەم هووەوە دەکرێت جەختی لەسەر بکرێتەوە. خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ئەو حیزبە شۆڕشگێڕە یان ئەو هێزەی کە دەسەڵاتی بەدەستەوەگرتووە – واتە هەمان هەز و حیزبی هێبەری شۆڕش – دەبێت هەمان بنەماکان پەیڕەو بکات و هەمان میتۆدەکان لە سەردەمی شۆڕشدا بکاربهێنێت وەک چۆن لە سەردەمی شۆڕشدا بەکاری هێنا و پێش

دەستبەوگرتنی دەسەلات. واتە کەکردنەوە و نەکخستنی جەماوەری خەلک بە پشتبەستن بە شەرعیەت و دەسەلاتی شەشگەلانەی خەیان بە پشخستنی سیاسەتکانیان. بەم مانایە، تەنانەت لە قۆناغی کاتی حکومەتی شەشگەیشدا، هەرچەندە هەشتا یاسا و مافکانی خەلک لە کەمگەیەکی سەسیالیستیدا جگیر نەبوون و جێبەجێ نەکراون، بەڵام ئایدیاڵ و پرەنسیپە ئینسانیەکانی شەش و ئەدای شەشگەلانە هەشتا سەرپەرشتی کارەکان دەکەن لە حکومەتی تازە دەسەلاتدار. خاڵی دووەم ئەوەیە کە حکومەت بە هووننی و هاشکاوانە سروشتی تایبەتی ئەو نەوشوێنانەو ئامانجەکەیان بە خەڵک هوون بکاتەوە – واتە تێکشکاندنی بەرگری هەزە دژە شەشەکان و پشتاستکردنەوەی دەسەلاتی حکومەتی شەشگە. هەر جۆرە پاساوهێنانەوە و تێریزکردنی سیاسەتکانی حکومەت و ئەدای تایبەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ دژە شەشەکاندا وەک سیاسەتە بنەڕەتی و ستراتیژییەکانی دەوڵەتی سەسیالیستی و هەر جۆرە گشتاندنکی بە تایبەتمەندییە سیاسی و ئابووریەکانی سەسیالیزم، نەک تەنها لە درەژخایەن بەکو لە هەمان قۆناغی کاتی شەشگەیشدا، دەبەتە هەی ناکامی و شکست.

بەیەچ لە هووی پرەنسیپەوە و چ لە هووی پراکتیکەوە، پابەندبوون بە ئازادی و ئینسانیەت و مرۆڤدۆستی کەمانیستی ناتوانرێت و نابێ دەستبەرداری یان تەنانەت کەم بکرێتەوە تەنانەت لە ماوەی کاتی گواستنەوەی دەسەلات و لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەزە دژە شەشەکاندا. لەم قۆناغەشدا – وەک قۆناغی شەشگەی پێش خەی و کەمگەی سەسیالیستی دوای ئەو – بەرگریکردن و دەستبەرکردنی ئازادییە سیاسییەکان نەک هەر بابەتکی تیەری و ئایدیاڵ، بەکو پەویستیەکی کردەیی و پراکتیکییە.

پاشکی: وانەکان لە ئەزموونی سۆڤیەت
بە پێی ئەوەی وتراوە، هوونە کە بەستنەوەی شکستی شەشی سۆڤیەت و چەسپاندنی دیکتاتۆریەتی حیزبی، ئەوەی پێی دەوترێت ستالینیزم و تۆتالیتاریزم لە پەوپاگەندەی شەی ساردا، بە هەڵە و خراپ تێگەیشتنەکانی لینین و بەلشەفیەکان سەبارەت بە مەسەلەی ئازادی لەادەبەدەر هووکشە. بە تایبەت بە هەزەکی چەپ، هوونکردنەوەی ئەزموونی سۆڤیەت بەهەی هەڵەکانی لینین و بەلشەفیزمەوە، لەگەڵ ئەو بانگەشەیەی کە تا زیاتر ێیشەی کەشەی سۆڤیەت پاڵ بنێین بە دواوە، ئەوەندە ادیکاڵتر مامەڵەمان لەگەڵدا کردووە، وەک ئەوە وایە کەسێک هەوڵی ئیدیعای ئەوە بدات لە داروینیزم تێپەڕین پەویستە بگەڕێنەوە دواوە بە چیرۆکی دروستکردن و تیەری ئادەم و حەوا.

پراکتیزەکردنی بەلشەفیزمی کان لە سەردەمی شۆڕشی ئاوخۆ و لە مامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی سوپای سپیدا- سەرەڕای لاوازی و کەموکورتییەکانی- ئەگەر یەکلاکەرەوەی نەبوو لە جۆری دووەمت و تەواوی ئەو سەرخانە سیاسییەی کە لە سۆڤیەتدا پێکهات و سەقامگیر بوو دوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی ئاوخۆ. دیکتاتۆریەت و بیرۆکراسی حزبی لە سۆڤیەتدا بە کارکردنی سەرمایەی دووەمت پێویست بوو و لاوازی و هەڵەی بەلشەفییەکان لەو قۆناغەدا کە دواجار بووە هۆی شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، مامەڵەکردنیان نەبوو لەگەڵ پرسی ئازادی، بەڵکو لەوەدا بوو کە نەیانتوانی شۆڕشکی ئابووری چینی کرێکار دروست بکەن، بە هاوشانەوەی چوسانەوە و کاری بەکرێ و خاوەندارێتی تایبەت. لەهەمانکاتدا مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئازادیە سیاسییەکان وەک بابەتکی سەرخانی و نابنەڕەتی و لەگەڵدان بە بەکارهێنانی لەسەداردان و تاکتیکی تەقاندن و سەرکوتکردن لە کاتی شۆڕشی ئاوخۆدا، پاشخانی تیۆری و پاساوی دیکتاتۆری سەرمایەداری دەوڵەتی بەو جلوبەرگەوە دابینکرد لە بەلشەفیزم و لەگەڵ ئیدیعای سۆسیالیزم. نەک هەر بەلشەفیزم، بەڵکو تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەو سەردەمەدا هەڵە و ستراتیژکی ڕوون و دامەزراویان نەبوو لە بەرەنگاربوونەوەی لەسەداردان و لە بەرگریکردن لە ئازادیە بە کۆت ومەرجی سیاسیی و لە ئەنجامدا لەبەنبەر دەربەینی ستالینی لە ئازادی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا پارەزراو و ئامادەی شۆڕشی نەبوو .

لەسەر بنەمای ئەم هەڵسەنگاندنە پێویستە لە ئەنجامگیری و فەربوون لە ئەزموونی سۆڤیەتدا جەخت لەسەر چەند خاڵک بکرێتەوە. یەکەم: بەدیهێنانی ئابووریەکی سۆسیالیستی، ئابووریەک لەسەر بنەمای هاوشاندنەوەی کاری بەکرێ و سۆسیالیستی یان بەکۆمەڵایەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، و نەک هیچ جۆرە ئابووریەکی پلان بە داڕشراوی دەوڵەت بە پیشسازیکردن و گۆشکردنی هێزی بەرهەمهێنەرەکان و هتد. بنەما و گرێنتی بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانییە لە کۆمەڵگادا. لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، دەبێ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زێر پێش سەرکەوتنی خۆی، تایبەتمەندیە پێویستەکانی بە سەرکەوتنی سۆسیالیزم بدەست هێنابێت. تایبەتمەندیەکی گرنگ و چارەنووسساز ئەوەیە کە بە ڕەخنەیکی قوول و هەمەلایەنە و ئاشکراکردنی ئامانج و ئایدیالی بزووتنەوە چینایەتییەکانی دیکە، بزووتنەوە سەربەخۆخوازەکان، پیشسازیەکان و ڕیفەرمخوازەکان و هتد چەکدار بیت، ڕون وئاشکرا بوونی جیاوازیە بنەڕەتی وجۆهەری بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئەو بزووتنەوانەیە.

دووەم: حکوومەتی شۆڕشگێڕی کرێکاران تەنیا بە زامنکردن و پابەندبوونکی کردەیی بە ئازادیە سیاسییە هەمەلایەنە و فراوانکان (ئازادی قسەکردن، قەڵەم، ڕێکخستن، حیزبی، ناڕازایەتی و...) بە هەموو هاووڵاتیان دەتوانێت سۆسیالیزم جێبەجێ بکات. دواخستنی بەدیهێنانی ئازادیە سیاسییەکان یان دواخستنی بە دوای ئەوە، یان پشێلکردنی بە بیانووی بەدیهێنانی سۆسیالیزم، تەنیا دەتوانێت ڕێگا بە دووبارە زاڵبوونی سەرمایەداری (بە شێوەی دەوڵەت یان سەرمایەداری پلان بە داڕژراو و هتد) بکاتەوە.

و لە کۆتایدا سێیەم: لە گەیشتن بە سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی و بەدیهێنانی سۆسیالیزمدا، پراکتیکی کۆمەڵایەتی مرۆڤکان، کە لە شێوەی بزووتنەوە و حیزب و سەرکردە و هێزەوەکاندا دەردەکەوێت، ڕێکخەرەوەی هەیە. حکومەتکی کرێکاری کە توانای بەدیهێنانی سۆسیالیزمی هەبێت، تەنیا دەتوانێت دەرئەنجامی سەرکەوتنی بزووتنەوە و حیزبی کۆمنیستی بێت، کە بە درێژایی تەمەن و مەیدانکانی خەباتی دژ بە بەرژوازی، لە بیرکردنەوە و پراکتیکی خۆیدا سەرنجی لەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی داناوە.

کۆمنیزمی کرێکاری لە سەردەمی ئەمەدا، بە ڕێخنەی تایبەتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی لە ئەزموونی سۆڤیەت، بە کردەیی لە بەچوون و سیاسەتە شۆڕشگێڕیەکانی خۆیدا، دەرئەنجام و وانەی ئەم ئەزموونە مێژووییە کڵک وەردەگرێت. بە تایبەتی تیۆری بزووتنەوەکان، تیۆری دەوڵەت لە سەردەمی شۆڕشدا، ڕێخنە لە سەرمایەداری لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت – ڕێخنەی ڕادیکاڵانە لەوەی کە پێی دەوترێت "نەزمی جیهانی نوێ" -، تیشک دەخاتە سەر ماهیەتی دژە ئینسانی سەرمایەداری و ناساندن و ڕاگەیاندنی ئینسان و ئینسانیەت وەک بنەمای سۆسیالیزم و لە کۆتاییدا ڕووبەڕووبونەوەیەک بە کۆمنیزم وەک پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی و ڕێخنەیەکی پراکتیکی لە سەرمایەداری، وەک "ماتریالیزمی پراکتیکی"، و جەختکردنەوە لەسەر دەخالەت و ڕۆڵی دیاریکەر لە ئیرادە و خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵک و بەتایبەت لە ئاستی کردەییدا، پشتخستنی ئەم بەچوون و سیاسەتانە بە خەباتکی کارا و هەموو لە مەیدانە دژی سەرمایەداری، دژی ئایین، ناسیۆنالیزم، و هەموو ئەو نەهامەتی ر و هەژاوردن و نادادپەروەرییانەی کە سەرمایەداری سەرچاوەی هەمووانە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای دەستکەوتکانی ئەزموونی سۆڤیەت و لەسەر ڕێخنە ڕادیکاڵ لەو دامەزراوە. هەر لەبەر ئەم هەکارە پێویستە لینین و لینینیزم و ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر بە پێکهاتەیکی گرنگی

کەمەنیزمی کرێکاری و ئازموونێکی بەنرخ لە مێژوو و نەریتی ئەم بزووتنەوەیدا هێژمار بکرێت. *

حەمید تەقوایی
١٠ نۆڤەمبەری ٢٠١٥

ڕۆژگاری نادیدەیی.. نەژاد عزیز سورمێ

ئەو قورسایییە گەورەی هەڵی دەگرین ،
ئەو تیشکەیە لەگەڵ خەڵکی تردا نایبەشینەوە.
(یانیس ڕیتسۆس)

• دوو مەبەند ئەمڕۆ لە ئاوێنەی ڕووناکبیریماندا ڕەنگ دەدەنەوە ، مەبەندێکی تیشکاوێژ کە ڕوناهی بەتەنیا لەخۆیدا بەند ناکا ، بەڵکو تاڵ تاڵ و چەپك چەپك بەدەموروبەردا بڵاوی دەکاتەوە .. تیشك لەو مەبەندەدا هەمیشە نوێیە و بۆنی نان و بارانی لێدێ چونکە نامۆنێتەوە و پەنگ ناخواتەوە ، بۆیە ئەو مەبەندە هەمیشە سەرچاوەی پاکی و میهر و مرۆڤدۆستی و سرووشتپارێزی و ژیانە .. بەپێچەوانەی مەبەندی دووەم ، کە لەوەتەی هەیە)ڕووناکی) هەدەلووشێ بێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان عەکسی بکاتەوە.. ئەو مەبەندە بەهۆی کەڵەکەبوونی ڕوناهییەوە تیایدا بووە بە پەڵەیەکی ڕەش بۆی ، وێنەی دەمی چاڵە زبڵەك وایە هەردەم ڕوناهی هەدەلووشێ… تەنانەت لە تیشکی چاوی جگەرگۆشەی خۆشییەوە..! ئەم مەبەندە زیاتر لە بریندێکی پیس و ئاودز دەچێ لەوەی لە مەبەندێکی تیشك هەڵلووش!!

لە کاتێکدا مەبەندی یەکەم وێنەی ئەو کانییە ساف و زیوینەیە لە کەش وهەوا و سرووشتێکی دڵئاوێزەوە سەرچاوە دەگرێ ، بۆیە دەبینین بە پێچەوانەی مەبەندی دووەم ، مەبەندی یەکەم سەرچاوەی هیوا و خەوبینینە ، سەرچاوەی ژیان…

• ئەمە ، بڵواناکەم ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدەنگ ناهاوسەنگیی خۆمانەوە چووبین ، ڕەنگە هەبن بڵێن: ئینجا ئەمە گرانی و مەسیقامان بێ

چییە؟ ناکا بیرت بۆ ئەوە چووبۆ بەئاواز و گۆرانی دەگەینە کەنارێك؟..
ـــ ئاخر ئێمە ناهاوسەنگیمان لێرەدایە.. خەریکە گۆل و جۆگە و ڕووبارەکانیشمان بەگەرای)پەتا) و)بەربۆاوی) کوللەئادەمی دەبن بە کەنار.
ـــ ئەگەر دەوروبەرمان هەموو بوو بە)کەنار) چی بکەین؟
ـــ ئینجا چ دەکەین؟ زیاتر لەوەی کردوومانە ، مەگەر گۆرانی بۆ ئەو فرمێسکانەمان بڕێین لە ناخماندا گیر بوون ، بەو ئومێدەی هاوسەنگییەك بۆ ناهاوسەنگیمان بگەڕێنینەوە.

بۆ مافکردنی بۆ ڕێزیی، نیشانەکانی شەرپەنجەی دەسەڵات.. نەوزاد بەندی

لێم ڕاژانەدا وێزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان،دڕێت : کەس و کاری هیچ قوتابیەک مافی ئەوەی نیە بۆ ڕێزیی بۆ مامۆستا بکات !!

بە ڕاستی ئێم ووتەیە هەژاندمی و ئێم ووشانەی پێ هەڵشتم :

کەواتە لای جەنابتان (بۆ ڕێزیی) مافە !!! ..
با بۆ مەعالیتانی ڕاست بکەمەوە ، ئەگەر کەڵەگا بەربەریی نەبۆ و یاسا تیایدا سەروەر بۆ ، هیچ کەسێك بۆی نییە بۆ ڕێزیی بۆ هیچ کەسێك و ..بۆ هیچ گیاندار و ڕووەك و بۆ گیانەکیش بکات ..
ئەوانەی بۆ ڕێزیی لە هەڵەس و کەوتیاندا هەیە ، نەخێش وگەمژە و دڕندە و بۆ ڕەوشتن .. بۆ ڕێزیی ماف نییە ، دەخێکی قزەونی دەروونییە و .. لە پشت ئەستوور بوون بۆ پارەی دزراو و دەسەڵاتی گەندەڵ و ماوە بەسەرچووەوە سەرچاوە دەگرێت ..واتا بۆ ڕێزیی سنوور بۆزاندنەکی چەتە و دز و مافیا و ڕێگرەکانە ..نیشانەیەکی دیاری سیخوڕ و پیلانگێڕ و ئەفسەر لەگوڕ و جەلادەکانە ..
بۆ ڕێزیی مەرکی کەسانی پەروەردە نەکراوە ، کەسانێك کە بۆ فلتەری خوێندن و ڕەوشت ومرۆڤایەتی و داب ونەریتی کەڵەگادا نەچوون و ..وەك کەڵەگا دڕندەی کەویی ، زیانبەخش و زیانەخڕن ..

ـــــبە ڕەزیی وەک ئاو و کارەبا و گەشت و گوزەرانی باش ، ماف نییە هەتا بیدەن بە خەتان و لە چین و تورکیا و تورکمانی تری کەمەگای قەدەغە بکەن ـــــ
ئەو دەستاتی بە ڕەزیی بە ماف پەناسە ئەکات و ئەیداتە کەسانەک و لە کەسانەکی تری زەوت ئەکات ، ناتوانە هەنگاوەک بە بە گەلەگورگی حیمایە و چەکدار ، لە ووڵاتەکەیدا و لە دەرەوەی ووڵاتەکەیشیدا ، بنەت .. ناتوانە شەوەک بە ئاسودەیی و بە ترس چاو لەک بنە .. پارووییەکی بە ئارامیی لە قوڕگی ناچێتە خوار ، هەتا لە ناکاو وەک دەستاتە بە ڕەزە چێتەکان ئەبە بە ژەر پێی جەماوەری ڕەزنەگیرا و بەحورمەتی پێکراوەوە ..چونکە ئەو دەستاتە پێش هەمووان ، باش ئەزانە کە باجی بەڕەزیکردن زەر گرانە و ..نووسەرێکی وەک بەختیار عەلی ئەڵێت : هەکاری زەربەی شەش و شەڕ و پێکدادانەکان ، بە ڕەزیکردنە بە کەس و میللەتان ..

مەتەڵی باران.. بەختیار محەمەد

- 1 -

هەندێ جار باران
وەك نانی تیری
دەستی دایكم
زەوی دەشنێ،
تۆ بڵێی
دەستی خواوەند
لە دەستی دایكم بچێ؟
-2-
باران گێرانییەكە
خوا دەیچڕێ:
جارێك لاوكە
جارێك حەیرانە
جارێكیش بەستەیە،
هەندێك جاریش سروودی جەنگە
شەیتان ئاوازەكەی دادەنێ.

-3-
ئەمجارە باران
سەفەری حەج و عومرەی کردبوو
زۆری پێچوو
تا گەڕایەوە،
گشتمان چووین
دەستمان ماچ کرد
گوتمان بەخێر بێیەوە
حاجی باران.
-4-
کە زەوی دەبێتە کتێب،
باران دەبێتە وشە و
ئێمەش قەسیدەی
ئاو دەخوێنینەوە.
-5-
باران کە سەفەر دەکا
بێ سەر زەوی،
یەکەم جار
لە وێستگەی هەورەوە
پاسەپۆرتی با
نیشانی خوا دەدا،
ئەویش ێی پێ دەدا:
فەرموو، با بڕوا!
-6-
باران پزیشکە،
زەوی نەخۆش بوو
سەردانی کرد.
-7-
باران وتەی خوایە،
زەوی گوێی لێ ادەگرێ.
-8-
باران حەقیقەتی ئاوە،
ئاویش حەقیقەتی بوونە.
-9-
باران وشەیە،
ئاو قەسیدەیە.
-10-

هەور شاعیرە،
شیعری ئاو
بۆ زەوی دەنووسێ.
-11-
هەموو ڕووبارێك
قەسیدەی درێژە،
هەموو دەریایەك
هۆنراوەی عیشقە،
هەموو ئاقیانوسێكیش
جوانترین پەخشانی خوایە.

بەختیار محەمەد

گرنگییەکانی چیرۆکی فۆلکلۆری لە ئەدەبی منداڵاندا.. ڕزا شوان

زاراوەی فۆلکلۆر، وشەیەکی لێکدراوە لە (فۆلک + لۆر) ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە. یەکەمیان مانای (خەڵک) یا (گەل) دەگەیەنێت. دووەمیشیان مانای (چیرۆک، ژیر، هونەر، زانست) دەگەیەنێت. بەگشتی هێندە لە توێژەران، ڕسنایەتی زاراوەی فۆلکلۆر بە وشەی (فۆلکسشین) ی ئەمانی دەگەنێنەوە، کەو واتای (چاولێکردنی خەڵک) دەگرێتەوە. عەرەبیش بە (التراث الشعبي) ناویان بردووە.
چەند پێناسەیەک بە چەمکی فۆلکلۆر کراوە، وەکو:
فۆلکلۆر: بریتییە لە کەمەک لە داب و نەریت، لە بیروباوەڕ، لە چیرۆکی میللی، لە هەڵپەکەی میللی، لە گۆرانی فۆلکلۆری، لە پەند و قسەی نەستەق، لە ڕووداو، لە ئەفسانە، لە داستان، لە یاری، لە متەڵ، لە دیرۆک، لە جلوبەرگ، لە هەنراوە، لە خشە، لە موزیک، لە حیکایەت، لە بابەتەکانی سیرامێک، لە نەریتی زەماوەند و بووک گواستنەوە، لە

نەریتی کشتوکاڵی، لە ...هتد. کە بە زارەکی لە نەوەیەکەوە بە نەوەیەکی تر گواستراونەتەوە، تا گەیشتوون بە نەوەی ئەمڕۆ. بە نووسین و گۆڤاری دەشگەزرانەوە بە نەوەکانی داهاتووش.
(ولیەم نەڤەر) دەڵێت: "فەلکەر پەندی گەلێ یا زانستی خەڵکە".
هەندێکی تر بەوە پێناسەی فەلکلۆر دەکەن کە: بڕەهەمی هەزری و دەستی گەلێ، لەگەڵ داب و نەریت و ئەدەبی میللیی. یا ڕەنگدانەوەی بەها ڕۆشتیبەکانی کەمەڵگایێ.
زاناکان پێیانوایە، کە فەلکلۆر و ئەم داب و نەریتانە، هەر ئەو نین کە گوزارشت لە خەیاڵ و لە ئارەزووکان و لە ڕۆشت و لە بەها مرۆییەکانی مرۆڤ دەکەن، بەڵکو فاکتەرێکی گرنگیش بە لێکەینەوە لە کەمەڵە سەرتاییەکان و تێگەیشتن لە مێژووی هەمەلایەنەی بەها کولتوورییەکانی ئادەمیزاد. هەر گەلێکیش خاوەنی فەلکلۆری تایبەتی خۆیەتی و سیمای نەتەوەیی پێوە دیارە و دەیپارێزێت و شانازی پێوە دەکات.

بە زیادەیی، گەلی گوردمان یەکێکە لە گەلە دوورماندەکانی جیهان لە فەلکلۆری هەمجۆردا. خاوەنی سامانێکی لەبن نەهاتووی فەلکلۆری هەمەڕەنگی ڕەسەنی کوردیین، کە مەک و شەقڵی تایبەتی نەتەوەیمانی پێوە دیارە و تا ئەمڕۆش کاڵ نەبونەتەوە، کە لە ژیانی کوردەواری و لە سروشی جوان و ڕەنگینی کوردستانەوە بەرجەستە بوونە. ئەوەی کە تا ئەمڕۆش داگیرکەرانی کوردستان زۆفریان پێنەبردووە فەلکلۆری ڕەسەنی کوردیمانە. پێویستە بە شێوەیەکی زانستی و ئاکادیمی جڕەکانی فەلکلۆری کوردیمان تاماربکەین و بە ئەرشیفیان بکەین، بە ئەوەی لە مەترسیی لەبیرچوونەوە لەناوچوون بیانپارێزین. بشبن بە سەرچاوەیەکی گرنگی لێکەینەوە و توێژینەوە بۆ نەوەکانی داهاتوومان.
گرنگی فەلکلۆر لەوەدایە، کە هەکارەکی گرنگە بە گواستنەوەی زانست و کولتوور لە نەوەیەکەوە بە نەوەیەکی تر. بەو پێیەش کە کولتوور سەرچاوەیەکی ڕاکەشانی گشتیارانە، بە ئارەزووی زانین و ئاشنابوون بە کولتووری تازە و تاقیکردنەوەی ئەو شتانەی کە پێوەندییان بەم کولتوورەوە هەیە. وەک: خواردنەکانیان، داب و نەریتیان، جلوبەرگی نەتەوەیان، هەڵپەڕکێ میللییان، موزیکیان، گۆرانییان، شتەکانی تریش. ئامۆژگاری دەبێتە هەی هاندان بۆ هاریکاریکردن و سوودوەرگرتن و ڕاگەینەوە لە

نەوان کولتوورە جیاوازەکانی گەلانی جیهاندا.

فەلکلار هەرکەسێک بە گۆرانیدانی رابردوو و ئێستا و داهاتوو. کە زامنی پاراستنی ئەم کولتوورە بە ماوەیەمان بە دەکات.

فەلکلار جۆر و شێوەی زۆرە، زۆر لە هونەرەکان لەژێر ناوی فەلکلاردا ریزبەندی کراون و دەکرێن. هەواداركی زۆریشیان هەیە.
فەلکلار گرنگترین زێی بەخەڵک، کە بە بەردەوامی دەژێتە ناو روباری ئەدەبەوە. ئەدەبی فەلکلاریش، بە بەرهەمی کەسەک و دووان دانانرێت، بەڵکو دەرێتە پاڵ هەموو میللەتەوە. بەرهەمی ساڵەک دوو ساڵیش نییە، بەڵکو لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا سەریهەڵداوە. کوردستانیش یەکەم لانکی رەسەنترین شارستانییە لە جیهاندا، دوور نییە کە دێرینترین فەلکلار لە جیهاندا رەسنایەتی بە گەلی کوردمان بگەیەنێتەوە.

ئەدەبی فەلکلاری کوردیمان، ناسنامەی رەسنایەتی و دێرینی نەتەوەی کوردمانە، کە رەنگدانەوەی ژیانی گەلی کوردمان و سروشتی جوانی کوردستانە، بناغەیەکی بتەو و رەسەنی ئەدەبی تازەی کوردیمانە. گەمانی تێدا نییە، کە ئەمەمان لەسەر پەرگەمای دونیمان چنراوە. ئەدەبی فەلکلاری کوردیمان، بەزمانەکی ساکار و رەوانی کوردی باس لە هەموو پێکهاتە ماتریالییەکان و واتاییەکانی نەتەوەی کوردمان دەکات. بەشێکی گرنگیش لە کولتوور و لە میژووی هەزاران ساڵەی گەلی کوردمان لەسەر خاکی کوردستانمان. پاشماوە و شوێنەوارە دێرینەکانمان گەوای ئەم راستییەن.
لەم نووسینەمدا، تەنیا باس لە رەڵ و لە گرنگییەکانی چیرۆکی فەلکلاری لە ئەدەبی منداڵاندا دەکەم. چیرۆکی منداڵان بەشێکی سەرەکییە لە ژیانی منداڵان و چێژ و خۆشییەکی زۆریان پێدەبەخشێت، هەکارێکی گرنگ و ئاسانیشە لە فێرکردن و لە پەروەردەکردنی دروستی منداڵان. چیرۆکی منداڵان گرنگترین و کۆنترین ژانرە لە ئەدەبیاتی منداڵاندا. چیرۆک وانەیەکە لە وانەکانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ئەمریکا.

چیرۆکی فەلکلاری هەندە جار بە (چیرۆکی میللی) یش ناو دەبرێت، زمانەکی سادە و رەوانی هەیە. پاڵەوان و کاراکتەرەکانی چیرۆکە فەلکلارییەکان، مرۆڤ یا ئاژەڵ یا باڵندە و شتی بە

گیانن. یا شتی ئەفسانەیی ناواستین، وەکو: جنۆکە، دێودرنج، چەتەوە، شومقار، قەقنەس، ئەرژەنگ، سیمرخ، ئەسپی باڵدار هەتد. کە بە کوردی و بە زمانەکانی کەش قسەدەکەن. هەر وەکو مرۆڤیش هەست دەکەن. بەڵام مەرجیش نییە، کە هەموو چیرۆکی ئاژەڵان و باڵندە، چیرۆکی فۆلکلۆری بن. زۆر لە چیرۆکنووسانی ئەمڕۆش، پاڵەوان و کاراکتەری چیرۆکەکانیان ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەری ترن. خۆم چەند چیرۆکێکم نووسیوە و بەاومکردوونەتەوە، کە پاڵەوان و کاراکتەرەکانیان باڵندە و ئاژەڵن. حیکایەت و نەزیلە کۆنەکانیش هەر جارەکەن لە چیرۆکی فۆلکلۆری. ئەم چیرۆکانە لە دەر زمانەوە، پشتاوپشت و دەماودەم بە زارەکی لە باوباییرانمانەوە بەمان ماونەتە.

لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، بە دەیان چیرۆکی فۆلکلۆریمان بە منداڵان هەیە، وەکو: تیتیلە و بیبیلە، مریشکە خان دەچێت بە شاری شووکردن، ئاژدیها و کوڕە ئازاکە، کاکەڕەزەین، دەنکە هەنارە، بەختیار و بەدبەخت، مریشکە قوندە و مام هەمەر، چەرخوفەلەکە ئەفسووناویەکەی پیرەژن، کچەشوان و شازادە... هەتد. هەندە جاریش بە (چیرۆکەکانی گوێئاگردان) ناودەبرێن. کە لە زستانانی سەخت و ساردا، لەگەڵ خواردنەوەی چای گەرمدا، چیرۆکخوان (باپیرە یا داپیرە) بە شەوازێکی خەش و فانتازییەوە بە جگەرگۆشەکانیان دەگوانەوە، سەرەڕای خۆشی بەخشین، سوودەکی زۆریشیان بە منداڵان هەبوو. بەگومان چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان چ بە منداڵان و چ بە گەورەکانیش، تەنیا بە خۆشی و کات بەسەردبردن نەبوون، زۆربەی ئەو چیرۆکە فۆلکلۆریانە، پەیامێکی بەرزی ڕەوشتی و پەروەردەییان لەخۆگرتوون. پەرەنسیپ و بەهای بەرزیان تێدایە، وەکو سەرکەوتنی: چاکە بەسەر خراپەدا، ئاشتی بەسەر شەڕدا، خۆشەویستی بەسەر ڕقدا، ئازایەتی بەسەر ترسدا، هیوا بەسەر نائومێدیدا، ژیری بەسەر گەمژەییدا، هەڵز بەسەر بە هەڵزیدا... هەتد. ئەم چیرۆکانە پەیشن لە زانست، لە ئامێژگاری، لە ڕێنمایی بەسوود، لە هاوەڵتی، لە دەسەزی، لە خاکی، لە ڕێزگرتن، لە وانە و لە پەند و لە قسەی نەستەق. ئەم بەها بەرزانە، پەیامەکن بە نەوەی تازە. منداڵان ئیلهام و پەند و وانەیان لەوفەردەبن. فەری بەهای بەرز و ڕەفتاری جوان دەبن. فەری کەمەک وشە و زاراوەی تازە دەبن. هەوادار و هەگری خوێندنەوەی چیرۆکی فۆلکلۆریش دەبن.

زربەی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان خەیاڵی و ئەفسانەیین و لە چیرۆکە بنەڕەتییەکانی منداڵانن. گوزارشت لە رووداو و لە راستییەکانی ژیانی مرۆڤ دەکەن. هەندێکیان تەز و رۆخنەئامێزن و ناڕاستەوخۆ پلار و توانج و رۆخنە لە دەستەڵات و لە ستەم و لە زۆرداری و لە نادادپەروەری دەگرن. یان خووشکانی مرۆڤ ئاشکرادەکەن.
(ئەلبێرت ئانشتاین) دەڵێت:"گەر دەتەوێت منداڵەکانت زیرەکبن، چیرۆکی خەیاڵییان بۆ بخوێنەوە.. گەر دەتەوێت زیرەکتربن، چیرۆکی خەیاڵی زیاتریان بۆ بخوێنەوە".
(ج. نیتسترۆن) یش دەڵێت:"چیرۆکی خەیاڵی بۆ منداڵان ناڕەت ئۆژدیها هەیە، چونکە منداڵان دەزانن کە ئۆژدیها هەیە. چیرۆکی خەیاڵی بۆ منداڵان دەڕەت لەوانەیە ئۆژدیها کوشندەبێت".

بەشی زۆری ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییانە، سەرچاوەیەکی گرنگن، بۆ پەروەردەکردنی دروستی منداڵانی ئەمڕۆمان، بۆ گەشکردن و زاخاودانی هۆش و هەزر و هەست و بەهرەکانیان. چیرۆکی ئاژەڵانیش، چیرۆکی هەمایین، بۆ نموونە:
ڕووی هەمای فڕۆبازییە، سەگ هەمای بۆ ئەمەکییە، پشیلە هەمای بۆ ئەمەکییە. شێر هەمای زۆرداریە. گورگ هەمای دڕندەیی، چەقۆ هەمای چڵکنییە، مار هەمای بێدخوویی و نەگریسییە، مێ هەمای بۆ دەستاتییە،.. هتد. بەڵام ئەم خەسڵەتانە گشتی نین، دەشێ شێر دادپەروەربێت و سەگیش ناپاکی بکات.
هەر هەموو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانیش مەرج نییە بۆ منداڵان گونجاوبن. هەندێکیان بۆ کارەسات و کوشتن و مردن و تراژیدیا کەتاییان پێهاتووە، ئەم چیرۆکانە لەبارنین بۆ منداڵان، پێویستە دەستکاری بکرێن و لەسەر و دابەزرێن، کە بۆ منداڵان بگونجێن. چیرۆکەکانیش بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی هەبژێرێن.
پەموایە کە نموونەی چیرۆکی ئەفسانەیی بۆ منداڵان لە هەموو جیهاندا، چیرۆکە ئەفسانەییەکانی، نووسەری یۆنانی (ئیزوب: ٦٢٠ـ ٥٦٤ پ.ز) کە بە (باوکی چیرۆکە ئەفسانییەکان) لە جیهاندا ناسراوە. نزیکەی شەش سەد ساڵ پێش زایینی نووسیویانە، لەوانەش لەسەر زاری خەڵکی وەریانی گرتووبن و بەشەواز و شێوەیەکی ئەدەبی و بە زمانەکی سووک و ساکار دایانشتوون. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی تازەی منداڵان، بەڵام تا ئەمەش چیرۆکەکانی ئیزوپ

چیژ و گرنگییان کا نەبوونەتەوە. وەریان گەڕاون بە سەر هەموو زمانەکانی جیهان. هەندێک لەو چیرۆکانە لە ئەمڕۆشدا، بوونە بە بابەتی کتێبی خوێندنەوەی قوتابخانەیی و لە هەموو جیهاندا دەخوێندرێن. بۆنموونە: مەرووڵە و کوللە، گورگ و بەرخەلە، ڕێوی و کەشکەشێر، ڕێوی و لەقلەق، ڕێوی و قەلەڕەش، ڕێوی هێشووە تڕە، شێر و مشک، شێری ساختە، شوانە درۆزنەکە، کەبوونەوەی مشکان، هێز لە یەکێتی دایە، کچەڵەی خەیباز و شیرۆکەی. لە دوای ئیزوپ، چیرۆکەکانی (بیدپای) ی هیندی (کلیلە و دمنە) دێن. ئینجا چیرۆکەشیعرۆکانی نووسەری فەرەنسی (لاڤۆنتین: ١٦٢١ــ ١٦٩٥) دێت، تا دەگاتە چیرۆکەشیعرۆکانی میری شاعیرانی عەرەب (ئەحمەد شەوقی ــ کە بە ڕەسەن کوردە).
لە ئەدەبی کوردیشدا چیرۆکە شیعرۆکانی پیرەمێرد و فایق بێکەس و هەژار موکریانی. کە لە چیرۆکەکانی ئێزۆپ و لاڤۆنتینەوە وەریان گرتوون و بە چەژنکی کوردی و بە زمانێکی ناسک و شیرین و ئاسان، بە چیرۆکەشیعر بە منداڵانی کوردیان داشتوون.

چیرۆکی فەلکلۆری کە بریتییە لە کەمەک لە چیرۆکە خەیاڵی و ئەفسانەییەکان، بەشێکی گرنگە لە ئەدەبیاتی منداڵان. زۆر لە نووسەرانی جیهانی بە کەڵکردنەوە و نووسینەوەی چیرۆکی فەلکلۆری منداڵان ناوبانگیان دەرکرد، لەوانە: برایانی گریمی ئەڵمانی (یاکوب و ولیام گرین) و (پێتەر ئاسبیورسن و یۆرگن مۆ) ی نەرویجی. کەڵەک نووسەری جیهانیش (هانز کریستیان ئەندەرسین: ١٨٠٥ــ ١٨٧٥)ی دانیماکی، لە نووسینی چیرۆکەکە ئەفسانەییەکانیدا، سوودێکی زۆری لە چیرۆکە فەلکلۆری و ئەفسانەییەکانی دانیمارک وەرگرت. بەگومان نووسەرانی کوردیشمان، چیرۆکی فەلکلۆری کوردییان قەستوونەتەوە و سوودێکی زۆریان لە چیرۆکە فەلکلۆری و کلاسیکییە کوردییەکانمان وەرگرتوون و ڕەنگدانەوەیان لە نووسینەکانیاندا هەیە.
دەکرێت لە تەمەنێکی زووی منداڵیدا. منداڵانی کوردمان هەگبە و ئاشنای جیهانی چیرۆکی فەلکلۆری بکەین، لە گەڕانی یاریکردن بێت یا لە باخچەی منداڵاندا. یا لە قوتابخانەی بنەڕەتیدا بێت، لە ڕاستیدا زۆر لە منداڵان و لە گەورەکانیش، هەست بەوە ناکەن، کە ئەو گەمە و یارییە سادە و سووک و سەروادارانەی، کە لە سەرەتای منداڵیدا فێریان دەبن و دەیاکەن، کە جۆرێکن لە ئەدەبی فەلکلۆری کوردیمان. بۆ نموونە: هەللوور بەللوور تەکامە… زەرد و سوور و شەمامە.

حاجیلەقلەق مار هات… ماری زەنگۆدار هات. پەم سە دەستم سە.. شەکری عەمبارانم سە. حل حلی بل بلی.. چاوی ئشتووە بە کلی. هەیاران مەیاران… خوایە داکاتە باران.
لە راستیشدا چیرۆکە فۆلکلۆرییە زارەکییەکان، لەبەر ئەوەی تەمار نەکراون، بۆیە دەقی ئەرجینالی و نووسەریان نییە. تا بەم سەردەمەش گەیشتوون گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەر هاتووە، بەشێکی زۆریشیان لە یادچوونەتەوە و لەناوچوون.
بە نموونە بە کورتی باس لە چیرۆکی (مەروولە و وکوللە) دەکەین، کە یەکێکە لە چیرۆکە فۆلکلۆرییە ئەفسانەییەکانی چیرۆکنووسی یۆنانی (ئیزوپ) بە منداڵان، کە نزیکەی (۲۵۰۰) ساڵ پێش ئێستا نووسیوەتی. بە دەستکارییەوە لە ئینگلیزییەوە وەرمگێڕاوە بە کوردی. من بە شەوەی دیالێگ دامەشتووە.

مەروولە و کوللە

مەروولەیەک بە درۆزایی وەرزی هاوین، خەریکی کارکردن بوو.. دانەوێڵە و میوەی کۆدەکردەوە و دەیبردەوە بۆ ماڵەکەی و بۆ زستان کەی دەکردنەوە.. بەڵام کوللەیەک کە لە نزیکی ماڵی مەروولەکە بوو. هەر خەریکی یاری و گەرانی وتن بوو.. خەی لە گەڵای سەوزی دارەکان تێردەکرد، بەڵام هیچی بۆ زستان کۆنەکردەوە.
پایز هات و گەڵای دارەکان وشکبوونەوە و وەرین.. زستان هات و باران و بەفر بارین.. رۆژێکی زۆر ساردی زستان بەفرێکی زۆر باری و زەویی داپۆشی. مەروولەکە باکی نەبوو، بایی وەرزی زستان دانەوێڵە و میوەی کۆکردبەوە. بەڵام کوللە تەمەڵەکە، هیچی نەبوو بیخوات، لەبرسا خەریکبوو بمرێت.. مەروولەکەی بیرکەوتەوە. چوو بۆ ماڵی مەروولەکە و لە دەرگای ماڵەکەی دا.
مەروولەکە: کێیە وا بەم رۆژە ساردە لە دەرگای ماڵەکەم دەدات؟
کوللەکە: منم هاوڕێی خۆشەویست و بەڕێزم.
مەروولەکە: لە کوێوە بۆ هاوڕێی خۆشەویست و بەڕێزم دەزانیت..؟ لەبیرت چۆتەوە کە چەند جارێک ڕێت لێگرتم و گاڵتەت پێدەکردم و پێم پێدەکەنیت؟! بۆ چی هاتووی؟
کوللەکە: زۆم برسییە و خەریکە لەبرسا بمرم.
مەروولەکە: ئەی بۆ درۆژی وەرزی هاوینی رابردوو چیت دەکرد؟
کوللەکە: بۆ درۆژی هاوینی رابردوو، گەرانیم دەوت و

یاریم دەکرد.
مەروولەکە: دەبێ بە درۆزایی ئەم زستانەش هەر هەڵپەڕێ و سەمابکە.. ئاوەشت لەبیرنەچێت، ئاوی کارنەکات و بیر لە داهاتووی نەکاتەوە.. بە برستی سەردەنەتەوە.
ئەم چیرۆکە فەلکلۆرییە ئەفسانەییە، وانەیەکی فێرکردن و پەروەردەیی باشی بە منداڵان تەدایە، هانی منداڵان دەدات بە کەششکردن و هەوڵدان، تا لە تاقیکردنەوەکاندا دەربچن و بگەن بە هیوا و ئامانجەکانیان. هەر قوتابییەکیش کەشش نەکات و تەمەڵی و تەوەزەلی بکات و پلانی بە داهاتووی نەبێت و کارەکانی ئەمڕۆ بخاتە بەیانی و کاتی خوێندنی بەفیێدەبدات. لە تاقیکردنەوەکاندا دەرناچێت. پێشیمانیش بە سوودە.
ئەم چیرۆکە فەلکلۆرییە ئاو پەندە جوانە کوردییەشی لەخۆگرتووە کە دەڵێت:
"دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە"

رەزا شوان
دوبەی: ٢٠٢٣

ئاوارانە ١٩.. سەردار جاف

لالەک، بە مەستییەوە
هەموو ئاوارییەک گەرانی بە مانگ دەچێ
زەردەی خەر، بە دارشەقکەوە سەرچەپی گرتووە
ئەستێرە، لەو بەردەم سەرما،
بە زریوە زریوەوە لە چەپەزانە
هەور، بە حیلکەحیلکی پکەنینەوە سپیپێشی نواندووە
با، بە هەنسک و لە تک گریانەوە
زەماوەندی خرەشاندووە
شەو، فووی لە جرای ئاوابوون کردووە
لە گەڵ هەموو تاریکییەک
هەستکانم دەفڕن
دەبنە پەپوولە و مانگ دەدوێنن
چراخانە لە ئاسمانەوە ژووری نوتکم ڕەشن دەکاتەوە

تیشکەنا نە دەبەتە سروود و لە گەرووی لاوە چریکەی دە
مەشخەنا نە ئامبازی ئیشق دەبە
هەشتان لە ئاسۆ سەری دەرنەئەناوە
نە لە سەز و هەستیی هیچ کەسکەو هەدە
نە دەنگی وەک سەدای ئەو زایەی دە
ئەوارە فاوەژکی بە سەلیقەیە و
لە قاوە تاکەما
بەختی مەست مەستیم بە مانگەو بە خونەتەو
باران لە بن سەیوانیشەو
تەواوی جەستەمی سپیپەش کردووە
لە کەناری پیریا دەمبینەتەو
با هەروەک جاران لە گرژنەو هەم ناتکەنە
سەبووری دەبەخشە و دەنەواییەکە و ئازای بەدەن بە نەرمە هەناسەیەک
غلەری ئەودیوی گەوگاەیم دەکاتەو
شەو و تاریکی لە گەە مانگ ئالووذم دەکەن
تا گەرانی لاەکە بەردەوام بە
ئەو دەبەتە تریفە و منیش خەرمان
هەروەکو جاری جاران ، ختوکەم دەدا
بە ئاوابوون لە شەهلا و ئەو دیو سنوورم دەباتەو
بە بیرت دە کە دەمگوت تە خەشەویتسترین کەسمی کەسکەم

ئەمانیا
۲۰۲۳ / ۳ / ۲

بیرەوەرییەکانی فەقییەکی گومڕا-(51)- شەماڵ بارەوانی

بەشی 51

ئیسرائیل ۲۰۲۲ی دەووخەت!

بیرمە مانگی ەەمەزانە بوو، لە دەی چل هەوزە مەلابووم، وتاری ئەوارانی ەەمەزانەم بە دەدان. باسی فەەستین و قودسم بە خەکەکە

دەکرد و یەک حەماسەت و عاتیفەی دینی منی گرتبوو، هەر مەپرسن !

دەمگوت: سەبرەن سەبرەن، یا یەهود، جەیشو موحەمەد سەوفە یەعود.

خوشک و برایانم: ئەمە، یان سبەی، زوو، یان درەنگ، دەوڵەتی سەهیونیەت(مەبەستم ئیسرائیل)بوو، لەناودەچێت و لەسەر دەستی کانی سەلاحەدینی ئەیوبی، دنیابن، دووبارە قودسی بریندار و داگیرکراو، لە ژێر چنکی جووی خەبیس ڕزگار دەکەین.

موسەمانان وەک لە ڕیوایەتێک هاتووە، پەیامبەرمان دەفەرموێت، کە دار و بەردیش لە دژی ئەو جووەکە ترسنۆک و پیسانە دەڵێ گە، پەیامبەر دەڵێت:(هەژی دوایی نایەت، تاکو موسوەمانان جووڵەکەکان دەکوژن، کاتێک موسوەمانێک دەیەوێت جووڵەکەیەک بکوژێت، جووڵەکەکە هاوار دەکات بە پشت هەر درەختێک و بەردێک، خەی بشارەتەوە، درەخت و بەردەکە، دەنە گە و دەڵێن: ئەی موسوەمان، ئەی بەندەی خودا، وەرە ئەوە جووڵەکەیەکە لەپشتەمن خەی حەشارداوە، بیکوژە! تەنها درەختێک نەبێت، کە ناوی غەرقەدە، درەختی جووڵەکەیە)★

ئامادەبوانی مزگەوت، هەموو دەیانگوت: ئەڵاهو ئەکبەر.

جا درەیکیشم دەکرد و دەمگوت: ئەستا جووڵەکە لە ئیسرائیل هەمووی خەریکی هاواندنی ئەو درەختەیە، تەنانەت هەرچوار لای ئیسرائیلیان بەو درەختی غەرقەدە تەنیوە و هەموو ماڵێک غەرقەد دەوەنێت و لە ئەمەی موسوەمان زیاتر باوەیان بەو فەرمودەی پەیامبەرمان هەیە، کەوام گوت. ئەوجارە هەمووی پێکەوە گوتیان (اللهم صلي على سيدنا محمد)هاهاها.

موسوەمانان، دەزانن لەمژە جووڵەکەی کێکە مار، دەستیان کردووە بە بینەوەی دارزەیتونی خوشک و برا فەلەستینییەکانمان و لە شوێنیدا ئەو غەرقەدە کافر بابە دەوەنن؟

خوشک و برایانی ئیماندارم، هەندەی نەماوە و بەهێنی اللەی تەعالایە و هیچ قسە لەسەرکردنێک و گومانێکی تەدانییە و دەتەجە و دەوڵەتی داگیرکەری جووڵەکەی پیلانگێڕ، لە ساڵی(٢٠٢٢) دەووخێت★.

ئەوجارە هەرخەم: سوبحان اللە لە گەورەیيت خودایە! قادر هەرخەتی خودایە، بەهەز و دەسەاتدار هەرخەتی یا اللە.

لە ڕاستیدا من ئەو مەسەلەی دەرخت ڕواندنەی غەرقەدم لە نامیلکەی نووسەر و بانگخوازێکی ئیسلامی خوێندبووەوە، درەیک دوو مەتر بوو،

من دوو مەتری تریشم بۆ زیاد کرد و گوتم گرنگ کاریگەری دروست کەم و حەماسەت و عاتیفەی دینی خەڵکی پێی فوڵ کەم و هەستی دژە جولەکەیان بوروژێنم.

ئیمامی حەنەفی دەیگوت: ڕیوایەت لە مەککە بستێک بێت، تا دەگات بۆ عێراق دەبێت بە مەترێک !

منیش ئەوەندە، مەترێک بوایە، دوو مەتریترم پێوە دەنا.

لەپڕ، پیاوێک مام(ک…) گوتی: ئائا بەیشی عەلی باپیری، کاکە مەلا ئیسرائیلمان بۆ دەروخێنێت و قودس ئازاد دەکات.

مام(ک…) کەسێکی زۆر کەمەدی و قسە لە ڕوو و ناخ پاک بوو و زۆریش کەیفی بە من دەهات و زۆر لەمانی ئەوان نانم دەخوارد و ئەو کەسێکی یەکێتی بوو وەک حیزب، ئەوکات تازە بزووتنەوەی گەلان دروست ببوو.

هاشوهووشی ئەو بزووتنەوەیە هەموو وەاتی تێنی بوو. خەڵکێکی زۆر وەک فریادڕەس و تێنانێت هەبوو وەک گیڤارا و غاندی و ماندێلایەکی کوردی سەیری(نەوشەروان مستەفا)یان دەکرد و ئومەدی زۆر و خەونی بەشوماریان لەسەر بزووتنەوەکە هەڵچنیبوو.

مام کەریمیش مەیلی بە گەلان هەبوو و هەر مەدحی نەوشەروان و گەلانی دەکرد و سەری زمان و بنی زمانی نەوشەروان بوو لای من، گوتم با منیش جەوی بگرم و لە میزاجی بدەم و تێڕەی خەمی لە بکەمەوە، بەرپەرچم دایەوە و گوتم: نانا، نەوشیروانێ چەپ، بە ماچکردنی کتێبەکەی دەستی یا شێخ، قودس ئازاد دەکات.

ئامادەبووان هەموان دەستیان کرد بە پێکەنین.

.. …

⋆في صحيح البخاري، عن أبي هريرة أن النبي قال: (لا تقوم الساعة حتى يقاتل المسلمون اليهود، فيقتلهم المسلمون حتى يختبئ اليهودي من وراء الحجر والشجر، فيقول الحجر أو الشجر: يا مسلم يا عبد الله هذا يهودي خلفي، فتعال فاقتله). وزاد فيها (إلا الغرقد، فإنه من شجر اليهود).

⋆ئەو ڕووخانەی(دەوڵەتی ئیسرائیل)یشم پێشووتر، لە وتاری مەلایەک گوێ لێ ببوو !